Saib City
www.saibco.com

# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٠) سێشەممە ٢٠١٠/١١/٣٠ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار


# لە سەردەمی کابینەی شەشەمدا وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی داڕووخاوە

ئەلەند مەحوی

بەپێی نوێترین ئاماری پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکانی وەبەرهێنان لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە، پارێزگای سلێمانی بەبڕی (١) ملیارو (٨٣٦) ملیۆن دۆلار لەدوای هەولێرو (٤٢٨) ملیۆن دۆلار لەدوای دهۆکەوە دێت، لە کاتێکدا ساڵی (٢٠٠٨) سلێمانی لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا لەپێش هەولێرو دهۆکەوە بووە.

ئەو ئامارەی دەستەی وەبەرهێنان، کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە دەریدەخات؛ کە ساڵی (٢٠٠٦) بە بڕی (٤٣٨) ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە، ساڵی (٢٠٠٧) ئەم پارەیە گەیشتووەتە (١) ملیارو (١٩) ملیۆن دۆلار، ساڵی (٢٠٠٨) لە بەرزترین ئاستدا گەیشتووەتە (٢) ملیارو (٨٨) ملیۆن دۆلار، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ئاستی وەبەرهێنان دابەزیوە بۆ (٩٦٧) ملیۆن دۆلار، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، کە لە ساڵی (٢٠١٠)داو لە سەردەمی کابینەی شەشدا ئاستی وەبەرهێنان دابەزیوە بۆ نزمترین ئاست لەماوەی (٤) ساڵی رابردوودا، کە (١٩٣) ملیۆن دۆلارە، لە کاتێکدا لە ئەمساڵدا ئاستی وەبەرهێنان لە هەولێر (٢) ملیارو (٢٩) ملیۆن دۆلار بووەو لە دهۆکیش (٦٢١) ملیۆن دۆلار بووە.

**لە ژمارەی داهاتوودا ڕاپۆرتێک لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە**




## گۆڕان داوای ئیستیحقاقی نەتەوەیی دەکات

ڕۆژنامە


بزووتنەوەی گۆڕان لە کاتی دانوستانەکانی بۆ وەرگرتنی وەزارەت لە بەغدا، سەرباری ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، داوای ئیستیحقاقی نەتەوەییش دەکات.

لە دوێنێوە شاندی بزووتنەوەی گۆڕان کە پێکهاتوون لە: د.شاهۆ سەعیدو سەردار عەبدوڵڵا، بۆ دانوستان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی مالیکی، لە بەغدا دەستبەکاربوون، بە مەبەستی وەرگرتنی پشکی بزووتنەوەکە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان جگە لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان، داوای ئیستیحقاقی نەتەوەییش دەکەین بۆ کورد، لەکاتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکاندا».

وتەبێژی گۆڕان، هۆکاری ئەو داوایەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە کورد نەتەوەی دووەمە لە عێراقداو ئەمجارەش بەهۆی هەڵەی پێشووی نوێنەرانی کوردەوە، ژمارەی کورد لە پەرلەمانی عێراق کەمتر بووەو پۆستی وەزارەتیشی کەمتر بەردەکەوێت».

## بارزانی هۆشداریی دەداتە وەزیرەکان



ڕۆژنامە

بۆ یەکەمجار لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، مەسعود بارزانی پەیامێکی توندی ئاراستەی سەرۆکو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم کرد، وتی: «لێتان قبووڵ ناکرێت، لایەنگریی بۆ لایەنەکانتان بکەن».

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو جێگرو تەواوی وەزیرەکانی کابینەکەی کۆبووەوە.

بارزانی، وتی: «ئەمڕۆ پێویستە پارتیو یەکێتی ببنە دوو حیزبی مەدەنیی، ئەم وەزعەمان بۆیە دروستکرد بۆ ئەوەی وەزیر ببێتە وەزیرو کاتێک بڕیار دەدات، هەموو لایەک پێوەی پابەندبن، هەر وەزیرێک لە ئەرکەکەی لایەنگریی لایەنەکەی خۆی بکات، با لە ئێستاوە واز لە ئەرکەکەی بێنێت، ئەگینا لێی قبووڵ ناکرێت».

هەرچەندە ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە، بە دیاریکراویی ئاماژە بە کەمتەرخەمیی هیچ وەزیرو وەزارەتێک نەکراوە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک بۆ «ڕۆژنامە»ی باسکرد، قسەکانی پشت ڕاگەیاندن بەرامبەر وەزیرەکان توندتر بوون.

شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، وتی: «بمانەوێتو نەمانەوێت، هەندێک وەزیرو بەرپرسی حکومیی لەخوارەوە بە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتیی ڕەفتار دەکەنو ئیدارە بەڕێوەدەبەن، ئەو پەیامە ئاراستەی ئەوان بوو».

دلشاد شەهاب، جێگری فراکسیۆنی کوردستانیی پێیوایە؛ وتەکانی سەرۆک بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران لە کاریگەریی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، وتی: «ئەم پەیامە بۆ پشتگیریی داوای ئۆپۆزسیۆنە».

**وردەکاریی زیاتر لە ل (٤و٥)دایە.**

## لە هەڵبژاردنی مامۆستایاندا لیستی دەسەڵات خرووقات دەکات

ڕۆژنامە

لە (١٠) ڕۆژی ڕابردووی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، بەرپرسانی پەروەردەییو حیزبیو مامۆستایانی سەر بە یەکێتیو پارتی چەندین پێشێلکارییان ئەنجامداوەو هاوکات مامۆستایان ڕووبەڕووی هەڕەشەو ئیجرائاتکردن بوونەتەوە، لە بەرامبەردا وەزارەتی پەروەردە هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە.

لە ڕۆژی (١١/٢٠)ەوە، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکردووەو لەو ماوەیەدا چەندین خرووقاتو پێشێلکاریی بەرامبەر مامۆستایان ئەنجام دراوە، کە دیارترینیان (سەردانی قوتابخانەکان لەلایەن بەرپرسانی حیزبییەوە، بانگهێشتکردنی بەڕێوەبەرو مامۆستایان بۆ بارەگا حیزبییەکان، ڕاگرتنی دەوامی قوتابخانەو خوێندنگەکان، کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر لایەنی سیاسیی مامۆستایان، هەڕەشەکردن لە مامۆستایان، دەرکردنو گواستنەوەی مامۆستایان، بەکارهێنانی پۆستو کەلوپەلی حکومیی بۆ بانگەشە، هەڵواسینی دروشمو بانگەشە لەنێو قوتابخانەکاندا).

لەم ڕووەوە بەهۆی لایەنگریی بۆ لیستی مامۆستایانی سەردەم، م.هیوا سدیق، بەڕێوەبەری قوتابخانەی «پاریاوڵە» لە کەلار لەسەر داوای بەرپرسی کۆمیتەی پێبازی یەکێتی لەسەر کارەکەی لاپرا، هەر لە گەرمیان م.سەرکەوت ئەحمەد، پاڵێوراوی لیستی مامۆستایانی یەکگرتوو لە قوتابخانەکەی گواستراوەتەوە».

**بۆ ل٦**

## (٤٦٩) کەس سزای سیاسییان لەسەر هەڵنەگیراوە

بەرهەم خالید

سەرەڕای بەڵێنی سەرۆکی حکومەتو ئەو بەڵێنەی لە بەغدا بە گۆڕان درا، تا ئێستا (٤٦٩)کەس سزای سیاسییان لەسەر ماوەو بەشێکی ئەو کەسانەشی مووچەیان بۆ گەڕێنراوەتەوە، قەرەبووی مانگەکانی پێشوویان بۆ نەکراوەتەوە.

پەیام ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان فراکسیۆنی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکان، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، (٢٠)نانبڕاو بەپلەی ڕاوێژکار، مووچەی مانگی (١١)یان بۆ گەڕێنرایەوە، لە کاتێکدا دەبوو وەک هاوکارەکانیان، لە مانگی حەوتەوە مووچەیان پێ بدرایە.

وتیشی: مووچەی ئەو ڕاوێژکارانە لە مانگی (١١)ەوە خەرجکراوەو ئەو پارەیەشی کە پێیان نەدراوە، لە چوارچێوەی ئەو قەرەبووەدا دەیاندرێتێ کە داوامانکردووە بۆ سەرجەم نانبڕاوەکان خەرجبکرێت، باسی لەوەشکرد: سەرجەم ئەو نانبڕاوانەش کە تا ئێستا گەڕاونەتەوە، قەرەبووەکەیان وەرنەگرتووەتەوە.

لە لێدوانەکەیدا، پەیام ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو: داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، قەرەبووی نانبڕاوەکان لە زووترین کاتدا خەرجبکرێت، وەک سەرۆکی حکومەت پێشتر بەڵێنی دابوو، هەروەها بەو بەڵێنەی لە بەغداش پێیاندرا، چونکە تا ئێستا (٤٦٩) کەس هێشتا فەرمانەکەیان نەگەڕاوەتەوەو چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنی حکومەتین.



# زیاتر لە ساڵێکە، کارنامەی حکومەت نەگەیشتووەتە پەرلەمان

هەنگاوهاشم- هەولێر

تا ئێستا حکومەتی هەرێم، کارنامەی خۆی ئاڕاستەی پەرلەمان نەکردووەو پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، بەبێ ئەو کارنامەیە ناتوانن چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەن.

زیاتر لە چارەکێک لە تەمەنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێپەڕیوەو تا ئێستا کارنامەکەی نەگەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی متمانەداندا، هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت، بەڵێنیان دابوو کە لەماوەیەکی کورتدا، کارنامەی حکومەت بگات بە پەرلەمانتاران بۆ پەسەندکردنی.

کوێستان محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تا ئێستا کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەگەیشتووەتە پەرلەمانی کوردستان، کە پێویست بوو لە پێش متمانەداندا بەحکومەت کارنامەی حکومەت بهاتایە بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی متمانەداندا بە حکومەت، سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت، بەڵێنیان دا، لەماوەیەکی کورتدا کارنامەی حکومەتیان بەدەست بگات.

وتیشی: ماوەی زیاتر لەساڵێکە ئەو پەرلەمانەی متمانەی بەحکومەت داوە، کارنامەی حکومەتی نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەی یاداشتی وەبیرهێناوەشمان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە.

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، ئاماژەی بەوەشدا: پێویست بوو، پێش متمانەدان بە حکومەت، کارنامەکەی بگەیشتایەتە پەرلەمان، بۆئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تاوتوێی بکەنو دواتر خاڵ بەخاڵی دەنگدانی لەسەر بکرایە، وتیشی: «پەرلەمان ناتوانێت چاودێریی حکومەت بکات، لەکاتێکدا کارنامەکەی پەسەند نەکردبێت».

# یەک دەفتەر دۆلار وەک قەرز دەدرێت بە گەنجان

شارا عەبدولڕەحمان

لە ڕێگەی پرۆژەیەکەوە بڕی (١٠٠٠٠) دۆلار قەرز دەدرێتە ئەو لاوانەی کە پیشەیەک دەزانن، بەڵام توانای داراییان نییە بۆ بەجێگەیاندنی.

هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان وەزیری ڕۆشنبیریی‌و لاوان‌و نوێنەری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی‌و ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەی قەرزی بچووک بە لاوان تاوتوێکراو ئاماژە بە گرنگیی پرۆژەکە کرا لە کەمکردنەوەی بێکاریی لە کوردستاندا.

سەردار ڕەشید، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو پرۆژەیە پێشنیاز کراوە بڕی پێدانی قەرز بە لاوان (١٠٠٠٠) دۆلار بێت‌و ئەو کەسانە بگرێتەوە کە پیشەیەک دەزانن، بەڵام توانای داراییان بە جۆرێک نییە کە بتوانن پرۆژەیەک بەجێ بگەیەنن، وەرگرتنەوەکەشی بە جۆرێک دەبێت کە لەگەڵ قازانجی دەستیی پرۆژەکەدا بگونجێت.

ئەو پەرلەمانتارە گرنگیی ئەو پرۆژەیەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی، کە جگە لەو کەسەی کە قەرزەکە وەردەگرێت‌و سوودی لێدەبینێت، هاوکات چەندین کەسی تریش لەسەر ئەو پرۆژەیە دەچنە سەرکار، وتیشی: «پرۆژەکە هێشتا پەسەند نەکراوەو بە پەسەندکردنی دەتوانێت ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستان کەمبکاتەوە».



# گۆڕان: دەبێت ڕێککەوتنەکانی بەغدا ببرێتە پەرلەمانی کوردستان

# ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان حساب بۆ پەرلەمانی کوردستان ناکات

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕێککەوتنەکانی خۆی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراق ناباتە پەرلەمانی کوردستان، لە کاتێکدا کە بەپێی کارنامەی ئەو ئیئتیلافە پێویستە بەرنامەی ئیتیفاق لەسەر کراو و چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکان بگەیەننە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی.**
**پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش ئەوە بە پشتگوێخستنی پەرلەمان وەک مەرجەعی خەڵکی کوردستان دەزانێت.**

بەپێی بڕیاری ژمارە (یەک)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمان، دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان مەرجەعە بۆ پرسە چارەنووسسازەکان‌و پێویستە پەرلەمان دوابڕیار لەسەر ئەو پرسانە بدات کە پەیوەندیدارن بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵام ئیئتیلافەکە نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمان‌و سەربەخۆو بێ ئاگاداریی مەرجەعیەتی خەڵکی کوردستان، کە پەرلەمانە، ڕێککەوتنەکان ئەنجام دەدەن.

د.نەجمەدین کەریم، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم ئیئتیلافە بە ئاگاداریی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێکهێنراوە، بۆ ئەمجارەش نوێنەری سەرجەم لایەنەکان، کە خەڵکیان هەیە لە پەرلەمانی عێراقدا، جگە لە گۆڕان دانیشتووین، ئەو شاندەی کە پێشتر دانرابوو کە دانوستان بکات لەگەڵ بەغدا دا هەر هەمان شاندە بۆ ئەم بابەتەش کۆبوونەوە دەکات، کە نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی تێدا بەشدار دەبن، جگە لە گۆڕان: «بەڵام گۆڕانیش وتوویەتی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەموو یەک ڕاین، لەبەر ئەوە لێرەدا کێشەیەکی گەورە نابێت».

سەبارەت بە نەگەڕانەوەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق وتی: «پەرلەمانی کوردستانیش نوێنەری هەموو کوردی تێدا نییە، ئەگەر بێیتە سەر ئەو خاڵە، چونکە نوێنەری کەرکوک‌و خانەقین‌و موسڵ لە پەرلەمانی کوردستاندا بوونیان نییە».

سەبارەت بە نەگەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو ڕێککەوتنانەی ئیئتیلافەکە ئەنجامیداوە، نەجمەدین کەریم، وتی: «دەبێت سەیری واقیعەکە بکرێت، ئەم کارانە بە پەلە دەکرێت، ڕۆژانە دانوستان دەکرێت، مەوزوع دێتە پێشەوە، ڕێککەوتن دەبێت، ناکرێت هەر خاڵێک قسەی لەسەر کرا بێتە پەرلەمانی کوردستان‌و لەوێ باس بکرێت‌و دەنگی لەسەر بدرێت، ئێمە کاتمان کەم بەدەستەوە ماوە، کارەکان بە شێوەیەکە کە مەجالی ئەوە نییە، ڕاستە کەس نارازیی نییە لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان تەماشای ڕێککەوتننامەو پۆستە دیاریکراوەکان بکات، بەڵام واقیعەکە بەو شێوەیەیەو ئێمەش دەبێت واقیعبینانە بۆ شتەکان بڕوانین».

هاوکات فراکسیۆنی گۆڕانیش بەنیازە بە جیا گفتوگۆ لەگەڵ مالیکی، سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت بکات سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت‌و ئەوانیش تائێستا دیار نییە، کە ئایا گفتوگۆکان دەبەنە پەرلەمانی کوردستان، یان نا؟

د.لەتیف مستەفا، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد: کە لە کارنامەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا هاتووە: ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت پرسی چارەنووسسازەو پێویستە ببرێتەوە پەرلەمان، «بەڵام ئێمە لە ئیئتیلافەکەدا نەماوین، بۆیە ئەگەر لایەنە کوردییەکان بیانەوێت بەشداریی بکەین لە حکومەت‌و لەگەڵ ئەوان بمێنینەوە، ئەوا دەبێت لەگەڵمان دابنیشین‌و ڕێکەوین، ئەو کاتە ئامادەین هەموو ڕێککەوتنەکان ببەینەوە بەردەمی پەرلەمان، بەڵام کە ئەوان پرس نەکەن‌و بە کەیفی خۆیان تەسەڕوف بکەن، ئەو کاتە ئێمە چۆن ڕێککەوتنی تاک لایەنەی خۆمان وەک کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق ببەینەوە پەرلەمانی کوردستان».

سەبارەت بە شکاندنی کارنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و نەگەڕانەوەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی: «مانای ئەوەیە کە ئەو ئیئتیلافە هەر شتێکی شکڵییەو یەکێتی‌و پارتی هەر لە سەرەتاوە ئیمانیان پێ نەبووە، ئەمە جگە لەوەی کە جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە گۆڕان کارێکی باشیکردووە کە کشاوەتەوە لەو ئیئتیلافە.

نەبردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە بۆ پەرلەمان بە بڕوای لەتیف مستەفا، «سەرپێچیکردنی بەرنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و پشتگوێخستنی پەرلەمانە وەک مەرجەعی خەڵکی کوردستان‌و نییەتی ڕاستەقینەی یەکێتی‌و پارتی دەردەخات، کە ئەوان لە سەرەتاوە تەنیا ئەم ئیئتیلافەیان دروستکردووە، بۆ ئەوەی بڵێن؛ کورد لەژێر باڵی ئەواندا کۆبووەتەوە، ئەگەرنا نەیانویستووە بەرنامەکە جێبەجێ بکەن، بەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ دادوەریی کشانەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە دەردەکەوێت».

هەرچەندە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پرسی ڕێککەوتنی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا نەبردووەتە پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام پەرلەمانیش تائێستا بانگهێشتی ئەو ئیئتیلافەی نەکردووە بۆ لێپرسینەوە لە پشگوێخستنی‌و باسکردنی وردەکاریی ڕێککەوتنەکان».

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی زانی کە پەرلەمان وەکو مەرجەعیەتێک هەر پرسێک پەیوەندیی بە کێشەی کوردو ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردنەوە هەبێت، یان بەشداریکردن بێت لە ئاستی عێراقدا، بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان پەرلەمان سیفەتێکی ڕاوێژکاریی هەیە بۆ زۆر پرس، بەڵام لە کوردستان ئەوە فەرامۆش کراوە.

لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە بە پێویستی زانی پەرلەمان کارتی خۆی‌و فشاری خۆی بەکاربێنێت، بۆ ئەوەی هەر پرسێک پەیوەندیی بەوەوە هەبێت لێپرسینەوەی لەسەر بکات: «پەرلەمان بە هەموو پێکهاتە جیاجیاکانەوە ئەرکیەتی هەر کێشەیەک پەیوەندیی بە میللەتەکەوە هەبێت‌و پرسێکی گرنگ بێت، بە شێوازێکی یاسایی داوا بکات لایەنی پەیوەندیدار بێتە پەرلەمان بۆ پرسیارکردن‌و هەڵسەنگاندنی، بەڵام کە نەیکردووە بێگومان لە کەمتەرخەمییەوە بووە».



حاکم لەتیف شێخ مستەفا



د.نەجمەدین کەریم

> د. نەجمەدین کەریم:
> پەرلەمان نوێنەری هەموو کورد نییەو ناکرێت بۆ هەر خاڵێک بگەڕێینەوە پەرلەمان

هەڕەشە توندەکەی بارزانی، وەزیرەکان لە بێگاری حیزب رزگار دەکات؟ 4

# مامۆستایانی سەردەم لەسلێمانیو گەرمیان پێشبینی بردنەوە دەکەن

پشتیوان سەعدوڵلا


وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم ئاشکرایکرد: کە لیستەکەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان هەڵبژاردنەکە دەباتەوەو لە هەولێرو بازنەکانی تریش ململانێی بردنەوە دەکات.

رۆژی پێنجشەممەی داهاتوو، مامۆستایان هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ کۆنگرەی (١٢)ی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە بەشداریی نزیکەی (١١٧)هەزار مامۆستا ئەنجامدەدەن، کە هەڵبژاردنەکە بە لیستی داخراو و فرەبازنەیی بەڕێوەدەچێتو (١٢) لیست کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی نزیکەی (٤٠٠)کورسی کۆنگرەکە.

م. سەنگەر فایەق، وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم بۆ رۆژنامە وتی: «لە سنووری هەردوو بازنەی سلێمانیو گەرمیان زۆربەی مامۆستایانی سنوورەکە بەڵێنی سەرخستنی لیستەکەیان پێداوین و بەدڵنیاییەوە یەکەم دەبینو دەیبەینەوە».

وتیشی: «لە سنووری پارێزگای هەولێریش منافیسی سەرەکیی لیستی دەسەڵاتینو ململانێی بردنەوە دەکەین».

ئەوەشی خستەڕوو؛ «ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی بەدوای خۆیدا دەهێنێتو جارێکی تر یەکێتیی مامۆستایان دروستدەبێتەوە، بەشێوەیەک کە ئەو رێکخراوە زۆر جیاواز بێت لە یەکێتیی مامۆستایانی ئێستا».



فۆتۆ: پشتیوان

# جارێکی دیکە سەرژمێریی دوادەخرێت

پشتیوان سەعدوڵلا

هەرچەندە (١٢/٥)بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق دیاریکرابوو، بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراق هیچ بڕیارێکی نەداوەو هاوکات، جێبەجێکاری سەرژمێریی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان، رایدەگەیەنێت کە پرۆسەکە جارێکی تر دوادەخرێت.

مەحمود عوسمان، جێبەجێکاری سەرژمێریی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: پێشتر پارێزگاری نەینەوا، خولی راهێنانەکانی کارمەندانی پرۆسەکەی راگرتو هۆکار بووە لەبەردەم ئەنجامدانی سەرژمێرییو تا ئێستاش رێگرە، لە (١١/٢٢)، لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق کۆبوونەوەیەک بۆ ئەو مەبەستە کراو چەند پێشنیازێک بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە بۆ ئەوەی بڕیارێکی تر بدات بۆ ئەنجامدان، یان دواخستنی سەرژمێریی.

وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا بەڕەسمیی هیچ بڕیارێک نەدراوە، بەڵام پرۆسەی سەرژمێریی دوادەخرێتو لەکاتی خۆیدا ئەنجام نادرێت، چونکە هەندێک لایەن هەن کە دژ بە پرۆسەی سەرژمێرییینو رێگریی بۆ دروستدەکەن».

سەبارەت بە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد: ئێمە پابەندین بە دەستوورو لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێرییداینو هەموو ئامادەکارییەکانمان بۆ ئەو مەبەستە کردووە.

# حکومەت چەند ژمارە تەلەفۆنێک تەرخان دەکات بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت

شارا عەبدولڕەحمان

بەڕێوەبەرێتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە رێگەی چەند ژمارە تەلەفۆنێکەوە هاوکاریی ژنان دەکەن لە چارەسەرکردنی کێشەکانیانو ئاگاداربوون لەو توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت.

کوردە عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: (٩٠٠٠) پۆستەرمان لە هەموو پارێزگاو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، کە سەرجەم ژمارە تەلەفۆنی بەڕێوەبەرێتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنانی لەو شوێنانە تێدایە، کە بە هۆیەوە ژنان دەتوانن لە کێشەکانیانو ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت ئاگادارمان بکەن.

ئاماژەی بە گرنگیی بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارانەش کردو وتی: «ژنی وا هەیە لە کاتی بوونی حاڵەتی توندوتیژییەکدا کە بەرامبەری کراوە پێی خۆش نییە، یان بۆی ناگونجێت کە بێتە بەڕێوەبەرێتیو نووسینگەکانمان، بەڵکو بە تەلەفۆن ئاگادارمان دەکاتەوە، ئێمەش بە دەنگییەوە دەچین، جاری واش هەبووە کە بە تەلەفۆن کێشەی ژنمان چارەسەرکردووە، تەنانەت هەر بە تەلەفۆن ژنمان لە خۆسووتاندن رزگار کردووە، چونکە ژن هەبووە لە کاتی داڕووخانی دەروونیدا بووەو ویستوویەتی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، بەڵام پەیوەندیی بە ئێمەوە کردووەو ئێمەش لە رێگەی پسپۆرە دەروونییو کۆمەڵایەتییەکانمانەوە هەوڵی باشترکردنی باری دەروونیمان داوە تا لە بڕیارەکەی پاشگەزمان کردووەتەوە».

هۆکاری بیرکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارە تەلەفۆنانەش لە لای کوردە عومەر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو لایەنانەی تایبەتن بەو مەسەلانە پێویستە خۆیان بەدوای کێشەکاندا بگەڕێنو لە رێگەی تەلەفۆنێکیشەوە کە کەسی قوربانیی بەکاریدەهێنێت، ئەو بەدوادا گەڕانە ئەنجام دەدرێت، هەربۆیە وتی: «لە کاتی بوونی حاڵەتێکی توندوتیژیدا با ژنان تەلەفۆنمان بۆ بکەن».

ژمارەی بەڕێوەبەرێتیو نووسینگەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە پارێزگاو شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش بەم شێوەیەیە: (هەولێر ٠٧٥٠٧٥٩٨١٧٢، ٠٦٦٢٥٦٧٢٧٢، دهۆک ٠٧٥٠٧٨٥١٨٨١، ٠٦٦٤٥٦١٣١٥، سلێمانی ٠٥٣٣٢٩٣٠١٥، ٠٧٧٠٨١٥٦٧١٩، گەرمیان ٠٧٤٨٠٢٧٥١١٦، ٠٧٤٨٠٢٧٥٠٨١، سۆران ٠٧٥٠٧٠٧٧٨٣٣، ئاکرێ ٠٦٢٧٨٠١٩٧٧، شارەزوور ٠٥٣٨٨٤٢٤٢٧، ئامێدی ٠٦٢٧٦٣٠٨٩٢، زاخۆ ٠٦٦٤٥٦١٣١٦، رانیە ٠٥٣٨٤٤٤١٣٤)و ژنان دەتوانن لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر کێشەیەک، یان توندوتیژییەکدا پەیوەندییان پێوە بکەن.

# (٥٠٧) خێزانی مەسیحی ئـــاوارەی کـــوردستـــان بـــوون

رۆژنامە

تا ئێستا (٥٠٧) خێزانی مەسیحی باشوورو ناوەڕاستی عێراق ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: تا ئێستا (٥٠٧) خێزانی مەسیحی بە مەبەستی پاراستنی گیانیان روویان کردووەتە هەرێمی کوردستانو (٨٥) خێزانیان لە سلێمانینو ئەوانی تریش لە ناوچەکانی دیکە نیشتەجێبوون.

هەروەک بڕیاریش دراوە، بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچو کۆچبەران لە وەزارەتی ناوخۆو ئەندامێتی نوێنەری پارێزگاو کڵێساو فەرمانگەی ئامارو بەڕێوەبەرێتی تەموینو نوێنەری راگوێزراوەکان، لیژنەی پێشوازیی لە ئاوارە مەسیحییەکان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم پێکبهێنرێت.

دوای ئەنجامدانی تەقینەوەکەی کەنیسەی (سیدە نجات) لە بەغداو زنجیرە پەلامارەکان بۆ سەر مەسیحییەکان، دەیان خێزانی مەسیحی لە بەغداو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئاوارە بوونو بەشێکی زۆریان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.


کەنیسەی ماریوسفی کلدانی لە سلێمانی
فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

# دەیان کەس بێ هەڵبژاردن دەبرێنە کۆنگرەی سەندیکای تەندروستییەوە

رۆژنامە

گرووپی فشار، لەسەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی، ئاشکرای دەکات کە یەکێتیو پارتی بێ هەڵبژاردن (٣٤) کارمەند دەکەنە ئەندامی کۆنگرە، کە دەکاتە دەنگی (٣٤٠٠) ئەندام.

لە راگەیەندراوێکدا، بە ناونیشانی بێدەنگ نابین لە «بردنی دەنگی (٣٤٠٠) کارمەندی تەندروستیی»، گرووپی فشار ئاشکرای دەکەن کە یەکێتیو پارتی دەیانەوێت (٣٤) کارمەندی خۆیان بەبێ هەڵبژاردن بکەنە ئەندام کۆنگرەو لە بڕیاری هەڵبژاردنەکاندا هاتووە، هەر (١٠٠) کارمەندێک تەنیا یەک نوێنەری کۆنگرەیان دەبێت، بەو واتایەی دەنگی (٣٤٠٠) کارمەند بۆ خۆیان دەبەن بەبێ هەڵبژاردنو بە شێوەی تەوافوق (١٧٠٠) دەنگ بۆ یەکێتیو (١٧٠٠) دەنگ بۆ پارتی، لە کاتێکدا ئەگەر هەموو کارمەندانی تەندروستیی کوردستان دەنگ بدەن، (١٨٠٠٠) دەنگە، لە پەیڕەوی ناوخۆشیاندا هاتووە، کە تەنیا (١٧) ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندام کۆنگرە.

راگەیەندراوەکەی گرووپی فشار کە ئاراستەی هاوڵاتییانو سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانو داواکاری گشتییو لایەنە سیاسییەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو سەندیکا پیشەییەکانو سەرجەم کارمەندانی تەندروستییان کردووە، ئاشکرای دەکەن: «پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر دروستبوونی گرووپەکەمانو بە مەبەستی فشار خستنە سەر سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی، بۆ گرتنی یەکەم کۆنگرەی گشتیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە ماوەی (١٠) ساڵە هەردوو سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی ئیدارەی (هەولێرو سلێمانی) کۆنگرەیان نەبەستووە، لەژێر باری فشاری کارمەندانی تەندروستیدا بڕیاری گرتنی کۆنگرەیان داوە، بەڵام دەیانەوێت چەند پلانێکی هاوبەشیان کە بەشێوەی تەوافوقی حیزبایەتی لەسەری رێککەوتوون بەسەر کارمەندانی تەندروستیدا بسەپێنن».

دەربارەی شێوازی هەڵبژاردنەکەش، گرووپی فشار ئاشکرایان کردووە: «شێوازی هەڵبژاردنیان بەشێوەی لیست لەسەر ئاستی بازنەیی پارێزگاکان سەپاندووە، کە ئەو شێوازە دوورە لە دروستیی هەڵبژاردنی راستەوخۆی کارمەندانی تەندروستیی لە ناوەندی کارەکانیاندا».

هەروەک سەندیکا لەماوەی بیست رۆژدا بە سێ نووسراو بەرنامەی هەڵبژاردن بڵاودەکاتەوە، کە هەر نووسراوێکیان نووسراوی پێشوو رەتدەکاتەوە، ئەم کارەش دەلالەت لە کەمتواناییو نەشارەزایی سەندیکا دەکاتەوە، کە ناتوانن ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوەبەرن.

گرووپی فشار، داواش دەکات کە کارمەندانی تەندروستیو هەموو لایەنەکان بە دەنگیانەوە بچنو نەهێڵن دەسەڵاتدارانی سەندیکا ئەو «پلانەیان سەربگرێت».

# ــــــــرەکان لە بێگاری حیزب رزگار دەکات؟


سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بۆ ئێستا، بایەخی تایبەتیی هەیە.

ئەو بۆچوونە ئیجابییەی ئەسەسەرد لەکاتێکدایە، کە ناوبراو تایبەتمەندیی سیاسیی کوردستان نزیک لە بلۆکی سۆشیالیستیو دوورتر لە ئەزموونی ولاتــە پێشکەوتووەکان باسدەکاتو لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەم ناوچەیە زیاتر لە بلۆکی سۆشیالیستەوە نزیکە. لە ئەزموونی ولاتە پێشکەوتووەکاندا

## ـــــەسەرد:
## ــــــــــەرێم بایەخی تایبەتی هەیە

حیزب رۆڵی لە دروستکردنی دەوڵەتدا نەبووە، لەبەرئەوە تێکەڵاوییەکە کەمتربووە، بەڵام لای ئێمە وەک چۆن حیزبە کۆمۆنیستەکان یەکێتیی سۆڤیەتی دامەزراند، حیزبە سەرەکییەکانیش رۆڵی گەورەیان لە پێکهێنانی هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدا هەبووە، لەبەرئەوە ناکرێت جیاکردنەوەیەکی رەها بێتەکایەوە، بەڵام دەکرێت جیاکردنەوەیەک بێت لەگەڵ هەلومەرجەکە بگونجێت».

د.سالار باسیرە، مامۆستا لە کۆلێژی یاساو زانستە رامیارییەکان لە زانکۆی سلێمانی، بۆچوونی لێپرسراوە باڵاکانی هەرێم لەبارەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت، وەکو دروشمی جوان، بەڵام پراکتیزە نەکراو سەیر دەکات. وتیشی: «سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی یەکێک لە حیزبە باڵادەستەکانە، کە خۆی بەشێکی گرنگە لە دەستێوەردانی حیزبیی لە کاری حکومەت، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت گۆڕان بکەن، دەبێت لە خۆیانەوە دەستپێبکەن، ئینجا خەڵک بڕوا بە وتەکانیان دێنێت».

باسیرە، ئەوەشی خستەڕوو: لە هەرێمدا ئەنشتاینو نیوتن بیت، ئەگەر حیزبیی نەبیتو ئینتیمات بۆ سەرۆک نەبێت ئیشت ناڕوات، وتەکانی بارزانی پڕوپاگەندەیە بۆ خۆی، بۆ پارتی، کە کۆنگرەی لەپێشە، ئەم تیۆرییە دەیەوێت بکات بە دەستکەوتێک بۆ خۆیو پێش یەکێتیش بداتەوە.

### کوردستانیی

فراکسیۆنی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە کەمبوونەوەی دیاردەی تەداخولاتی حیزبیی دەکەن لە کاروباری حکومەتو هەڵوێستەکەی سەرۆکی هەرێمیش وەک رێزگرتن لە دەنگی ئۆپۆزسیۆن دەخوێننەوە کە داواکاری جیاکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەن.

دڵشاد شەهاب، جێگری فراکسیۆنی کوردستانیی نکوڵی لە بوونی تەداخولی حیزبیی لە کاروباری حکومەت ناکات، بەڵام پێیوایە ئەو حاڵەتە روو لە کەمییە.

وتیشی: «ئەو حاڵەتەی پێشتر لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا هەبووەو ئێستا بەرەو کەمبوونەوە چووە، بۆیە ئەرکی ئێمەیە چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەینو بزانین لە چ وەزارەتێکو چ وەزیرێک پۆستە ئیدارییەکەی بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی بەکاردەهێنێت، ئەگەر دەڵێن ئێوە دەسەڵاتن، با پەرلەمانتارە ئۆپۆزسیۆنەکان لە رێی لیژنەکانی پەرلەمانەوە ئەو ئەرکە بەجێبهێنێنو ناوی ئەو دامەزراوانەمان پێبڵێن کە بە دیاریکراویی لە فەرمانەکانی سەرۆکو بڕیاری حکومەت دەردەچن».

ئەو پەرلەمانتارە، کە کەسی یەکەمی پارتییە لە فراکسیۆنی کوردستانیی پێیوایە؛ وتەکانی سەرۆک بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران لە کاریگەریی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، وتی: «ئەم پەیامە بۆ پشتگیریی داوای ئۆپۆزسیۆنە، سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کاتێک داوای لێدەکرێت سنوورێک بۆ تەداخولاتی حیزبیی لە کارەکانی حکومەت دابنێت، زۆر ئاساییە سەرۆک بارزانی وەک رێزگرتن لە دەنگەکانی ئۆپۆزسیۆن داوابکات وەزیرەکان لایەنگریی بۆ لایەنەکانی خۆیان نەکەنو حکومەتی خەڵکی کوردستان بن».

### ئۆپۆزسیۆن

هەرچەندە لە کارنامەی فراکسیۆنەکەیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مەودایەکی فراوان بۆ جیاکردنەوەی حیزبو حکومەتو کاریگەرییە خراپەکانی ئەو واقیعە خستبووەڕوو، بەڵام وتەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ فراکسیۆنی گۆڕان ئیجابیی نین، بە تایبەت کە پێیانوایە ئیرادەیەک نییە بۆ کەمکردنەوەی تەداخولاتی حیزبیی لە کاری حکومەت.

عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەند بڕوام بە پڕۆژەکانی تاڵەبانی هەبوو لەسەر جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، هێندەش بەهی بارزانی. بەداخەوە، ئەم بەڕێزانە لەبری ئەوەی پەنا بۆ شێوازی جدیی بەرن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بە وتەی ئیعلامییو بە شێوازی راگەیاندنو هەڕەشەکردنو مزایەدەکردن دەیانەوێت دەستی حیزبیی لەناو جەستەی حکومەت دەربهێنن».


ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم واقیعە نایاساییەی پارتیو یەکێتی لە هەرێمدا دروستیانکردووە، دژ بە هەموو یاساکانی پەرلەمانو دوور لە یاسای ژمارە (١٧)ی حیزبەکانە، ئەوان هێزی میلیشیایان هەیە، ئاسایشیان هەیە، دادگای خۆیان هەیە، جیهازی ئەمنییان هەیە، رۆژانە سەدان فەرمانبەری حکومەت بە ئەمری ئەوان بەرزدەکرێنەوەو بە ئەمری ئەوان لادەبرێن.

لە بەردەوامیی لێدوانەکەیدا، عەدنان عوسمان وتیشی: «ئەگەر یەکێتیو پارتی جدییو راستگۆن، با جیهازی ئاسایش لە دەستی حیزب دەربکەن کە دوو مەکتەبی سیاسیی حیزبیی لە هەولێرو سلێمانی سەرپەرشتییان دەکەن. وەزیری پێشمەرگە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە، ئەمەش دژی یاسای حیزبەکانە. با رێکخستن لەناو ئەو هێزەدا نەهێڵن. با دامەزراندنی فەرمانبەر بە پشتگیریی حیزب نەبێت. حکومەتی هەرێم خاوەنی بڕیاری خۆی بێت، نەک لە مەکتەبی سیاسیی ئەو دوو حیزبەوە کارنامەی بەسەردا بسەپێندرێت».

لەبارەی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ وەزیرەکان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، باسی لەوەکرد، پێش ئەوەی



**ئەم پەیامە بۆ پشتگیریی داوای ئۆپۆزسیۆنە زۆر ئاساییە سەرۆک بارزانی وەک رێزگرتن لە دەنگەکانی ئۆپۆزسیۆن داوابکات وەزیرەکان لایەنگریی بۆ لایەنەکانی خۆیان نەکەن**



**بمانەوێتو نەمانەوێتە هەندێک وەزیرو بەرپرسی حکومیی لەخوارەوە بە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتیی رەفتار دەکەنو ئیدارە بەڕێوەدەبەن**

بە وەزیرەکان بڵێت با خۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو بەرپرسە باڵا حیزبییەکانی لەناو حکومەت پاشەکشێ پێ بکات، چونکە وەزیرو بەرپرسە حکومییەکان پێیان خۆشە بە ویژدانی خۆیان کار بکەن، بەڵام نووسراوی حیزبییو بڕیاری حیزبیی رێگرە لەبەردەم بەڕێوەچوونی کارنامەو ئیشوکارەکانیان.

### بۆچوونە جیاوازەکان

ئەم بۆچوونانە لەکاتێکدا ئاراستە دەکرێن، کە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی هەرێم دابەشبوو بەسەر زۆنەکانی زەردو سەوزدا، تەواو نەبووە، بڕوای چاودێران ئەم ئەنجامە دەرخەری هەژموونی حیزبییە بەسەر سیستمی ئیداریی هەرێمی کوردستان.

سالار باسیرە، دەڵێت: «بەرلەوەی مەسعود بارزانیو مام جەلال قسە لە جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت بکەن، باشترە بەیەکەوە دابنیشنو دوایین بڕیار لەسەر یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم بدەن».

فەرید ئەسەسەرد، وتی: «کاتێک سەرۆکی هەرێم بە توندیی وتەیەک ئاراستەی وەزیرەکان دەکات، رەخنە نییە، بەڵکو لەو روانگەوەیە ئەگەر هەڵەیەکیان هەبێت خۆیان چاک بکەن، هاوکات حیزب ببێتە یارمەتیدەری حکومەت، نەک کۆسپ لەبەردەم کارەکانی دروست بکات».

کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش جەخت لەوە دەکاتەوە سیاسەتی گشتیی سەرۆکی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران جیاکردنەوەی کاری حیزبییە لە کاری حکومیی، ئەمەش ناوەڕۆکی ئەو چاکسازییە ئیدارییەیە کە هەنگاویان بۆی ناوە، بەڵام بە رۆژو دوو رۆژ نایەتەدیو مانای ئەوە نییە کۆسپو تەگەرە نایەتەپێشی.

عەدنان عوسمانی پەرلەمانتاریش پێیوایە، هەنگاوەکان جدیی نین بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتە حیزبییەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا. وتی: «کردارمان دەوێت، نەک قسە، داوا دەکەم سەرۆکی هەرێم هەنگاوی کرداریی بنێتو لیژنەیەک پێکبێتو پڕۆژەکانی گۆڕانو حکومەتی هەرێم لەو چواچێوەیە جێبەجێبکرێت».



**پێش ئەوەی بارزانی بە وەزیرەکان بڵێت، پێویستە خۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو بەرپرسە باڵا حیزبییەکانی لەناو حکومەت پاشەکشێ پێ بکات**

نارەزاییەکان دژی یاسای خۆپیشاندان، فراوان دەبن 6

## خەڵکو وتەکانی سەرۆک



ئازاد چالاک

رۆژی سێشەممەی رابـــردوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کۆبووەو کۆمەڵێک بیروڕاو سەرنجی نوێی بە گوێدا داین.

وتەکانی ئەمجارەی سەرۆک جیاواز بـــوون، چونکە بەشێکی زۆر گرنگی داخوازییەکانی ئۆپۆزسیۆنو خەڵکی کوردستانی لەخۆ گرتبوو، سەرۆک وەک ئێمە داوای کرد:

«کە پارتیو یەکێتی ببنە دوو حیزبی مەدەنیی»، ئەو دەڵێت:

«پێویستە دامودەزگاکانی هەرێم بکرێن بە دامەزراوەیی، ئەمەش وا پێویست دەکات کە خۆمان لە هەر بۆچوونێکی حیزبیی دوور بخەینەوە، بە حیزبایەتی، حکومەت بەڕێوە ناچێت، حکومەت حکومەتی کوردستانە، نەک هی پارتیو یەکێتیو هەرچی هێزی پێشمەرگەشە دەبێت بخرێتە ژێر دەسەڵاتی وەزیری پێشمەرگەوە».

ئەم قسانەی سەرۆک، جێی خۆشحاڵیی هەموو تاکێکی کوردەو گەر تەنیا یەکێک لەم مەسەلە گرنگانە بە فیعلی جێبەجێ بکرێت، ئیتر دەتوانین خۆمان دڵخۆش بکەین بەوەی کە یەکەم هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنیو چاکسازییو بە موئەسەساتکردنی دامودەزگاکانی هەرێم نراو ئەو مەسەلەیە بە تەنیا لە قسەی رووتو شیعاراتەوە بوو بە ئەمری واقیع.

گەر ساڵانی شۆڕشو پێشمەرگایەتیو چەند ساڵێکی دوای راپەڕین، بیانوو بێت بەدەست حیزبە کوردییەکانەوە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتو بەکارهێنانی زەبروزەنگو درێژەپێدانی حاڵەتی بێ متمانەیی بە یەکتر، ئەوا پاش ئەزموونی شەڕی ناوخۆو پاشتر ئەنجامدانی چەندین هەڵبژاردنو دامەزراندنی حکومەتو پەرلەمانی کوردستانو هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر دنیادا هاتووە، هیچ پاساوێک نەماوە بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، کە لەسەر هەمان سیاسەتی رابردوو بە هەمان نەزمی پێشوو هەرێم بەڕێوەبەرنو ئەوەی کە دەیانەوێت بۆ خۆیانی پاوان بکەنو تەنیاش خۆیان بە سەروەرو خاوەن نیعمەتی خەڵکو نیشتمانەکەی بزاننو وا کار بکەنو وا ئەندامەکانیان گۆش بکەن، کە ئەم وڵاتە لەهەموو دۆخێکدا هەر بەوان دەپارێزرێتو هەر بەوانیش پێش دەکەوێت.

گەر جەنابی سەرۆک گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت بە فیعلی حیزب لە حکومەت جیا بکرێتەوە، ئەوا نیوەی رێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەستنیشان کردووەو هەروەها بەربەستەکانی نێوان خۆیو خەڵکو ئۆپۆزسیۆنیش کەم دەکاتەوەو دەیانڕوخێنێت.

گەر جەنابی سەرۆک بە فیعلی پێی وابێت؛ کە پارتیو یەکێتی دەبـێ ببنە دوو حیزبی مەدەنیو خۆیان جـودا نەکەنەوە لە هاوڵاتییانو لایەنەکانی ترو بڕوای بە سەروەریی یاسا بێتو بۆ لەمەودوا حیزب دەست درێژ نەکاتە سەر سەروەتو سامانی گشتییو شارەوانییەکانیشی بە موڵکی حیزب نەزانێو هەوڵی پێشکەوتنی وڵات بـدات، نەک دەوڵەمەندبوونی سەرکردەو کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەشێکی ئارامو ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوەو نێوان خەڵکو دەسەڵات روو لە تەبابیو ئاشتی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکاتو گومانەکانی هاوڵاتییان بە قازانجی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەڕەوێنێتەوە.

کارێکی ئێجگار گرنگو گەورە دەبێت گەر سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ ئەم بوارە بەکاربهێنێتو ئەم وتە گرنگو بەنرخانەی کە لە راستیدا دژی بەرژەوەندییە مادییو حیزبییە تەسکەکانە، رۆشنایی ببینێو نەچێتە خانەی هەموو ئەو گفتو بەڵێنانەی بۆ چاکسازیی لە هەرێم دەدرێـن، بەڵام بـەردەوام هاوڵاتییان پێچەوانەکەی ببینن!

کاری چاکسازیی ناو حیزب زۆر ئاڵۆز بووەو پڕ بووە لە گرێ کوێرە، چونکە هەتا ئەمڕۆ حیزب وەک تەونی جاڵجاڵۆکەو ئەختەبووتی دەیان سەرو هەزاران پێ وایە، کە بۆ هەموو لایەک پەلی هاویشتووەو دەستیشی خستووەتە نێو هەموو وردەکارییەکانی ژیانو گوزەرانی خەڵک و حکومەتەوە.

بۆ ئەمڕۆ ئەو هەوڵانە وەک موستەحیل وان، چونکە زۆربەی حیزبەکانو بە ئاگاداری سەرۆکەکانیان، ئەڵقە هەرە نزیکەکانی خاوەن بڕیار لەو مەسەلانە تێوەگلاونو زۆر بە زەحمەتیش دەبینرێت، کە هەردوو حیزب بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت دەستبەرداری هەموو ئەو دەستکەوتە نا شەرعییانە بنو باوەڕیش بێنن بەوەی، کە ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کارێکی رەوایەو وەک پرەنسیپێکی دیموکراتی سەیری بکەنو هەمووان ملکەچی بن، گەر لە هەر هەڵبژاردنێکی بێ خەوشو بێگەرددا زۆرینەیان لە دەستداو ئامادەشبن کورسی دەسەڵات بەجێبهێڵن!

گەر سەرۆکو بەرپرسانی کورد بتوانن ئەو قسەو بەڵێنانەی کە رایدەگەیەنن بۆ هاوڵاتییان بەجێی بهێنن، ئـەوا رادەی لەخۆبردوویو خۆنەویستییان هیچی کەمتر نابێت لە گاندیو ماندێلاو عەبدولرەحمان سوارلزەهەب ... هتد.

دەسەڵاتدارانی کورد دەبێت بگەنە ئەو باوەڕەی کە سەروەتو سامانی وڵاتو خاکی کوردستان بۆ فرۆشتنو بەشینەوە نییە بە سەر بنەماڵەو کۆمپانیاکانیانو کەی دەستیشیان لە کاروباری بازاڕو بازرگانیو نەوت هەڵگرت، ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرۆک و حکومەتی هەرێم دەتوانن باشترین بەرنامەی چاکسازیی بۆ گۆڕینی کوردستان بە دوبەی جێبەجێ بکەن.

هەموو کوردێک بە دەستخۆشییەوە هیوا خوازە، کە سەرکردەکانی بۆ مێژوو و رابـردووی خۆیان بتوانن قسەو بەڵێنەکانیان لە دروشمی گەورەو بریقەدارەوە بگوێزنەوە بۆ کارنامەو بێوچان هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن.

# هەڕەشە توندەکەی بارزانی، وەزیـــ

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق



بۆ یەکەمجار لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، مەسعود بارزانی پەیامێکی توندی ئاراستەی سەرۆکو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم کرد، وتی: «لێتان قبووڵ ناکرێت لایەنگریی بۆ لایەنەکانتان بکەن».

لە کـاردانـەوەی ئەم وتانەی سەرۆکدا، ئۆپۆزسیۆن «ئـەم هەڵوێستە» بە قسەی ئیعلامیی دەزانێتو وەزیرەکانیش پەیڤەکانی سەرۆک بە ئامۆژگاریی، نەک موحاسەبەکردن دەخوێننەوە، هەرچی چاودێرانی سیاسیشە بە دووری دەزانن ئەم گوتارانە لە مەودای تیۆرییەوە بۆ ئەرزی واقیع تەرجومە بکرێن.

سێشەممەی رابردوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو جێگرو تەواوی وەزیرەکانی کابینەکەی کۆبووەوە.

لە تـەوەری باسوخواسە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، بارزانی ئاماژەی بە پێویستیی بەدامەزراوەییکردنی دامەزراوەکانی حکومەت کـردو ئـەوەشـی بـەسـتـەوە بە دوورخستنەوەی بۆچوونی حیزبیی لەناو حکومەتدا.

وتیشی: «ئەمڕۆ پێویستە پارتیو یەکێتی ببنە دوو حیزبی مەدەنیی، ئەم وەزعەمان بۆیە دروستکرد بۆ ئـەوەی وەزیـر ببێتە وەزیـرو کاتێک بڕیار دەدات هەموو لایەک پێوەی پابەندبن، هەر وەزیرێک لە ئەرکەکەی لایەنگریی لایەنەکەی خـۆی بکات، با لە ئێستاوە واز لە ئەرکەکەی بێنێت، ئەگینا لێی قبووڵ ناکرێت».

هەرچەندە ئـەوەی لە راگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە، بە دیاریکراویی ئاماژە بە کەمتەرخەمیی هیچ وەزیـرو وەزارەتـێـک نـەکـراوە، بـەڵام وەک سـەرچـاوەیـەک بۆ «رۆژنـامــە»ی باسکرد، قسەکانی پشت راگەیاندن بەرامبەر وەزیرەکان توندتر بوون.

### وەزیرەکان

لەبارەی کۆبوونەوەکە، د.کاوە مەحمود، وەزیـــری رۆشنبیریی‌ولاوانو وتەبێژی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونو دروستکردنی هەماهەنگیی لەنێوان ئەو دوو دامەزراوەیەدا، ماوە ماوە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە».

وەزیـــری رۆشنبیریی، باسی لەوەکرد پەیامەکەی بارزانی لە عەقڵییەتی موحاسەبەو موحاسەبەکارییەوە نـەبـووە، بەڵکو لە عەقڵییەتی گوێگرتن بووە، ئەو گوتارەش پێش ئەوەی ئاراستەی حکومەتو وەزیرەکان بێت، ئاراستەی پارتیو یەکێتیی بوو، کە دەست لە ئیشوکاری حکومەت وەرنـەدەنو وتی: «بۆچوونەکانی سەرۆکی هەرێم ناکۆک نییە لە کارنامەی ئیشکردنی حکومەت، ئامانجی پشت ئەو بۆچوونانە پشتگیریکردنی کاری حکومەتو وەزیرەکانە».

لای خۆشیەوە، د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیو یەکێک لـە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، ئاماژەی بەوەکرد: « پەیامەکانی بارزانی بۆ ئەوان جۆرێک لە ئامۆژگاریی بووە، نەک موحاسەبەکردن».

وتیشی: «سەرۆکی هەرێم ئاراستەی کردین کە وەزیرەکان، وەزیری خەڵکی کوردستاننو دەبێت دڵسۆزی ئەوان بن، نەک حیزبەکانیان، ئەم بۆچوونەش بەلایەنی کەمەوە رێژەی متمانە لەنێوان حکومەتو میللەتدا زۆر زیاد دەکاتو باسی لایەنو لایەنکاریی نامێنێتو ئینتیمای خەڵک بۆ نەتەوەو خاکەکەی زیاتر دەکات».

ئەوەی لەو دانیشتنەدا سەرۆکی هەرێم بەتایبەت جەختی لەسەر کردەوە، یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو چوونەژێر چەتری کۆی هێزە حیزبییەکانە بۆ ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە.

جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە وتی: «ئـەوە بڕیارێکە پێشتر دراوە، بەڵام سەرۆک جەختی لێکردووەتەوە کە پێویستە هەموو هێزی پێشمەرگە بێتە ژێر فەرمانی وەزارەتـی پێشمەرگە، هەرچەندە تا ئێستا نەتوانراوە هێزی حیزبەکانو بەشێک لە هێزەکانی یەکێتیو پارتی، بێنەوە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتەکەمان».

وەزیـــری پێشمەرگە، هۆکاری پەیامە نوێیەکەی بارزانی بەرامبەر وەزیرەکان گەڕاندەوە بۆ رەنگدانەوەی کاری حیزبیی لای هەندێک وەزیـرو بەرپرسی خـوارەوە، وتیشی: «بمانەوێتو نەمانەوێت، هەندێک وەزیـرو بەرپرسی حکومیی لەخوارەوە بە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتیی رەفتار دەکـەنو ئیدارە بەڕێوەدەبەن، ئەو پەیامە ئاراستەی ئەوان بوو».



**له هەرێمدا ئەنشتاینو نیوتن بیت، ئەگەر حیزبیی نەبیتو ئینتیمات بۆ سەرۆک نەبێت ئیشت ناڕوات، وتەکانی بارزانی پڕوپاگەندەیە بۆ خۆی، بۆ پارتی، کە کۆنگرەی لەپێشە**

## فەرید ئەســ
## جەختکردنەوەکەی سەرۆکی هــــ

### چاودێرانی سیاسیی

پرسی جیاکردنەوەی کاروباری حیزب لە دامەزراوە حکومییەکان، لە کێشە هەرە ئاڵۆزو دیارەکانی نێوان دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆنە، لەو چوارچێوەیەشدا یەکێک لەو رەخنە جدییانەی ئاراستەی کۆی هەیکەلی سیاسییو ئیداریی هەرێم کراوە، تێکەڵیی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی گشتییو دەسەڵاتی حیزبو حکومەت بەشێوەیەکی تایبەتی بووە.

لە کاردانەوەی ئەو دۆخەدا، بەرپرسانی باڵای پارتیو یەکێتی کە وەک چاودێران دەڵێن: «بەرهەمی سروشتیی حوکمڕانیی ئـەوانـە»، چەندین پـڕۆژەی بێئەنجامیان بـۆ جـیـاکـردنـەوەی ئـەو دوو دەسـەڵاتـە خستووەتەڕوو، دیارترینیشیان پڕۆژەکەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی بوو کە لە کۆتایی (٢٠٠٨) راگەیاندرا.

فەرید ئەسەسەرد، چاودێری سیاسیی ئەوە دەخاتەڕوو؛ لە هەرێمدا داواکارییەکی فراوان بۆ جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند پڕۆژەیەکی چاکسازیی خـراوەتـەروو، جەختکردنەوەی سەرۆکی هەرێمیش لەسەر کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتە

## محەمەد حەکیم، لە کۆمەڵی ئیسلامیی:

# قبووڵی ناکەین لە شەڕ شەریک بکرێینو لە خێریش تەریک

سازدانی ڕۆژنامە

**محەمەد حەکیم، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، سەبارەت بە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنەکانی ناو ئیئتیلافەکەو بۆچوونی حیزبەکەی لە بارەی وەرگرتنی پۆستەوە لە بەغدا، ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازدراوە**


محەمەد حەکیم

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک کۆمەڵی ئیسلامیی‌و وەک لایەنێکی بەشداربووی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی بارزانی‌و تاڵەبانین لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان؟**

• پێشتر زنجیرەیەک کۆبوونەوەمان لەگەڵ کاک مەسعود ئەنجامداوەو ڕاوێژی پێکردین، کە بە نیازی دەستپێشخەرییەکە، ئەو دەستپێشخەرییەش لە رووی مەعنەوییەوە دەستکەوتبوو بۆ گەلی کوردستان. ڕێککەوتنەکەش بەو شێوەیە بوو، کە ئەنجامدراو بە ئێمە ڕاگەیەندرا، هەندێک بابەتی دیکە ماوە کە مەسەلەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدایەو ئەو لیژنە سێ قۆڵییەی کە لە د.ڕۆژو حەسەن سنێدو ڕافیع عیساوی، پێکهاتووە ڕاسپێردراون کە ئەو وەرەقانە ئامادە بکەن‌و ئیمزای لەسەر بکرێت، ماوەتەوە ئێمە لەسەر ئەرزی واقیع بتوانین لە گفتوگۆمان لەگەڵ مالیکی‌و هێزە سیاسییەکاندا بتوانین پشکی کورد لە وەزارەتەکانی عێرقدا مسۆگەر بکەین بە شێوازێک، کە پێگەی کورد لە بەغدا قایمتر بێت لە جاران، نەک لە جاران لاوازتر بین.

**ڕۆژنامە: شەقامی کوردری زۆر دڵخۆش‌و گەشبین نییە بەو ڕێککەوتنەو پێیوایە؛ زەمانەتی نەتەوەیی بۆ کورد مسۆگەر نەکراوەو بە نموونە مەسەلەی داواکارییەکانی کورد لە (١٩) خاڵەکەدا هیچ حسابێکی لەسەر نەکراوە، ئێوە ڕاتان چییە؟**

• خۆی ڕۆژی شەممە یەکێک لەو ڕەخنانەی لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەنجامدراو باسکرا، ئەویش ئەوە بوو کە (١٩) خاڵەکە تاوەکو ئێستا ئیمزا نەکراوە، ڕۆژی شەممە پێداگریی لەسەر ئەوەکرا، کە حکومەت پێکنایەت تاوەکو ئەو (١٩) خاڵە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پەیمانیان هەبوو کە ئیمزای بکەن‌و بە تایبەت پێش هەموویان لیستەکەی مالیکی، وێڕای ئەوە ئێمە کۆمەڵێک زەماناتمان داوا کردووە کە خاڵی هەژدەیەمینی (١٩) خاڵەکەیە، کە بریتییە لەوەی، ئەو حکومەتە بە هەڵوەشاوە حساب بکرێت، ئەگەر کورد کشایەوە، کە لیستەکەی مالیکیش تێبینیی لەسەر ئەم خاڵە هەیە.

**ڕۆژنامە: ئێوەش وەک کۆمەڵی ئیسلامیی ئەو بۆچوونەتانان هەیە کە باشتر بوو مەسەلەی (١٩) خاڵەکە لە ڕێککەوتنەکەدا حەسم بکرایە؟**

• ئێمەو برادەرانی پارتی‌و یەکێتی ئەو تێبینییەمان هەبوو، بەڵام ئەو دەستپێشخەرییە لەکاتێکدا بوو ئەگەر سەری نەگرتایە، دەبوو هەموو عێراقییەکان ڕوو لە سعودیە، یان وڵاتێکی دیکە بکەن، بۆیە سەرخستنی ئەو دەستپێشخەرییە لەو هەلومەرج‌و ماوە کەمەی کە مابوو دادگای ئیتیحادی دیاریکردبوو بۆ پەرلەمانی عێراقی، ئەوانە هەمووی یەکیگرتبوو جۆرێک لە ئاڵۆزیی سیاسیی دروستکرد بوو، کە پێدەچێت هەندێک مەسەلە لە پێناوی سەرخستنی دەستپێشخەرییەکە فەرامۆش کرابێت، کە ئێمە هەموو لایەنەکان‌و بە تایبەت جەنابی کاک مەسعود، ڕەنگە هەست بەوە بکەین، بەڵام دەکرێت ئێستەش لەپێشمان ماوە فشاری خۆمان بخەینە سەر مالیکی بۆ بەدەستخستنی داواکارییەکانمان، چونکە مالیکی (٣٠) ڕۆژی بەدەستەوەیە، کە هێشتا هەفتەیەکی نەڕۆیشتووە، لەنێو لیستەکەی خۆی‌و شیعەکان‌و لایەنانی تریش نەیارێکی زۆری هەیەو هەوڵدەدرێت کەوا سەرکەوتوو نەبێت لە ماوەی ئەو مانگەدا بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی‌و بۆ ئەوەی سەرۆکی کۆمار ناچار بێت بەپێی دەستوور یەکێکی تر تەکلیف بکات، یەکێکیتریش واتە ئەگەر لە لیستەکەی مالیکیش بێت غەیری مالیکی دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکو ئێستا ئێمە کارتی بەردەستمان بە دەستەوەیەو دەتوانین هەوڵی چەسپاندنی مافەکانمان بدەین.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە چاودێران پێیانوایە؛ (١٩) خاڵەکە بوو بە قوربانی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی؟**

• من باسمکرد دەستپێشخەرییەکە لە ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتیدا دەستکەوتی مەعنەویی بوو بۆ کورد، ئەگەر (١٩) خاڵەکە کەوتبێتە دوای دەستپێشخەرییەکە، پێموایە؛ ئێستا دەرفەتمان لە بەردەستدا ماوە.

**ڕۆژنامە: کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەتان لەگەڵ بارزانی بۆ چ مەبەستێک بووە؟**

• ئەو هەواڵانەی کە لە بەغداوە بە ئێمە گەیشتوون، چەند فیکرەیەک هەیە بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، فیکرەی خاڵەکان کە دوو کورسی‌و قاچێکی کورسییەک، واتە (٢,٢٤) بە خاڵێک حساب بکرێت، یاخود فیکرەیەکی تر هەیە کە عەموود هەبێت وەک چۆن لە کوردستان برادەرانی یەکێتی‌و پارتی عەمموودی یەک دوویان داناوەو کامیان هەڵدەبژێرن، هەروەها فیکرەی سەبەتەش لە ئارادایەو باسکراوە، کە هەر سەبەتەیەک وەزارەتی سیادیی‌و خزمەتگوزاریی تێدابێت‌و بە قورعە هەریەکەو بۆ لایەک دەربچێت، هەروەها باسی ئەوەش دەکرێت، کە بەپێی ئەو بنەماو نەخشەی خاڵبەندییە شیعەکان (٢٣) وەزارەتیان بەردەکەوێت، بەڵام کوردو عێراقییە هەموویان (١٦) کورسییان بەردەکەوێت، بەهەرحاڵ مەترسییەک هەیە لەو نەخشانەی کە لە بەغدا قسەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها باسیش لەوە دەکرێت، کە پۆستە سەرۆکایەتییەکان وەکو یەکەو بە یەک خاڵی هاوبەش نابێت حسابی بۆ بکرێت.

> **مەترسییەک هەیە لەو نەخشانەی کە لە بەغدا قسەیان لەسەر دەکرێت**

**ڕۆژنامە: وەک کۆمەڵی ئیسلامیی خواستی ئێوە بۆ وەرگرتنی وەزارەت چییە؟**

• ڕۆژی شەممە لە کۆبوونەوەکەدا پێش ئەوەی ئێمە قسە بکەین سەرۆکی هەرێم هەر لە سەرەتاوە باسیکرد، کە ئەو پشکەی بەر کورد دەکەوێت لێرە بە دادپەروەرانە بەسەر هەموو لایەنەکاندا دابەش دەکرێت‌و وتی: من بەرپرسم لەو قسەیە. ئێمەش جارێ هێشتوومانەتەوە بۆ جەنابیان‌و پێمانوایە؛ مافی خۆمانە، ئێمە ئەوەی کە باسدەکرێت لە شەڕ شەریکم‌و لە خێر تەریکم، ئەوە ئێش پێناکەین‌و قبوولیشی ناکەین، ئێمە لە شەڕو لە خێر هاوبەشین لەگەڵیان‌و وا بڕیارمانداوە ئاوا ئیش بکەین، ئێمەش مافی خۆمانە لە بەغدا وەک لایەنێکی سیاسیی پێگەی خۆمان هەبێت، چۆن لە (٦/١٣)ەوە لە هەموو مەسەلەکان لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی لە بەغدا بەشداربووین لە دانوستان‌و بوارەکانی دیکە.

**ڕۆژنامە: داوای چی وەزارەتێک دەکەن‌و پێ لەسەر چی دادەگرن؟**

• ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامیی لە وەزارەتی دەوڵەت کەمتر پێی ڕازی نابین‌و بە مافی خۆمانی دەزانین، چونکە ئێمە یەکێکین لەو دە لیستەی، کە براوەی هەڵبژاردنین‌و جەنابی مامۆستا عەلی باپیریش، بەو دەنگانەی هێناویەتی لە دە یەکەمەکانی سەر ئاستی عێراقەو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، کە لانی کەم دەبێت وەزارەتێکی دەوڵەتمان پێ بدرێت.

---

## بەپێی یاسا نوێیەکەی پەرلەمان،

# هەرکەسێک بە هەڵە دەستگیربکرێت، قەرەبووی مادیی دەکرێتەوە

بەرهەم خالید

پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی بێپاساوی یاسایی لەهەرێمی کوردستان پەسەند دەکات، بەپێی پرۆژەکە لەمەودوا، تەنیا لایەنی حکومیی بۆی هەیە خەڵک دەستگیر بکات‌و هەرکەسێکیش بەهەڵە دەستگیر بکرێت، قەرەبوو دەکرێتەوە.

لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی گرێدانی یەکەم لەساڵی دووەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردن کە ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٢٣) بەڕێوەچوو، پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی بێپاساوی یاسایی پەسەندکرد کە لە (١١)مادە پێکهاتبوو، ئەوەش پاش ئەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆو دارایی کە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیریان بوو، سەرلەنوێ ئەسڵی پرۆژەکەی داڕشتبووەوە.

پەسەندکردنی مادەکانی یەکەم‌و سێیەم بەزۆرینەو مادەکانی دووەم‌و چوارەم تاحەوتەم بەکۆی دەنگ بوو، هەروەها مادەکانی هەشتەم تا یازدەیەمی ئەسڵی پرۆژەکەش تایبەتبوو بە حوکمە کۆتاییەکان‌و پەسەندکردنی مادەکانی هەشتەم تا دەیەم بەکۆی دەنگ‌و مادەی یازدەیەم بەزۆرینەی دەنگ بوو، کۆی پرۆژەیاساکەش بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەندکرا.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کۆمەڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: فراکسیۆنەکەی ئەوان، سەرەتا ئەو پرۆژەیەیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووەو پاش دەستکاریی خراوەتەڕوو. دەربارەی هۆکاری پێشکەشکردنی پرۆژەکە، بیلال سلێمان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: هەستیان کردووە کە کۆمەڵێک خەڵکی زۆر دەستگیردەکرێن‌و دواتر دەردەکەوێت کە بێتاوانن، بۆیە ئەو پرۆژەیاسایەیان نووسیوەو لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان‌و پەرلەمانتاران‌و دادوەران یاساکە دەوڵەمەندکراو دواتر پەسەندکراو بەپێی ئەو یاسایە چیتر ناتوانرێت لەخۆوە خەڵک دەستگیر بکرێت، هەروەها لە یاساکەدا دیاریکرا، کە چ لایەنێک بۆی هەیە خەڵک دەستگیر بکات، ئەویش حکومەت‌و دەزگا تایبەتییەکەیەتی، نەک هەر لایەن‌و حیزب‌و دامودەزگاکانی تر، تەنانەت ئەو دادوەرانەی بەهەڵە یان بە هەر هۆکارێکی تر حوکم دەدەن، ئەوانیش دادگایی دەکرێن‌و ئەوەش لەپێناو پاراستنی مافی مرۆڤ‌و ڕێگرتن لە دەستوەردان لە کاری دادگاکان.

وتیشی: «ئێمە لامان گرنگ بوو کە ئەو یاسایە بۆ داهاتوو، ئێستاو ڕابردووش بێت‌و ئەسەری ڕەجعی هەبێت‌و قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە پێشتر دەستگیرکراون بەبێ تاوان، بەڵام بەداخەوە بە (٤٩)دەنگ بەرامبەر (٣٩) دەنگ قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی ڕابردوو ڕەتکرایەوە».

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی ئاشکراکرد، کە قەرەبووکردنەوەکە هەردوو لایەنی مادیی‌و مەعنەویی دەگرێتەوەو مادییەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە دیاریدەکرێت بەپێی ئەو زیانەی بەر کەسی ڕاگیراو کەوتووە، هەروەها مەعنەوییەکەش دەبێت دادگا بە ڕەسمیی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا داوای لێبووردن لە ڕاگیراوەکە بکات.


دیمەنێک لە زیندان

(٤١٪)ی ژنانی کوردستان خەتەنەکراون 8

# دەسەڵات لە هەڵبژاردنی مامۆستایاندا «خرووقاتێکی زۆر» دەکات

## وەزارەتی پەروەردە بێدەنگە لە لابردنی چەندین بەڕێوەبەرو هەڕەشەکردن لە مامۆستایان

ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا

لە (١٠) ڕۆژی ڕابــردووی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، بەرپرسانی پەروەردەیی‌و حیزبیی‌و مامۆستایانی سەر بە یەکێتی‌و پارتی، چەندین پێشێلکارییان ئەنجامداوەو هاوکات مامۆستایان ڕووبەڕووی هەڕەشەو ئیجرائاتکردن بوونەتەوە، لە بەرامبەردا وەزارەتی پـــەروەردە، هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە.

ڕۆژی پێنجشەممە (١٢/٢) هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی(١٢)ی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، سەرجەم مامۆستایانی کوردستان کە ژمارەیان نزیکەی (١١٧) هـــەزار دەبێت، ئەندامی ڕێکخراوەکەن‌و بۆ (٣٠٠) مامۆستا (١) نوێنەری دەچێتە کۆنگرە، بەوپێیە نزیکەی (٤٠٠) ئەندامی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن‌و جگە لەوەش نزیکەی (٨٠)کەس بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

لــە ڕۆژی (١١/٢٠)ەوە، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێکردووەو لەو ماوەیەدا چەندین خرووقات‌و پێشێلکاریی بەرامبەر مامۆستایان ئەنجام دراون، کە دیارترینیان (سەردانی قوتابخانەکان لەلایەن بەرپرسانی حیزبییەوە، بانگهێشتکردنی بـــەڕێـــوەبـــەرو مامۆستایان بــۆ بارەگا حیزبییەکان، ڕاگرتنی دەوامی قوتابخانەو خوێندنگەکان، کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر لایەنی سیاسیی مامۆستایان، هەڕەشەکردن لە مامۆستایان، دەرکــردن‌و گواستنەوەی مامۆستایان، بەکارهێنانی پۆست‌و کەلوپەلی حکومیی بۆ بانگەشە، هەڵواسینی دروشم‌و بانگەشە لەنێو قوتابخانەکاندا).

لــەم ڕووەوە بەهۆی لایەنگریی بۆ لیستی مامۆستایانی سەردەم، م.هیوا سدیق، بەڕێوەبەری قوتابخانەی «پاریاولە» لە کەلار لەسەر داوای بەرپرسی کۆمیتەی پێبازی یەکێتی، لەسەر کارەکەی لابرا، هەر لە گەرمیان م.سەرکەوت ئەحمەد، پاڵێوراوی لیستی مامۆستایانی یەکگرتوو لە قوتابخانەکەی گواستراوەتەوە، هەروەها سەرپەرشتیارانی پـــــەروەردەی سلـــێمـــانـــی ســـەردانـــی قوتابخانەکانیان کردووەو بانگەشەیان بۆ لیستی مامۆستایانی کوردستان (یەکێتی‌و پارتی) کردووەو هەڕەشەیان لە مامۆستایان کردووە.

هەروەها ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لەکاتی دەوامدا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، ســـەردانـــی چەند گوندێکی سنوورەکەی کردووەو داوای لە مامۆستایان کردووە، دەنگ بە لیستی دەسەڵات بدەن، جگە لەو پێشێلکارییانە، کۆمیتەکانی یەکێتی لە (سلێمانی، ڕانیە، کفری، کۆیە، ڕاپەڕین، خانەقین، قەرەداغ، سیۆسێنان) لەکاتی دەوامدا کۆبوونەوەیان بە مامۆستایان کردووە.

پێشێلکارییەکانی بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبیی نارەزاییەکی زۆری مامۆستایانی لێکەوتووەتەوەو چەند بەیاننامەو یاداشتێک بۆ ئـــەو مەبەستە بـــڵاوکـــراونـــەتـــەوە. لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا، پێنج لیستی بەشدار لە هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان لە گەرمیان کە ڕۆژی (١١/٢٧) بڵاویان کردووەتەوە، باس لەوە دەکەن «نارەزایی خۆمان دەردەبڕین دەربارەی ئەو دەستێوەردانانەی حیزب لە ناوەندەکانی خوێندندا هەستی پێدەکرێت کە هەر لە یەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە دەستپێکردووە، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت‌و پرۆسەی هەڵبژاردنی مامۆستایان‌و دیموکراسییەت‌و ململانێی مەدەنییانە بەرەو ئاقارێکی خــراپ دەبرێت‌و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە».

م.سەنگەر فایەق، وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم، ئاماژەی بەوەکرد: «لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، لیستی دەسەڵات‌و بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبیی، چەندین پێشێلکارییان ئەنجام داوەو گوێیان بە بنەماکانی هەڵبژاردن‌و دیموکراسی نەداوە، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە یەکێتیی مامۆستایان، ڕێکخراوێکی حیزبییە».

وتیشی: «ئێمە لە لیستی مامۆستایانی سەردەم، هەڵوێستمان دەبێت‌و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، هەموو پێشێلکارییەکان ئاشکرا دەکەین».

هـــاوکـــات لەگەڵ ئەنجامدانی دەیـــان خرووقات‌و پێشێلکاریی، بەڵام وەزارەتی پـــەروەردە بێدەنگەو هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە.

ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بانگەشەکردن لەنێو قوتابخانەکاندا قەدەغەیەو سەرپەرشتیارەکان‌و لێپرسراوانی پەروەردەکانمان ئاگادارکردووەتەوە کە هەر شتێک کاریگەریی بۆ پرۆسەی خوێندن هەبێت، لێپێچینەوە دەکەین».

هەرچەندە ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنیا دوو ڕۆژی ماوە، بەڵام تا ئێستا ژمارەی کۆتایی مامۆستایان ئاشکرا نەکراوەو هەروەک نەبوونی ڕێنمایی ئاشکراو ڕوون تایبەت بە هەڵبژاردن لە بوارەکانی (تۆماری دەنگدەران، چۆنیەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، چۆنیەتی تانەدان لە ئەنجامەکان، ڕانەگەیاندنی ناوی ئەو قوتابخانانەی کە لە بنکەیەکی دیاریکراو دەنگدەدەن). ئەو ناڕوونییەش ترس‌و گومانی لای لیستە ڕکابەرەکانی یەکێتی‌و پارتی دروستکردووەو هاوکات داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەکرێت، چاودێریی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان بکەن.

هـــەروەک لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا هەریەک لە لیستی مامۆستایانی (سەردەم، کۆمەڵ، زەحمەتکێشان، یەکگرتوو، لیستی سەربەخۆی مامۆستایان)، کە لە ڕۆژی (١١/٢٤) بڵاویانکردەوە، ئاماژە بە ناڕوونیی شێوازو میکانیزمەکانی هەڵبژاردن دەکەن‌و داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، «چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن لە پێناو زیاتر شەفافبوون‌و سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن».

# ناڕەزاییەکان دژی یاسای خۆپیشاندان، فراوان دەبن

## «یاساکە ناکۆکە لەگەڵ دەستووری عێراق‌و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ»

ڕاپۆرتی:
سەنگەر جەمال– سیروان عەول

دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەرجەم شارەکانی کوردستان، کۆدەنگیی دروستدەکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکی‌و دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان‌و یاداشتێکیش ئاراستەی سەرۆکی هەرێم دەکەن بۆ ئەوەی یاساکە بگەڕێنێتەوە پەرلەمان، تا گۆڕانکاریی‌و گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت.

لەدرێژەی‌ئەو‌نارەزایی‌و‌پەرچەکردارانەدا کە دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان بوون، لەدوای پەسەندکردنییەوە بە دەنگی زۆرینەی (٥٦)پەرلەمانتار بەرامبەر(٤٢) دەنگی دژ، لە سەرەتای ئەم مانگەدا نزیکەی (٦٠)ڕێـــکـــخـــراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران‌و پەرلەمانتارانی دژی یاساکەو خەڵکانی ناڕازی، کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە.

ئارام جەمال، ڕێکخەرێکی کۆبوونەوەکە، بە ڕۆژنـــامـــەی ڕاگەیاند: «ســەرجـــەم ئەو خاڵانەی لە کۆبوونەوەکەدا خراونەتەڕوو، لە یاداشتێکدا ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی دەکـــەن، بۆ واژۆ نەکردنی لەسەر پرۆژە یاساکەو گۆڕانکاریکردن تێیدا».

ئـــەوەی لە کـــۆبـــوونـــەوە فراوانەکەی ڕێـــکـــخـــراوەکـــانـــدا تیشکی خـــرایـــەســـەر، خاڵە ناکۆکەکانی نـــاو پرۆژەیاساکەو بەرتەسککردنەوەو ڕێگریکردنی ئەو مافانە بوون کە لە یاساکەدا چەسپێنراون، وەک پێویستیی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت (٤٨)سەعات پێش خۆپیشاندان.

عەبدوڵڵا خالید، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مەسەلە کە ڕێکخراوەکەیان یەکێکە لە ڕێکخراوەکانی هەولێر، ڕوونیکردەوە، لە کۆبوونەوەکەدا درێژەی ئەو چالاکییانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بۆ دەربڕینی نارەزایی دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان ئەنجامدراو پێیوایە: کۆبوونەوەکە فراوانتر بووە لە کۆبوونەوەکانی پێشتر، بەو پێیەی پێشتر بە پچڕپچڕیی لە هەریەک لە شارەکاندا چالاکی ئەنجامدراون، بەڵام بەو شێوەیە کۆنەبوونەتەوە.

لەبارەی ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەشەوە کە لە هەولێرو سلێمانی کراون‌و وابڕیاریشە لە دهۆکیش بکرێت، عەبدوڵڵا خالید بۆ ڕۆژنامە وتی: «مەبەست لە کۆبوونەوەکە بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان‌و دانانی پلانی تازە بوو کە چۆن فشاری زیاتر بکرێت، بۆئەوەی داوا لە سەرۆکی هەرێم بکرێت یاساکە پەسەند نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان».



دیمەنێک لە خۆپیشاندانی هاوڵاتییان

فۆتۆ: ئەرشیف

نارەزایی ڕێکخراوەکان‌و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و کەسانی دیکە لە پرۆژەکە، لەو ڕوانگەیەوەیە کە یاساکە «کەموکوڕیی زۆر»ی تـێـدایـە، وەک ناکۆکی لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵ‌و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەروەک ناکۆکبوونی لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکان‌و وەک ئەوان دەڵێن، بەوپێیە لەبری خۆپیشاندان ڕێکبخرێت، بەرتەسک دەکرێتەوەو ئاستەنگی دەخرێتە بەردەم.

بەڕێوەبەرەکەی ڕێکخراوی مەسەلە، لەو ڕووەوە دەڵێت: لەیاساکەدا ئیش لەسەر ئەوەکراوە کە ئەوەی ئیستیسنایە، کردوویەتی بەبنەماو ئەوەی مافە، ڕێگری لێکردووە، واتە لەبری ئەوەی خۆپیشاندان ڕێکبخات، بەربەست‌و ڕێگریی لێکردووە، وتیشی: «جگە لەوە مافی داوە بە یەکە ئیدارییەکان کە مۆڵەت بدا، یان ڕەتی بکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە خۆپیشاندان بۆ جوانکاریی نییە، بەڵکو نـــارەزایـــی دەربڕینە بۆ ئەو کەموکوڕییانەی کە هەن کە ڕەنگە لە یەکە ئیدارییەکانەوە بێت، ئەویش کە ئەو مافەی هەبوو نایداتێ‌و ئەوەش مەترسیدارە، چونکە ئەگەر تێکۆشانێکی مەدەنیی‌و ئاشتییانە بێت، ڕێگریی لێبکەیت‌و وای لێدەکەیت پەنا بەرێتە بەر توندوتیژیی، ئـــەوەش ناکۆکە لەگەڵ ئەو بانگەشانەی داوای هەرێمێکی دیموکراسی دەکەن کە مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێت».

### یاداشتەکان زۆر دەبن، چالاکییەکان فراوان دەکرێن

لـــەدوای پەســـەنـــدکـــردنـــی یـــاســـای خۆپیشاندانەوە، جگە لە هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، تا ئێستا چەندین لایەن یاداشتیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردووەو داوادەکەن، یاساکە بگەڕێنێتەوە پـــەرلـــەمـــان‌و لـــەو چـــوارچـــێـــوەیـــەشـــدا لە کـــۆبـــوونـــەوەی ڕێـــکـــخـــراوەکـــانـــدا، ئـــەوە دووپاتکرایەوە، جگە لەوەی هاوڵاتییان لەڕێی «کەمپەینی سەرۆک ئیمزای مەکە» لەسێمانی، بە ناو و واژۆی خۆیانەوە کە (٤)هــەزار کەسی تێپەڕاندووە، داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن، یاساکە بگەڕێنێتەوە پەرلەمان.

عەبدوڵڵا خالید، باسی لـــەوەکـــرد، کە دەیانەوێت مەوداکە فراوانتر بکرێت‌و تەنیا لە ڕێکخراوەکان کورت نەکرێتەوەو هەموو کەسانی ناڕازیی بخرێنە ئەو چوارچێوەیەو بە هەموویان هەڵمەتێک بکەن کە سەردانی سەرۆکی هەرێم بکەن‌و جوڵەی شەقامیش زیاتر بکرێت، هەوەک سەندیکاو حیزبەکان جموجۆڵەکانیان زیاتر بکەن‌و لە هەولێریش ئیمزای هاوڵاتییان کۆبکرێتەوە.

### یاساکە، نەنێردراوە بۆ سەرۆکی هەرێم

هەرچەندە زیاتر لە سێ هەفتەیە یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، بەڵام تا ئێستا نەنێردراوە بۆ سەرۆکی هەرێم تا ڕای خۆی لەسەر بدات، ئەگەر هاتوو سەرۆکی هەرێم واژۆی بکات، یان واژۆی نەکات، یاساکە بە پەسەندکراو لەقەڵەم دەدرێت، لەو کاتەدا نەبێت کە ڕەتی بکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە پەرلەمان.

نەریمان عـــەبـــدوڵـــڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی ناوخۆ، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئۆپۆزسیۆن، بەردەوامە لەسەر ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاساکە، بەڵام ئەوەی عەمەلیی بێت کاری لەسەر نەکراوە، چونکە ئەو چاکسازییانە ناکرێن، لەبەرئەوەی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کراو دەستکاریی ناکرێت تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی»، ئەوەشی خستەڕوو کە هێشتا یاساکە بەپاساوی هەڵەی تەکنیکی‌و زمانەوانییەوە، نەنێردراوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم.

لای خۆشیەوە، عەبدوڵڵا خالید، وتی: «گەشبینین بـــەوەی کە سەرۆکی هەرێم یاساکە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەگەر یاساکە تێپەڕی، چەند ڕایەک هەیە کە ئایا لەبەرئەوەی پێشێلکاریی دەستوورکراوە تێیدا، دەبێت لە دادگـــای فیدراڵی عێراق شکات بکرێت، ڕایەکی تر دەڵێت، ئیلتیزامی پێوەنەکرێت‌و لەو ڕۆژەشدا خۆپیشاندانی سەرتاسەریی ڕابگەیەنرێت».

### کاردانەوەی بیانیی دروستکردووە

پەسەندکردنی یـــاســـای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بەم شێوەیەی ئێستای لەلایەن پەرلەمانی‌کوردستانەوە،‌نارەزایی‌چالاکوان‌و ڕێکخراوە بیانییەکانیشی لێکەوتووەتەوەو بەپێویستی دەزانن، سەرۆکی هەرێم یاساکە ئیمزا نەکات‌و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان.

تۆماس فۆندەر لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی سلێمانیدا، وتی: «جێگەی نیگەرانییە کە لەئێستادا قسە لەسەر یاسای خۆپیشاندان دەکەین‌و خۆشحاڵیشم، چونکە ئەو یاسایە چەند حاڵێکی تێدایە کە پێویستە قسەیان لەسەر بکرێت‌و بەئاسانی تێنەپەڕێنرێت» .

فـــۆنـــدەر، ئـــەوەشـــی ڕوونـــکـــردەوە کە خۆپیشاندان لەدوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە، خۆپیشاندنی ئـــامـــادەکـــراو کـــە پێشتر ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، لەگەڵ خۆپیشاندانی کوتوپڕ کە زۆربـــەی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان لەناکاوبوون، لەوانەش کوشتنی (سەردەشت عوسمان) کە هەموو جیهانی هەژاند.

بـــەبـــڕوای تـــۆمـــاس، خۆپیشاندانی لەناکاو هێمای بوونی خواستی خەڵکەو بـــەپـــێـــچـــەوانـــەشـــەوە نەهێشتنی ئـــەو خۆپیشاندانانە، دانانی بەربەستە لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕینی خەڵکداو ئەمەش لەگەڵ دیموکراتییەتدا ناگونجێت .

لەلایەکی ترەوە، ئامینە گۆیانی، ئەندامی پەیمانگای یاسایی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، جەختی لەوەکردەوە، کە پێویستە گشت ڕێـــکـــخـــراوەکـــان بـــەردەوام بن لە پلاندان بۆئەوەی کە نەهێڵرێت ئەو یاسایە ئیمزابکرێت‌و بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان‌و جارێکی تر بەسەر ئەو خاڵانەدا بچنەوەو هەر تێبینییەک هەبێت، ڕەچاوبکرێت .

ئامینە گۆیانی، وتیشی: «بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا نین، چونکە ئەمە لەگەڵ مافی مرۆڤ‌و یاسای دەستووری عێراقیدا ناگونجێت».

# پاشماوەکانی بەعس لە کەرکوک، خۆیان ڕێکدەخەنەوە

## ڕۆژی (١١/٢٣) لە چەندین خوێندنگا، یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابییان‌و لاوانی بەعس کراوەتەوە

**ئارام جەمال- کەرکوک**

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، پاشماوەو شانە نوستووەکانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن‌و هەفتەی ڕابردوو لەچەند قوتابخانەو خوێندنگایەک لە گەڕەکە عەرەبی‌و تورکماننشینەکانی کەرکوک، یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابییان‌و لاوانی بەعس کراوەتەوە.

لەوبارەیەوە، مامۆستای یەکێک لەو خوێندنگایانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەموومان دەزانین کە ڕۆژی(١١/٢٣) یادی دامەزراندنی قوتابییان‌و لاوانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەیە، بەڵام ئەو ڕۆژە لە زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگە سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و دواناوەندییەکانی گەڕەکەکانی تسعین‌و حەی بەعس‌و خەزراو واستی‌و ١ی حوزەیران، بە ڕۆژی قوتابییان ناسێنراوەو یادی کراوەتەوە».

ئەو مامۆستایە ئەوەشی وت: «ئەو کارە، ئیدارەو زۆربەی مامۆستایانی ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانە پێی هەڵساون‌و لای خوێندکاران بە ڕۆژی خوێندکارانیان ناساندووەو ڕۆژی پێشتر خوێندکارەکانیان ئاگادارکردووەتەوەو کە جلی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەر بکەن، لەو ڕۆژەشدا بە ڕاوەستان لە گۆڕەپانی قوتابخانەکانداو بە ئەنجامدانی ئاهەنگ‌و چالاکیی جۆراوجۆرو شیعرو گۆرانی، یادی قوتابییان‌و لاوانی بەعسی هەڵوەشاوەیان کردووەتەوە».

هاوکات، عەمید هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک، هەوڵەکانی خۆڕێکخستنەوەی پاشماوەکانی حیزبی بەعسی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو ڕایگەیاند: «ئێمە ئاگاداری یادکردنەوەی قوتابییان‌و لاوانی بەعس نین، بەڵام ئاگادارین کە پاشماوەو شانە نوستووەکانی حیزبی بەعسی رووخاو لەژێر ناوی جۆراوجۆردا خەریکی خۆڕێکخستنەوەن‌و لەئێستاشدا بەڕێژەی (٨٠٪)خۆیان ڕێکخستووەتەوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی حەویجەو ڕەشادو ڕیازو ناوچەکانی دیکەی باشووری کەرکوک».

بەپێی زانیارییەکانی ئەو بەرپرسە ئەمنییەی پارتی، «ئەو پاشماوانەی بەعس، لەژێر ناوەکانی حیزبی بەعسی نوێ‌و حیزبی (عەودە)دا خۆیان ڕێکخستووەتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت، دەزگا ئەمنییەکان‌و بەتایبەتیش ئیدارەی کەرکوک، هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بنوێنن، بەتایبەت دوای ئەوەی بەبڕیاری حکومەتی عێراق، زۆربەیان گەڕاونەتەوە سەر وەزیفەکانیان، یاخود دامەزرێنراون لەفەرمانگە حکومییەکاندا».

لەچەند مانگی ڕابردوودا، شارەکانی عێراق لەناویشیاندا کەرکوک‌و بەغدا کەوتنە بەر زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی، ئەمەش بەهۆی ئەو قەیرانەی کە عێراق تووشی هاتبوو، بەهۆی پێکنەهێنانی حکومەتی نوێی عێراقەوە، بەرپرسانی ئەمنیی کەرکوکیش پێیان وایە: ڕووداوەکانی ئەمدواییەی کەرکوک لەشێواندنی دۆخی ئەمنیی، دەستی ئەو پاشماوانەی بەعسی تێدابوو، لەخۆڕێکخستنەوەشیاندا سوودیان لەو بۆشاییە سیاسیی‌و ئەمنییە وەرگرت کە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە بەهۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتەوە دروستببووە.

سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری لە کەرکوک، لەگەڵ ئەوەی باس لە هەوڵەکانی پاشماوەکانی بەعس بۆ خۆڕێکخستنەوە دەکات، ڕاشیدەگەیەنێت، لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا، ڕێژەیەکی زۆر لە پاشماوەکانی بەعس بەبڕیاری دەستەکەیان لە فەرمانگەکانی کەرکوک دووردەخرێنەوە.

عیرفان کەرکوکلی، سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادوەری لە کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پاشماوەکانی حیزبی بەعسی ڕووخاو، هەرکات بواریان بۆ بڕەخسێت لەهەوڵی خۆڕێکخستنەوەدان‌و ئەم ماوەیەی کۆتاییش کە پێکهێنانی حکومەتی نوێ دواکەوت‌و جۆرێک لە ناسەقامگیریی هاتە ئاراوە، ڕەنگە لەلایەن ئەو پاشماوانەوە قۆزرابێتەوە بۆ خۆڕێکخستنەوە».

کەرکوکلی، وتیشی: «لەئێستادا ناوی زیاتر لە (١٥٠)کەسمان لەپاشماوەکانی بەعس لەبەردەستدایە کە یاسای لێپرسینەوەو دادوەری دەیانگرێتەوە، کە لە فەرمانگە جیاوازەکاندا دەوام دەکەن‌و لەداهاتوویەکی نزیکدا بەپێی یاسای دەستەکە، ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین لە دوورخستنەوەو خانەنشینکردنیان».



ژمارەیەک سەربازی سوپای ئەمریکا لە کەرکوک

> عەمید هەڵۆ نەجات: بەعسییەکان لە کەرکوک بە ڕێژەی (٨٠٪) خۆیان ڕێکخستووەتەوە

# عەرەب‌و تورکمان سوورن لەسەر دواخستنی سەرژمێریی گشتیی

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

تا ئێستا ڕوون نییە پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریی لە مانگی داهاتوودا ئەنجامدەدرێت یاخود نا، سەرەڕای سوربوونیان لەسەر دواخستنی پرۆسەکە عەرەب‌و تورکمانەکان جەخت لە دواخستنی سەرژمێریی دەکەنەوە بۆ کاتێکی نادیار.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)داو پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم‌و حکومەتی کاتیی‌و دواتر یەکەمین کابینەی هەڵبژێردراوی حکومەتی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٥)دا، بەهۆی ئەوەی زانیاریی‌و داتای ڕاست‌ودروست لەبارەی ژمارەی دانیشتووان لەبەردەستدا نەبوون، ئەوکات حکومەتی عێراق بڕیاریدا لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە سەرتاسەری عێراق ئەنجامبدرێت، بەڵام لەگەڵ هاتنە ئارای بابەتەکەوە بەهۆی تۆمەتبارکردنی یەکترییەوە بە دەستکاریکردنی دیموگرافیای هەندێک ناوچە، بەتایبەت ناوچە جێناکۆکەکان، لە بەرژەوەندیی لایەنێکی دیاریکراو، پرۆسەکە کەوتە بەردەم ململانێ‌و پەکخستنەوە، دواتر بۆ مانگی (٢٠١٠/١٠) دواخرا، بەهۆی ناکۆکییەکانەوە دوو جاری دیکە بۆ دوو کاتی جیاواز لە ئەمساڵدا دواخرا، ئێستاش بۆ (٥)ی مانگی داهاتوو دواخراوەو ڕوونیش نییە کە پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت یاخود نا.

ئەگەرەکان زۆرتر بۆ ئەوە دەچن کە پرۆسەکە لە ئەمساڵیشدا ئەنجام نادرێت، ئەمەش کاردانەوەو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت‌و (عەرەب‌و تورکمان)، هەمیشە لە هەوڵی دواخستنی پرۆسەکەدان‌و (کورد) تۆمەتبار دەکەن بە گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان.

محەمەد خەلیل جبوری، ئەندامی کوتلەی عەرەب لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە سەرەتای بڕیاردان لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی، ئێمە لە دژی پرۆسەکە بووین، بەهۆی ئەوەی پێمانوایە لە کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان گۆڕانکاریی لە دیموگرافیادا کراوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردو ئەنجامدانی پرۆسەکەش ئەنجامێکی نادروستی دەبێت».

> ئەنجامدانی پرۆسەکە چەندێک دوابکەوێت بە زیان لە عێراق‌و کورد بە تایبەتی دەشکێتەوە

جبوری، وتیشی: «وەک نوێنەری عەرەب‌و تورکمان لە دوایین کۆبوونەوەی باڵای تایبەت بە سەرژمێریدا لە(٢٣)ی ئەم مانگەدا، جارێکی دیکە سوربوونی خۆمان لە دواخستنی پرۆسەکە دووپاتکردووەتەوەو تارادەیەکی زۆر بەشداربووانی کۆبوونەوەکە تێگەیشتنیان لە نیگەرانییەکانمان هەبوو، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی لە ئێستادا زەمینەی سەرژمێریی لەبار نییە، تاکو ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان».

لە دژایەتیکردنی پرۆسەی سەرژمێریدا، تورکمانیش وەک عەرەب بیردەکەنەوەو بە هەردووکیشیان دژایەتیی بۆچوونی لایەنی کوردیی دەکەن سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێریی لە ئەمساڵدا.

تۆرهان موفتی، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دژی سەرژمێریی نین، لە ڕووە زانستییەکەیەوە، بەڵام پێمانوایە دۆخی گشتیی ناوچە جێناکۆکەکان‌و عێراقیش لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ نموونە ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان لە پارێزگاکانی بەسرەو دهۆک کە جیاوازن لە کەرکوک بێگانەیەکی زۆر هەیەو تائێستا ڕوون نییە بەڵگەی عێراقیبوون چییەو کێ خەڵکی چ ناوچەیەکە، هۆکاری ئەمەش بە گشتیی بۆ ناسەقامگیریی دۆخی عێراق دەگەڕێتەوە، بەهۆی کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکانییەوە، جگە لەوەش لە کەرکوک گۆڕانکاریی لە ڕێژەی دانیشتووان کراوە».

موفتی ئەوەشی وت: «پێویستە بۆ کاتێکی نادیار پرۆسەکە دوابخرێت، وەک ئەوەی بڕیاری لێدراوە تاکو ئەو کاتەی کۆدەنگییەکی تەواوی لەلایەن تەواوی پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکانی عێراقەوە لەسەر دروست دەبێت، چونکە لە ئێستادا ئەنجامنەدانی باشترە، لەبەرئەوەی هیچ ئەنجامێکی ڕاستی نابێت‌و لەمەشدا خەڵکانی ڕەسەنی ناوچەکان لە هەموو عێراقدا زەرەرمەند دەبن».

لە بەرامبەردا، کورد نیگەرانەو هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ دواخستنی پرۆسەکە دەدرێن بە پیلان لە دژی بەرژەوەندییەکانی دەزانێت، لەوبارەیەوە عەلی ساڵەیی، ئەندامی لیستی برایەتیی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پرۆسەی سەرژمێریی گرنگەو عێراق پێویستی پێیەتی، هەموو ئەو دژایەتییانەشی کە دەکرێت لە دژی بەرژەوەندییەکانی کوردە».

ئەوەی لای لایەنە کوردییەکانی کەرکوک جێگەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەوانی بانگهێشت نەکردبوو بۆ دوایین کۆبوونەوەی باڵای تایبەت بە سەرژمێریی گشتیی، کە حکومەتی عێراق هەفتەی ڕابردوو لە بەغداد ڕێکیخستبوو، بەڵام تیایدا نوێنەری عەرەب‌و تورکمانەکانی کەرکوک ئامادەبوون.

ساڵەیی پێیوایە: «دەبێت کورد بەیەک دەنگ لە دژی ئەو هەوڵانە بوەستێتەوەو سووربێ لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە لە زووترین کاتدا»، وتیشی: «وەک لیستی برایەتیی‌و لایەنی کوردیی لەگەڵ ئەنجامدانی سەرژمێریداین‌و بە پرۆسەیەکی زانستیی دەزانین نەک سیاسیی، بە پێچەوانەوە ئەو هەوڵانەی بۆ دواخستنی دەدرێن مەرامی سیاسییان لەپشتەوەیە، ئەنجامدانی پرۆسەکەش چەندێک دوابکەوێت، بە زیان لە عێراق‌و کورد بە تایبەتی دەشکێتەوە».

لە ئێستادا هەرچەندە ڕوون نییە کە پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت یاخود نا، بڕیارە لە(٥)ی مانگی داهاتوودا ئەنجامبدرێت، بەڵام لە ئەگەری ئەنجامدانی پرۆسەکەشدا لە کۆبوونەوە باڵاکەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقدا لە ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٣ بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی باڵا بۆ ناوچە جێناکۆکان درا، تاکو لە نیگەرانیی لایەنەکان‌و کۆسپەکانی بەردەم ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی لەو ناوچانە بکۆڵێتەوە.

# سێیەکی ئاوارەکانی مەخمور قەرەبوو نەکراونەتەوە

**هەنگاو هاشم- هەولێر**

تائێستا سێیەکی ئاوارەکانی مەخمور چەکی قەرەبووکردنەوەیان وەرگرتووەو بەرپرسێکی مادەی (١٤٠)یش دەڵێت: دابەشکردنی چەکی قەرەبوو تا ساڵی (٢٠١٢) تەواو نابێت.

ئاوارە گەڕاوەکان‌و هاوڵاتییە زیانلێکەوتووەکانی مەخمور چەندین گرفتیان لە قەرەبووکردنەوەی مادەی (١٤٠) بۆ دروست دەبێت لە نەهاتنەوەی ناوەکانیان‌و دووبارەبوونەوەی ناو و بەو هۆیەشەوە پێدانی چەکی قەرەبووکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ دواخراوە.

بارزان سەید کاکە، قایمقامی قەزای مەخمور بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ بەپێی مادەی (١٤٠) یەکەم قۆناغی قەرەبووکرنەوەی زیانلێکەوتووانی ناوچەدابڕاوەکان قۆناغی ئاساییکردنەوەیە، کە ئەم زیانلێکەوتووانە دەگەڕێندرێنەوە ناوچەکانی خۆیان، وتیشی: ئەو هاوڵاتییانەی کە چەکی قەرەبووکرنەوە وەردەگرن ژمارەیان زۆرە، بۆیە لەمساڵدا هەموو ئەم هاوڵاتییانە قەرەبوو ناکرێنەوە.

وتیشی: «چەندین کەس ناویان نەگەڕاوەتەوە بە هۆی چەند کێشەیەکەوە، بەهۆی ئەوەی فۆڕمی خۆراکیان نەگەڕابووەوە، گەڕانەوەی ناوی ئەو خێزانانەش بۆ ماوەیەکی دیکە دواخرا».

لە قەزای مەخمور نزیکەی (١٨٠٠٠) کەس چەکی قەرەبووکردنەوەو مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوەو لەو ژمارەیەش تائێستا تەنیا (٦٠٠٠) کەسیان چەکی قەرەبووکردنەوەیان وەرگرتووەو پێدەچێت، بە وتەی قایمقامی مەخموریش: «بەپێی ئەو کاتەی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دایانناوە، دابەشکردنی چەکی قەرەبوو تاوەکو ساڵی (٢٠١٢) دەخایەنێت».

بەپێی مادەی (١٤٠) هەر ئاوارەیەک کە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچانەی پێشتر لێی ڕاگوێزراوە، (١٠) ملیۆن دینارو هەر خێزانێکی هاوردەش کە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ناوچەیەی لێی هاتووە، بڕی (٢٠) ملیۆن دینار قەرەبووی پێدەدرێت وەک یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

هەروەک نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق ڕایگەیاند: «چەند ناوێک هەڵەی تێداکراوەو هەندێک ناوی سیانی وەک یەکتر هاتووەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستە ئەو هاوڵاتییەی ناوی هاتووەتەوە، ناسنامەی باری شارستانی بباتە بنکەکانی پێدانی چەکی قەرەبووکردنەوەی مادەی (١٤٠)و پێدانی چەکی قەرەبووش لە ناوچەکانی مەخمورەوە دەستپێدەکات، دواتریش کەرکوک‌و سنجارو خانەقین دەگرێتەوە».

مەهدی عەلاق: ئامادەین سەرژمێریی لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدەین 10

### پارتی لە سلێمانی (٢) ئەندامی کۆنگرەی هەیە

# سەندیکا بە کەموکووڕیی زۆرەوە دەچێتە کۆنگرەوە

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

**تائێستا هیچ لیستێک بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسان لە لایەن لایەنەکانەوە ئامادە نەکراوەو پێدەچێت بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتیو پارتی لیستێکی هاوبەش دروستبکەنو پۆستی نەقیب بدرێتە یەکێتی.**
**هەروەک بڕیارە لە کۆنگرەکەدا چەندین پرسو باس بخرێتە ڕوو، وەک: ئازادیی ڕۆژنامەگەرییو وەرگرتنی ئەندامانو سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسییو ڕاپۆرتی دارایی.**




### کۆنگرە (٣٠٠) ئەندامی دەبێت

بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانراوە کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، کە بڕیارە لە ٢٢-٢٠١١/٢/٢٨ ئەنجام بدرێت، نزیکەی (٣٠٠) ئەندامی دەبێت، ئەوەش بەپێی ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەندامی کارای سەندیکاکەنو مافی دەنگدانو هەڵبژاردنیان هەبووە، کە ژمارەیان (٣٢٠٠) ئەندامە، بە ڕێژەی (١) ئەندامی کۆنگرە بۆ (٢٠) ڕۆژنامەنووس، هاوکات بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنو ڕەنگە چەند پسپۆڕو یاساناسێکیش وەک میوان بەشداریی بکەن.

ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، باس لەوە دەکات؛ کە تائێستا کۆتایی بە هەڵبژاردنەکان نەهاتووە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، بەڵام بەپێی ئەو ڕێژەیەی دایانناوە نزیکەی (٢٠٠) ئەندام بە هەڵبژاردن دەچنە کۆنگرەکە لەگەڵ (١١) کەسی ئەنجومەنی سەندیکاو ئەندامی لقەکانو لیژنەکانو بەرپرسی لقەکانی لیژنەی مێینە، جگە لە بەرپرسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنو چەند پسپۆڕو کەسایەتییەکی ناو ڕاگەیاندن، بۆیە «ڕەنگە کۆنگرە نزیکەی (٢٨٠ تا ٣٠٠) ئەندامی هەبێت».

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتیشی: «جگە لەوانە تەزکیە نییە، ئەوانەی بەهەڵبژاردن نایەن کەسانی بەرپرسی یەکەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانو ڕەنگە هەندێک کەسانی پسپۆڕی ڕاگەیاندنو یاسایی، بەدەر لەوانە کەس بە تەزکیە نایەت»، ڕوونیشی دەکاتەوە؛ هەموو ئەوانەی بەشداریی کۆنگرە دەکەن مافی دەنگدانیان دەبێت.

### بودجەی کۆنگرە

ئەوەی جێی مشتومڕە ئەوەیە، کە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەواو بووە، بەڵام تائێستا دیار نییە بودجەی کۆنگرە چۆن دابین دەکرێت، لە کاتێکدا بودجەیەکی زۆری پێویستە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەندیکا، وتی: «تائێستا بودجەی کۆنگرە دیاری نەکراوە، بەڵام بەنیازین داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین وەکساڵانی ڕابردوو بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ کۆنگرە، چونکە بودجەی زۆری دەوێت، بەڵام پێموایە؛ سەرۆکی حکومەت دەستی ئاوەڵایە بۆ بواری ڕۆژنامەنووسییو هیوادارم هەم ئەو پارەیەمان بۆ دابین بکاتو گرنگتر لەوەش مشوری ئەو ڕۆژنامەنووسانە بخوات لە سلێمانی کە زیاتر لە (٥) ساڵە فۆرمێکیان پێشکەش کردووە بۆ وەرگرتنی زەویو هیوادارم وەک مژدەیەک لەوێ ئەو زەوییانە بداتە ڕۆژنامەنووسانو مووچەی خانەنشینان زیاد بکات.

### لیستو تەوافوق

لە ئێستادا دەنگۆی ئەوە هەیە دووبارە نەقیبو جێگرەکەی بەپێی تەوافوقی نێوان یەکێتیو پارتی دەستنیشان بکرێتو ئەندامانی ئەوان بن، بە شێوەیەک نەقیب بدرێت بە یەکێتی، ئەوە لە کاتێکدایە بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە سنووری سلێمانی پارتی تەنیا (٢) ئەندام کۆنگرەی دەبێت.

ئەنوەر حسێن، لەو ڕووەوە وتی: «ئاڵوگۆڕ لەو پۆستانە هەیە، بەڵام هەرکەسێک بڵێ ئەوە چۆنە، زیادەیە، چونکە تائێستا قسە لەو بارەیەوە نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەقیبو جێگر ناتوانن خۆیان هەڵبژێرنەوەو ئەو دەستەیە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، هەرچەندە یەکێتی پۆستی نەقیب بە حەقی خۆی دەزانێتو ڕەنگە برایانی پارتیش ئەوە بە حەقی یەکێتی بزانن، چونکە (٧) ساڵی ڕابردوو ئەو پۆستە بە دەست پارتییەوە بووە».

ئەو پێیوایە؛ ئەگەر بە تەوافوقیش نەبێت ڕەنگە هەر ئەو دوو پۆستە بەو شێوەیەبن، بەوپێیەی «زۆرترین ئەندامانی کۆنگرە ئەندامانی یەکێتیو پارتین، بێگومان نەقیبو جێگر هەر لەوان دەبێت، ڕەنگە هەموو لایەنەکانیش لە ئەنجومەندا نەبن، ئەوە دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنو زۆریی ژمارەی دەنگدان لەناو کۆنگرە».

لە بارەی ئەگەری بەشداریکردنی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە لیستی یەکێتیو پارتی وەک کۆنگرەی ڕابردوو، حامید محەمەد، سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو کادیری ڕاگەیاندنی یەکگرتوو ڕای وایە؛ لیستێکی بنکە فراوان دروستبکرێتو زۆربەی ڕۆژنامەنووسانو ئەندامانی کۆنگرەی تێدابن، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەگەر شتێکی وا ببێت ئێمە لەگەڵیداینو هەموو لایەنەکان نوێنەریان هەبێت تێیداو بچنە ژێر ئەو چەترەوە، واتە بە ڕێککەوتنێکی هەموو لایەنەکان ئیئتیلافێکی بنکە فراوانتر لەوەی هەیە، بکرێت»، وتیشی: «تائێستا ئێمە هیچ قسەو باسێکمان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکردووە، نە لەسەر ئاستی سەندیکا، نە وەک حیزب».

### لێپێچینەوەو بواری ئازادیی

وەک بەرپرسانی سەندیکا باسی دەکەن، لە کۆنگرەدا کۆمەڵێک پرس دەخرێنە بەر باس، وەک: یاسای (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەگەرییو پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، هەروەها پێداچوونەوە بە پرەنسیپەکانی وەرگرتنی ئەندامێتی لە سەندیکاو ڕاپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکییو سندووقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانو ئازادیی ڕاگەیاندن، جگە لە هەڵبژاردنی نەقیب جێگری نەقیبی نوێو ئەندامانی ئەنجومەنو لقەکانی سەندیکا.

ئەنوەر حسێن، لەوبارەیەوە وتی: «هەموو ئەو پرسانە باسی لە بارەوە دەکرێتو سندووقی خانەنشینیش کە لەم ماوەیەدا وروژێنراوە بابەتێکی هەستیارە، جگە لەوە قسەی تریش هەیە لە کۆنگرە باسی دەکرێت، وەک ڕاپۆرتی دارایی‌و شتی تر»، ئەو نایشارێتەوە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کەموکوڕیی هەبووەو دەڵێت: «هەرچەندە یەکێک بووە لە سەندیکا باشەکان کە خزمەتی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کردووە، بەڵام سەندیکا زۆر کەموکوڕیی هەبووەو دەبێت بە شێوەیەک بێت ئەم حاڵەتەی ئێستا تێپەڕێتو ببێتە سەندیکایەکی چالاکترو خزمەتی زیاتر بکات».

ئەوەش بە گرنگ دەزانێت، کە لە کۆنگرە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەرفراوان بکرێتو ڕێگە نەدرێت بەرتەسکبکرێتەوەو بڕگەو مادەکانی یاسای ڕۆژنامەنووسیی بە شێوەیەک هەموار بکرێت لە خزمەتو قازانجی میدیاو ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بێت، وتیشی: «پێویستە کوشتنی ڕۆژنامەنووسان قسەی لە بارەوە بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی ئەرکو مافی سەندیکا».

---

# زمانی کوردی، لە پەرلەمانی عێراق بەکاردەهێنرێت

بەرهەم خالید

لەسەر پێشنیازێکی پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان، ئوسامە نوجێفی بەڵێن دەدات، لەمەودواو پاش چوونە ناو هۆڵی نوێی پەرلەمان، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمیی لەپاڵ عەرەبیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەڤاڵ کوێستانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دانیشتنی سێیەمی خولی نوێی پەرلەماندا، پێشنیازی کردووە کە وەک چۆن لە دەستووری عێراقدا هاتووە، لە مادەی (٤)بڕگەی(ب) کە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی ڕەسمیی نووسینو قسەکردنە لە ناو سەرجەم دامودەزگاکاندا، بە گوێرەی هەمان مادە، دەبێت لە هۆڵی پەرلەمانیشدا ئەوە پەیڕەو بکرێت، چ لە گفتوگۆ، یان بڕیارەکانی پەرلەماندا».

کوێستانی، ئەوەشی خستەڕوو کە پێشتر وەک فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەیان باسکردووەو لە ڕوانگەی ئەوەی کە پەرلەمانتارە کوردەکان زمانی دایکیان کوردییە، باشتر دەتوانن گفتوگۆی پێبکەنو لەهەمانکاتدا بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بزانن لە هۆڵی پەرلەماندا چی دەگوزەرێت، بۆیە داوایانکرد، دانیشتنو گفتوگۆکان بە هەردوو زمان بنو خەڵک بزانێت لە پەرلەمان چی ڕوودەدات.

ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی پەرلەمانیش پێشنیازەکەی بە باشو بەجێ وەسفکردووەو ڕەزامەندیی نیشانداوە، چونکە داواکە دەستوورییو یاساییە، بەڵام وتوویەتی ئێستا ئەو ئامێرانە بۆ ئەو کارە لەبەردەستدا نینو بەڵێنیداوە کە لە چەند هەفتەی داهاتوودا، کاتێک پەرلەمان دەچێتە هۆڵی نوێی خۆیەوە، ئەو ئامێرانە دابین بکرێن بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بۆ هەردوو زمان وەربگێڕدرێن، چ لە هۆڵی پەرلەمان، چ بۆ هاوڵاتییانیش کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دانیشتنەکان دەبینن.

---

# (٤١٪)ی ژنانی کوردستان خەتەنەکراون

ڕۆژنامە

**وەزارەتی تەندروستی هەرێم ئاشکرایکرد؛ کە ڕێژەی (٤١٪)ی ژنانو کچان لە هەرێمی کوردستان خەتەنەکراونو لەناو منداڵانی خوار تەمەن (١) سالیشدا ڕێژەکە بۆ (١٪) کەمبووەتەوە**

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕۆژی یەکشەممە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی وەزارەتی تەندروستی لە لایەن وەزارەتو پلاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی مێینە ئەنجامدرا، جەمیل عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: ئەو ئامارانەی باسی لێوە دەکرێت لە بارەی خەتەنەکردنی ئافرەتان بەشێکیان ڕاست نین، بە تایبەت کە باس لەوە دەکرێت، کە گوایە لە هەرێمی کوردستان (٧٦٪)ی ژنان خەتەنەکراون، بەڵکو ڕێژەکە لە هەموو هەرێمی کوردستان (٤٠٪)و لە خوار تەمەنی (٢٠) ساڵییەوە، هەروەها لە خوار تەمەنی (٥) ساڵییەوە ڕێژەکە (٢٠٪) کەمترە، هەروەک لە خوار تەمەنی یەک ساڵییەوە ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان (١٪ ) کەمترە.

هاوکات ڕەمزیە عەبدولوەهاب، نوێنەری پلاتفۆرمی (نا بۆ شێواندنی مێینە لە هەرێمی کوردستان) ڕایگەیاند: لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٩دا لە سلێمانیو دهۆک بە بەشداریی (٥١) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمپەینەکەمان دەستی پێکرد، لە ٢٠١٠/١٠/١٣ لە شاری هەولێریش هەمان کەمپەین ڕاگەیاندرا، ئامانجمان کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بوو لەناو کۆمەڵگەدا.

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا، دکتۆر درەخت ئەرشەد، بەڕێوەبەری بەشی چاودێریی دایکو منداڵ لە وەزارەتی تەندروستی لە بارەی دوایین ئاماری خەتەنەکردنەوە، ڕایگەیاند: لە ڕۆژی (٧/١-٧/٣٠) لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکمان ئەنجامدا، کە تێیدا (٥١١٢) ئافرەت بەشدارییان تێدا کرد، گەیشتین بە چەند ئەنجامێک.

وتیشی: (٤١٪)ی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان خەتەنەکراونو (٥٩٪) خەتەنە نەکراون، لە شاری دهۆک هیچ حاڵەتێکی خەتەنەکردن نەبووە، ئەوانەی خەتەنە کراون زۆربەیان تەمەنیان گەورە بووە، ڕێژەی خەتەنەکردن لەناو منداڵان زۆر کەمترە، ئەوانەی خەتەنەش کراون بە ڕێژەی یەکەم دایکو دواتر داپیرو دوای ئەویش باوک بڕیاری خەتەنەکردنیانی داوە.




خەتەنەکردن لە نەوەی نوێدا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت

# ئۆجەلان لە بایدەمیر نیگەرانە

رۆژنامە

**عوسمان بایدەمیر، سەرکردەی پارتی بەدەپەو سەرۆکی شارەوانیی ئامەد، پەکەکەو سەرکردەی زیندانیکراوی ئەو پارتەی نیگەرانکرد.**


عەبدوڵڵا ئۆجەلان

پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە) جێـگـرەوەی چـەنـد پارتێکی دیکەی یاساخکراوی کوردییە، کە یەک خاڵ کۆی دەکردنەوە، گشتیان لەژێر فەرمانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا بوون‌و بە «باڵی مەدەنی» ئەو حیزبە دادەنران، هەر ئەندامێکی ئەو حیزبانەش لە فەرمانەکانی پەکەکە لایانبدایە، رووبەڕووی رەخنەگرتنی جەماوەریی‌و حیزبیی دەبوونەوە.

عوسمان بایدەمیر، نەک پەکەکە، بەڵکو خودی ئۆجەلانی تورەکردو لە زیندانەکەی خۆیەوە لە ئیمراڵی وەڵامیدایەوە، کە یان دەستلەکاربکێشێتەوە، یان رەخنە لەخۆی بگرێت، یاخود پەیوەندیی بکات بە پارتی دادو گەشە (ئەکەپە)ی دەسەڵاتدارەوە.

ئۆجەلان، زۆر بەتوندیی وتوویەتی: «دەزانـم گەنجانی سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر کە بە قەڵای پارتە کوردییەکان دادەنرێت، بە لێدوانێک گومانی خستە سەر ئەم پەیوەندییە»، بایدەمیر وتی: «چەک رێگەی چارەسەرکردنی کێشە نییە، رۆڵی چەکەکان لە سەدەی بیست‌و یەکدا بەسەرچووە، ئەم لێدوانەش نەک هەربووە هۆی تورەکردنی دیاربەکر، بەڵکو دەمی دەشکێنن‌و ناهێڵن ئەم جۆرە قسانە بڵێتەوە».

پێشتر ئەو جۆرە کێشانە بە شێوەیەکی نهێنیی چارەسەر دەکران‌و بە فەرمانێکی پەکەکە هـەرزوو کەسەکە لە کار دەخرا، یاخود بۆ خۆی دەستی لە کار دەکێشایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە لایەن کارمەندێکی هـەرە بـاڵای حکومەی «باڵی مەدەنی» پەکەکەوەیە، هەربۆیە لەکارخستنی دەبێتە هۆی دروستکردنی مشتومڕێکی زۆر لە سیاسەتی کوردیدا.

هەرچەندە تائێستاش بایدەمیر، هیچ لێدوانێکی وەک وەڵامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان نـەداوەتــەوە، بــەڵام گولتەن کیشناکی، هاوسەرۆکی بەدەپە وتی: کە ئێمە رەخنەکەی ئۆجەلان بە هەند وەردەگرین، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا کە عوسمان بایدەمیر، شتێکی هەڵەی نەکردووە، کیشناک، وتی: «هەموو کەس مافی رەخنەگرتنی هەیەو ئۆجەلانیش ئەم مافەی بەکارهێناوە، ئەو دەتوانێت رەخنە لە هەر کەسێک بگرێت، دەتوانێت رەخنە لە بایدەمیرو لە منیش بگرێت»، بەڵام بەرپرسانی دیکەی بەدەپە ئامادە نەبوون لێدوان لەوبارەیەوە بدەن.

هـەنـدێـک لـە مـیـدیـای تـورکـیـا ئەم مشتومڕەی نێوان ئۆجەلان‌و بایدەمیریان، بە دابەشبوونێکی واقیعی‌و جەماوەریی کـوردەکـان دانــاو پێیانوایە؛ لە ئێستادا جەماوەری کوردی بێزاربوون‌و بەدوای چارەسەری سێیەمدا دەگەڕێت، ئەمەش لـەدوای ئەوەی هەندێک بازنەی کوردی پاڵپشتی بایکۆتەکەی (١٢)ی سێپتێمبەری بەدەپەیان نەکرد، بە روونی دەردەکەوێت ئەم گفتوگۆیە درێـژە دەکێشێت، بەوەی پارتی کۆماری خەڵک (جەهەپە) خۆی بە ئۆپشنی سێیەم دادەنێت‌و پێیوایە؛ کوردەکان لە ئێستادا پێویستە روو لەم پارتە بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەیان، بەڵام ئەم ئیختیارە لە ئێستادا بە «نەگونجاو» دادەنـرێـت، بەهۆی سیاسەتەکانی ئەم حیزبەوە لەگەڵ کێشەی کورددا.

تائێستا چەندین جار بەدەپە بە بوون بە «باڵ»ی پەکەکە تۆمەتبار کراوەو بەوپێیەی پەکەکە رێکخراوێکی «تیرۆریستییە» لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی تورکیاو ئەمریکادا، بەڵام ئەو رێکخراوە بە شێوەیەکی یاسایی گشت ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوەو وەک حیزبێکی مەدەنی لە تورکیادا خۆی پێناسە دەکات کە ئامانجیەتی بگاتە دەسـەڵات، ئەم جۆرە مشتومڕانە هەمیشە بـوونـەتـە هـۆی دەرخستنی توانای پەکەکە بەسەر رێکخراوە کوردییە مەدەنییەکانی تورکیاداو هەمیشە لە سـوودی پەکەکە شـکـاوەتـەوە، بـەڵام هەندێجار دەوڵەتی تورکیاش سوودی لەم جۆرە کێشانە وەرگرتووە بۆ سەلماندنی بوونی لینکێک لەنێوان پەکەکەو حیزبە کوردییەکانداو دواجاریش لە رێگەی دادگای بـاڵاوە حیزبەکانی داخستووە، کەیسی دەتەپەو حیزبە کوردییەکانی پێشتریشی بەمجۆرەن.

هەرچەندە بەرپرسانی دیکەی بەدەپە ئامادەنەبوون کێشەکە قووڵتر بکەنەوەو لێدوان بـدەن، بەڵام بێدەنگیی‌و وەڵامی بایدەمیر، ئەو هێڵە دیاریی دەکات کە ئێستا سیاسەتی مەدەنی کوردی لە تورکیادا پێدا دەڕوات، ئەوەی کە تائێستاش عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە تاکە فـەرمـانـداری سوپایی‌و سیاسیی کوردی ئەو وڵاتەیە، پچڕاندنی مشتومڕەکە لە ئێستادا بەڵگەی سەرەکیی ئەم دیدەیە.

> «هەندێک لە میدیای تورکیا ئەم مشتومڕەی نێوان ئۆجەلان‌و بایدەمیریان، بە دابەشبوونێکی واقیعی‌و جەماوەری کوردەکان دادەنێت»

# ویکیلیکس، دۆسیە نهێنییە دیبلۆماسییەکانیش ئاشکرا دەکات

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

**جارێکی دیکە ویکیلیکس، جیهانی سەرسامکرد بە پەیمانی بڵاوکردنەوەی نزیکەی سێ ملیۆن دۆکیۆمێنتی هەواڵگریی، ئەمەش حەوت ئەوەندەی دۆکیۆمێنتە نهێنییەکانی جەنگی عێراقە، کە بە گەورەترین دزەکردنی زانیاریی موخابەراتی دادەنرا.**


برادلی مانینگی

سیاسییەکان هـەر لـە سـەرەتـاوە کاردانەوەی جدییان بەرامبەر ئەو هەواڵە نواند، مایکڵ مولەن، سەرۆکی ئەرکانی ئەمریکا داوای «وەسـتـانـدن»ی ئەو بڵاوکردنەوەیەی کردو هیلاری کلنتۆنیش، چەند وڵاتێکی لە هەستیاریی دۆسیەکان ئاگادار کردەوە، لەوانە: (ئیسرائیل، تورکیا، بەریتانیا، سویدو نەرویج)، بە پاساوی ئـەوەی بەڵگەنامە هەواڵگرییەکان «لە رووی دبلۆماسییەوە شەرمەزارکەرن»و زانیارییەکان «کاریگەرییان بۆ سەر بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئێمەو وڵاتانی دیکەش» هەیە.

هەربۆیە جولیان ئاسانجی، دامەزرێنەری ویکی لیکس لە لایەن زۆرێـک لە وڵاتانی جیهانەوە داواکـراوەو ئێستاش لە سوید رووبـەڕووی دادگا دەکرێتەوە، بەریتانیا تـەواوی رۆژنامەکانی ئاگادار کـردەوە بـەوەی؛ بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە «ئاسایشی نەتەوەیی».

## لینکی نێوان پەکەکەو ئەمریکا — تورکیاو ئەلقاعیدە

یەکێک لەو بەڵگەنامانەی کە هەر پێش بڵاوبوونەوە دزەی کردووەتە ناو میدیاوە، دەنگۆی پەیوەندیی نهێنیی نێوان ئەمریکاو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە، کە گەر راست بێت دوورنییە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن‌و ئەنقەرە بەرەو خراپیی بـەرێـت، ئـەمـە جگە لـەوەی هەمان بەڵگەنامەکان پێدەچێت باس لە پەیوەندیی نێوان ئەلقاعیدەو تورکیا بکات لە عێراقدا.

بەمشێوەیەش ئەو دوو هاوپەیمانە مێژووییە یارمەتی دوژمنەکانی یەکترییان داوە لە زەمەنێکی دیاریکراودا، بەڵام هەواڵی دزەکردنی ئەو بەڵگەنامانە کاردانەوەی هـەردوو حکومەتی ئەمریکاو تورکیای بەدوادا هات.

ئەحمەد داود ئـۆغـلـوی، وەزیـری دەرەوەی تورکیا لە کاردانەوەیەکدا بە رۆژنامەی حورییەت دەیلی نیوزی راگەیاند: «تورکیا هەرگیز پاڵپشتی هیچ گرووپێکی تیرۆریستی نەکردووە، شەڕ دژی تیرۆریزم ئەولەویاتمانەو جیاوازییش لەنێوان ئەلقاعیدەو گرووپێکی دیکەی تیرۆریستیدا ناکەین، تورکیا چەند هەڵمەتێکی دژی ئەلقاعیدە ئەنجامداوە».

هەر زوو بەرپرسێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکاش لە ئەنکەرە ئەو بەڵگانامانەی بە «هیچ» لەقەڵەمدا، لەگەڵئەوەی تائێستاش بەڵگەنامەکان بڵاونەبوونەتەوە.

جەیمس جێفری، باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە تورکیاو باڵیۆزی ئێستای ئەمریکا لەعێراق، نیگەرانیی خۆی نیشاندا بەرامبەر (ویکیلیکس)و پێیوابوو؛ بە هۆی ویکیلیکسەوە ناتوانێت بە تەواوی باوەڕبەخۆبوونەوە پەیوەندییەکان بنیاد بنێت لەگەڵ وڵاتانی دیدا، جێفری، وتی: «ئەمە زیان بە کارەکەمان دەگەیەنێت لێرە».

## رەخنەگرتن لە ماندێلا

یەکێکی دیکە لە بەڵگەنامەکان، کە لە بەشی فایلە دبلۆماسییەکانی ئەمریکادایە، باس لە رەخنەگرتن لە نێلسۆن ماندێلای، سەرکردەی ئەفسانەیی ئەفریقای باشوور دەکات.

رەخنەگرتن لە ماندێلا، پێدەچێت کاردانەوە بێت بۆ رای ئەو سەرۆکە لەسەر جەنگی (ئەمریکا-عێراق)، ماندێلا، بە توندیی رەخنەی لەو جەنگە گرت‌و ئیدانەی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکای کرد، بەوەی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی (UN)ی پێشێلکردووە، چونکە سەرۆکی ئەوسای (یوئێن) رەشبووە، جگە لەوەی تۆنی بلێری بە «وەزیری دەرەوەی ئەمریکا» ناو بردووە.

هەریەکە لە سەرکردەکانی دیکە کە رەخنەیان لێگیراوە، حەمید کـارزای، سەرۆکی ئەفغانستان، موعەمەر قەزافی، سەرۆکی لیبیاو رۆبەرت موگابی، سەرۆکی زمبابۆیە، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی (٨٠٠) پەیام لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لەندەنەوە رەخنەو رای دوژمنکارانە دژی گۆردن بـراونـی، سـەرۆک وەزیـرانـی پێشووی بەریتانیا دەردەبڕن، ئەمە جگە لەوەی دەیڤد کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی ئێستاش لە رەخنەی ئەمریکا رزگاری نەبووە.

## ئەو گەنجە (٢٣)ی ساڵەی تاکە تۆمەتبارە

دیسانەوە ئەمریکا برادلی مانینگی، شیکاروانی موخابەراتی تەمەن (٢٣) ساڵی بە تۆمەتبار ناوزەد کرد، برادلی مانینگ، خەڵکی ویلایەتی ئۆکلاهۆمایەو لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا لە عێراق بە تۆمەتی دزەپێکردنی زانیاریی موخابەراتی بۆ ویکیلیکس دەستگیر کرا.

ئـەو دەستگیر کــراوە بـە تۆمەتی گواستنەوەی دۆسیەی هەواڵگریی لە کۆمپیوتەری موخابەراتەوە بۆ کۆمپیوتەری شەخسیی‌و پەیوەندیی دروستکردن لەنێوان زانیاریی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەرچاوەیەکی نادیار.

پێشبینی ئەوەشدەکرێت، کە مانینگ، توانیبێتی دۆسیەی هەرە نهێنیی هەواڵگریی ئەمریکا هاک بکات بۆ سەر کۆمپیوتەرە شەخسییەکەی، جگە لە برادلی مانینگ، چەند جارێک هەوڵدراوە جولیان ئاسانج، دەستگیر بکرێت‌و زیندانیی بکرێت، بەڵام تائێستا یاساکان لە دژی نەسەلمێنراون.

جولیان ئاسانج، دامەزرێنەرو وتەبێژی ویکیلیکس، کەسێکی ئوسترالییەو بە چەندین تۆمەت رووبـەڕووی دادگـا کراوەتەوەو دواترینیشیان ئاگادارکردنەوەی دادگایەکی سویدی بوو بە تۆمەتی «لاقەکردن»ی ژنێک، بەڵام ئاسانج، بە تەواویی ئەو تۆمەتەی رەتکردەوەو وتی: «دەیانەوێت سومعەم لەکەدار بکەن».

ویکیلیکس، وێبسایتێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی موخابەراتی‌و پێشتر بە هۆی بڵاوکردنەوەی چەند دۆکیۆمێنتێک لەسەر جەنگی ئەفغانستان‌و عێراق، ناوی دەرکرد، لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا ئەم وێبسایتە گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاوڵاتییانی عێراقی بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا دەکوژران.

لە مانگی تەممووزیشداو لەژێر ناونیشانی یادەوەرییەکانی شەڕی ئەفغان، ئەم سایتە (٧٦,٩٠٠) دۆکیۆمێنتی بـڵاوکـردەوە، کە پێشتر نەخرابوونە بـەردەم جەماوەر، سەرجەم ئەم بڵاوکردنەوانەش بوونە هۆی دەنگدانەوەیەکی نێودەوڵەتی‌و سیاسیی بەهێز لە بـارەی شەرعیەتی جەنگ‌و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم ناوچانە، بەڵام بڵاوکردنەوەی مەلەفەکانی ئەمجارە جەنگ تێدەپەڕێنێت‌و دەچێتە بـواری دبلۆماسییەتەوە.

چۆن چاکسازیی لە پەرلەمان بکرێت؟ 12

## سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا:

# چاوەڕێی هەڵوێستی گۆڕانینو وەزارەتی شیاویشی بەردەکەوێت

راپۆرتی: کاروان عومەر

**عەلی عەلاق، سەکردەی ئیئتیلافی دەولەتی یاسا وردەکاریی خالی ئیئتیلافو پێویستیی وەزارەتو پۆستەکان بەو خاڵانە بۆ رۆژنامە ئاشکرا دەکاتو جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پۆستی سەرۆک کۆمار (١٠) خالی لەسەر حسابکراوە**

عـەلاق، ئـامـاژە بـەوە دەکـات؛ «کە چاوەڕوانی هەڵوێستی فراکسیۆنی گۆڕانین تا بەپێی قورسایی خۆی پۆست وەربگرێت».

دابەشکردنی وەزارەتو پۆستە باڵاکان لە حکومەتی نوێی عێراقدا، لەسەر بنەمای خاڵو تەوافوقی سیاسیی تەمومژی دروستکردووە، بەڵام عەلی عـەلاق، سەرکردەی دەولەتی یاسا ئاماژە بەوە دەکات؛ سەرجەم لایەنەکان رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای خاڵ بێت، نەک تەوافوقی سیاسییو هەر خاڵێک یەکسان بێت بە (٢،٢٤) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا.

ئەمە لەکاتێکدایە هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان بەوە دا؛ کە پۆستەکانی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە دوور دەبن لە پێوانەکردنی خالی ئەو لیستانەی وەریانگرتووە، بەڵام عەلی عەلاق، ئاشکرایکرد؛ کە پێدانی ئەو پۆستانەش وەک خاڵ حسابکراوەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەریەک لە پۆستی سەرۆک وەزیـرانو سـەرۆک کـۆمـارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران یەکسانن بە (١٠) خاڵو جێگرەکانیشیان بە (٥) خاڵ حسابکراوە».



جەماوەری لیستی گۆڕان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا — فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

سەبارەت بە خاڵی پۆستە وەزارییەکانیش سەرکردەکەی دەولەتی یاسا روونیکردەوە؛ کە بۆ وەزارەتە سیادییەکان دوو خاڵو نیو دانراوەو هەریەک لە وەزارەتەکانی کارەباو بازرگانیش پێویستیان بە دوو خاڵ هەیەو وەزارەتەکانی تریش پێویستیان بە خاڵو نیوێک هەیەو وەزارەتەکانی دەوڵەتیش پێویستیان بە یەک خاڵ هەیە، وتیشی: «کورد مافی خۆیەتی وەزارەتێکی سیادیی وەربگرێت».

بـەڵام عەلی عـەلاق، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە پێدانی پۆستەکان لەپاش پێوانەکردنی خالی فراکسیۆنەکان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، پێویستی بە رێککەوتنی نێوان لایەنەکانیش هەیە، وەک ئاماژەیەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو پۆستانە لە رێگەی گفتوگۆوە، رایگەیاند: «پێدانی پۆست، یان وەزارەتێک بە لایەنێک، راستە لەسەر بنەمای خاڵ دەبێت، بەڵام دەبێت سەرجەم لایەنەکانی رێکبکەون لەسەر دابەشکردنی وەزارەتـەکـانو پۆستەکان، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە پۆست، یان وەزارەتێک جێگەی بایەخی ژمارەیەک لایەن بێت، بۆیە دەبێت سەرجەم لایەنەکان رێکبکەون لەوبارەیەوە».

کێشمەکێشمی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی راسپێدراو بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ کاتدا، لەکاتێکدایە تائێستا بە تەواویی روون نەبووەتەوە فراکسیۆنی گۆڕان، کە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشاوەتەوە، بە چی شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن مالیکییەوە.

لەوبارەیەوە عەلی عەلاق، ئاشکرایکرد؛ کە ئەوان وەک ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا سەبارەت بە پێدانی پۆستی وەزاریـی، یان دانوستانکردن لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕاندا چاوەڕوانی دوایین هەڵوێستی ئەو فراکسیۆنە دەکەن، وتیشی: «ئەگەر گۆڕان بچێتەوە ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو فراکسیۆنەدا گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەینو ئەگەر وەکو لیستێکی جیا بمێنێتەوە، ئەوا دانوستانیان لەگەڵ دەکەین بەپێی قورساییو ژمارەی کورسییەکانیو پۆستی شیاوی پێ دەدەن»و ئاماژەی بەوەشدا؛ کە لە سـەرەتـاوە سەرجەم لایەنەکان کۆک بوون لەسەر پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانیی، واتە؛ سەرجەم لایەنە براوەکانی بەشداریی دەکەن لە حکومەتدا بێ فەرامۆشکردنی هیچ لایەنێک.

یەکێک لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان کوردو عێراقییە لە لایەکو مالیکی لە لایەکی تر ئەو مەرجەیە، کە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە هەرکام لەو لیستانە لە حکومەتی نوری مالیکی کشانەوە حکومەت هەڵدەوەشێتەوە، کـە دەنـگـۆی ئـەوە هەیە بـە پاساوی «نادەستووریی» ئەو خاڵەوە مالیکی پێی رازی نەبووبێت، لەو بارەیەشەوە سەرکردەکەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا وتی: «ئەو خاڵە رەتنەکراوەتەوە لەلایەن دەوڵـەتـی یـاسـاوە، بـەڵام گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووەو بە شێوەیەکی تر ئاماژەی پێکراوە».

---

## «دواخستنی سەرژمێریی لەدەست مالیکیدایە»

# مەهدی عەلاق: ئامادەین سەرژمێریی لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدەین

رۆژنامە

سـەرۆکـی سەنتەری نیشتمانیی عێراقی بۆ سەرژمێریی ئەوە رەتدەکاتەوە، کە کوردیان بۆ دوایین کۆبوونەوە سەبارەت بە پرسی سەرژمێریی بانگهێشت نەکردبێتو بڕیاری دواخستنیشی دەگەڕێنێتەوە بۆ مالیکی.

لـەپـاش ئـەوەی هەفتەی رابـردوو لـە بەغدا کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە چارەنووسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا ئەنجامدرا، نارەزایی لایەنە کوردییەکانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لێکەوتەوە، بەوەی کە نوێنەرانی ئەو ئەنجومەنەیان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە داوەت نەکردووە، بەڵام مەهدی عەلاق، سەرۆکی سەنتەری نیشتمانیی لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئەوەی رەتکردەوە، کە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دواخستنی وادەی سەرژمێریی دانیشتووان بووبێتو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا بۆ تاوتوێکردنی ئەو کێشانەبوو کە رێگربوون لە ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە».

مەهدی عەلاق، ئەوەشی رەتکردەوە؛ کە ئەوان لایەنی کوردییان بانگهێشت نەکردبێت بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، رایگەیاند: «هەریەک لە پارێزگاری کەرکوکو نەینەواو سەرۆکی دەستەی سەرژمێریی لە هەرێمی کوردستان بانگهێشت کرابوون، جگە لە سێ ئەندامی پەرلەمانی کورد، کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون».

سەبارەت بە ئامادەیی وەزارەتی پلاندانانیش بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی لەکاتی خۆیدا، مەهدی عەلاق، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، ئەوان ئامادەن سەرژمێریی لە وادەی خویدا ئەنجام بدەنو بڕیاری دواخستن، یان ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا پەیوەندیی بەو کێشانەوە هەیە، کە دەبێت حکومەتی ناوەندیی چارەسەریان بکات.

ئەمە لەکاتێکدایە کە لایەنی کـوردی چەندین جار بەغدای لە دەرئەنجامە سلبییەکانی دواخستنی سەرژمێریی ئاگادار کردووەتەوەو لە بەرامبەردا ناوبراو وتی: «هەڕەشەی حکومەتی هەرێم بۆ هەڵوێستوەرگرتن لە بارەی دواخستنی سەرژمێرییدا پەیوەندیی بە ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە حکومەتی ناوەندییەوەو ئەوان ئەو بڕیارە دەدەن، نەک وەزیری پلاندانان».



مەهدی عەلاق

هاوکات عەلی بابان، وەزیـری پلاندانی عێراق راپۆرتێکی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کردووە سەبارت بە پرسی سەرژمێرییو کێشەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەو ئەگەرەکانی دواخستنی ئەو پرۆژەیە، وەزارەتـی پلاندانان چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتە.

هەروەک سەرۆکی سەنتەری نیشتمانیی عێراقی بۆ سەرژمێریی گشتیی بە دووریشی زانی، کە ئەو سەرژمێرییە لە هەندێک ناوچەی وەکو کەرکوکو نەینەوا ئەنجام نەدرێتو وتی: «ئەو سەرژمێرییە دەبێت لە سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا ئەنجام بدرێت».

لەلایەکی ترەوە، ئیئتیلافی عێراقییە، کە زۆرترین پەرلەمانتاری ناوچەجێناکۆکانی تیایە، سەرسەختترین دوژمنی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانە لە ناوچەجێناکۆکەکانداو داوا دەکەن ئەو پرۆسەیە دوابخرێت، تا وەک ئەوان ئاماژەی پێدەدەن هەندێک گۆڕانی دیمۆگرافی لەو ناوچەیە کە لەدوای (٢٠٠٣) ەوە روویداوە، چارەسەر بکرێت، هاوکات جەمال بەتیخ، سەرکردە لە ئیئتیلافی عێراقییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «عێراقییە کارێک ئەنجام نادات ببێتە مایەی نیگەرانبوونی لایەنی کوردی، چونکە کورد هاوبەشێکی سەرەکییە لە ئیئتیلافی عێراقییەدا، ئامادەین ئەو پرسە لە رێگەی دانوستانەوە لەگەڵ لایەنی کوردی یەکلایی بکەینەوە».

---

## بەڕێوەبەری نووسینگەی هاشمی:

# هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بەسرە، هەڵسوکەوتێکی شەخسی بوو

رۆژنامە

عەبدولئیلا کـازم، سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی (کـوردو بەسرە) کە هەزار ئاڵای کوردستانی لەو شـارە بـەرزکـردەوە، دەڵێت: «لێکردنەوەی ئەو ئاڵایانە ئیجتیهادی شەخسیی بووە، هۆکاری سیاسیی لەپشتەوە نەبووە»، بەرپرسێکی بەسرەش ئاماژە بەوە دەکات، کە ناوبراو پێشوەخت پرسی نەکردووەو شلەژانی دروستکردووە».

پـاش ئـەوەی دوو هەفتە لەمەوبەر هەزار ئاڵای کوردستان لەچەند پێگەیەکی جیاجیای شاری بەسرە هەڵواسرا، وەک ئاماژەدانێک بۆ رۆڵی کورد لە یەکخستنی لایەنە سیاسییەکان لە پێکهێنانی حکومەتداو دواتر بە بڕیارێک سەرجەم ئاڵاکان لێکرانەوە، ئەوکات ئاماژە بەوەکرا کە نووسینگەی تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار ئەو کارەی ئەنجامداوە، بەڵام نووسینگەی هاشمی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: «ئەوە کارێکی شەخسیی عەبدولئیلا کازم بووە کە بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی هاشمییەو لەهەمان کاتیشدا سـەرۆکـی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردو بەسرەیە».

لەوبارەیەوە عەبدولئیلا کازم بە رۆژنامەی راگەیاند: «بە سیفەتی سەرۆکی کۆمەڵەی دوستایەتیی (کوردو بەسرە)، ئاڵای کوردستانم لە شـاری بەسرە بـەرزکـردەوە، نەک وەکو کەسایەتییەکی ئیئتیلافی عێراقییە، یان سەرۆکی نووسینگەی راگەیاندنی تاریق هاشمی، بۆیە ئەو دوو پۆستەی تر پەیوەندییان نییە بەوکارەی کە ئەنجاممداوەو ئەو هەنگاوەشی بەس تەوە بە رۆڵی کورد لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە عـێـراقـداو چارەسەرکردنی تەنگژەسیاسییەکەی.

عەبدولئیلا کازم، وتیشی: «ئەو هەنگاوە هەڵوێستی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوەو هەندێک لایەن پێشوازییان لێکردووە، وەکو پـارێـزگـاری بـەسـرەو هەندێک لایەن دژی وەستاونەتەوە، وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە کە داوای لە پاسەوانەکانی کردبوو ئەو ئاڵایانە لێبکەنەوە، سـەرەڕای ئـەوەی هەردووکیان سەر بە ئیئتیلافی دەولەتی یاسان کە مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، وتیشی: «کـردەوەکـەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو هەڵوێستە سیاسیی نەبووە، بەڵکو ئیجتیهادی شەخسیی بووە».

هاوکات عەلی سوادی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، هۆکاری لێکردنەوەی ئاڵاکانی هەرێمی کوردستان لە بەسرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو هەنگاوەی عەبدولئیلا لەناکاودا ئەنجامدراو پێشوەخت بـەرپـرسـانـی ئەو پارێزگایەی ئاگادار نەکردبووەوە، بۆیە شلەژانێک دروستبووە لە هەڵوێستو کـاردانـەوەکـان لەو پارێزگایەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرگیز نامانەوێت هەڵوێستێک بنوێنین کە لایەنی کوردیی نارەحەت بکەین، بەتایبەت لە ئێستادا لە هەولی ئەوەداین بەسرە بکەینە هەرێمێکی فیدراڵیو پێویستمان بە هاوکاریی کورد هەیە لەوبارەیەوە».



ئاڵای کوردستان لە شەقامەکانی بەسرە

# ...مانی کوردستاندا بکرێت؟




# کەسایەتی پەرلەمانتار

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**کەسایەتی پەرلەماڼتار، بەرپرسیارێتی خەلک، موحاسەبەکردنی ویژدانیی لەنێوان بەجێگەیاندنی بەرژەوەندیی حیزبییو بەرژەوەندیی گشتیی، دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەم ڕاپۆرتە.**

چاودێرانی کاری پەرلەمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن: پەرلەمانتارانی بەرهەمی لیستی حیزبیی لەنێوان ویژدانو حیزبدا دووەمیان هەلدەبژێرن، بەلام پەرلەمانتاران ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوەو پێیانوایە؛ لیستی حیزبیی هیچ ڕێگرییەکی نییە لە بەجێگەیاندنی ئەرکە گشتییەکانی کۆمەلگەدا.

ئەوەی ئاراستە جیاوازەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بەرپرسیارێتی هەمەلایەنەی: دینیی، یاسایی، ویژدانییو کۆمەلایەتی ئەو کەسانەیە بڕیار دەدەن «نوێنەرایەتی خەلک» بکەن.

خەلک بەسەر گرووپە جیاوازەکانی کۆمەلدادابەش دەبێتو کاتێک پەرلەمانتارێک دەچێتە ژێر چەتری گرووپێکو پشت لە بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی هاولاتییانی دەرەوەی ئەو گرووپە دەکات، بە قسەی سەرۆکی لیژنەی ئەوقافی پەرلەمان، دەبێت بۆ قیامەت چاوەڕێی لێپێچینەوەی خواو لە گەڕانەوەشی بۆ ناو کۆمەلگە چاوەڕێی لۆمەی میللەت بێت.

د.بەشیر حەداد، سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی ڕوونیدەکاتەوە: پەرلەمانتار نوێنەری خەلکەو دەنگی پێدراوە تا بەرژەوەندییە بالاکان بپارێزێت، لە دینی ئیسلامدا زۆر جەخت لە حالەتی ویژدان کراوەتەوە، ئەمەش پەرلەمانتار پەیوەست دەکات بە چاودێرییەکی توندی خودیی، بە تایبەت کە خوا ئاگای لە هەموو کارو کردەوەکانمانە.

حەداد، جگە لە پەیوەستبوونە دینییەکە، ئاماژە بە چاودێریی توندی کۆمەلگە دەکاتو دەلێت: «لە دەرەوەی هۆلی پەرلەمان، چاوی خەلکمان لەسەرە، ئەم چاودێریکردنە لەسەرمان پێویست دەکات لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی دەربچینو لە پێناو بەرژەوەندیی فراوانی میللەت ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین، بەمەش بەدەر لە ئاسوودەبوونی ویژدانمان، پەرلەمانێکی چالاکتر دروست دەکەین».

(١١١) پەرلەمانتارەکەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، بە کێبڕکێی لیستی داخراوو بە دەنگو متمانەی خەلک ڕەوانەی هۆلی نوێنەرایەتی کراون، بەپێی داتاکانی هەلبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)، هەر ئەندامێک (١٨٧٦٢)ی دەنگی ڕاستەقینەی لەپشتە.

نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەری سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، چاوەڕێن نوێنەرەکانیان لەنێوان بەرژەوەندیی گرووپە سیاسییەکانو بەرژەوەندیی خەلک هەلوەستەیەک بکەنو لەنێو بەرداشی بەرژەوەندیی حیزبییەکان بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەهاڕن.

ڕێبین ڕەسول، چاودێری سیاسیی دەلێت: «حیزب لە لیستەکەیدا جێی ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە پەیوەستبوونێکی جدییان بۆی هەیە، تا لە هۆلی پەرلەمان بەپێی بەرژەوەندیی حیزبەکەی دەنگ بەپرۆژەیاساکان بدات».

ڕێبین ڕەسول، بۆ ماوەی (٣)سال چاودێریی کارەکانی خولی پێشووی پەرلەمانی کردووەو ئەو کات بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ئاسک) بووە، نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە زۆرجار پەرلەمانتاران بە قەناعەتەوە لەگەل پرۆژەیەک نەبوون، بەلام لەبەر حیزبەکانیان دەنگیان پێداوە.

وتیشی: «لەکاتی کارکردنم لەگەلیان، بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی خولی دووەم ئاماژەیان بەوە دەکرد، زۆر جار قەناعەتیان بە بڕیارێک نەبووەو ویژدانییەن لەگەلی نەبوون، بەلام لەژێر ناوی بەرژەوەندیی گشتیی دەنگیان پێداوە».

لە بەرامبەر ئەو حالەتەدا، د.محەمەد پێنجوێنی، پسپۆڕی ئاینی وتی: «بەرژەوەندیی گرووپو حیزب، بەرژەوەندیی کۆمەلگە نییە، بەلکو هی ژمارەیەکی کەمە، ناکرێت کەسێک ئەو بەرژەوەندییە بەهی گشتیی بشوبهێنێت، بە داخەوە ولاتی ئێمە گیرۆدەی ئەو جۆرە عەقلیەتەیە، کە بەرپرسیارێتی حیزب لە شوێن بەرپرسیارێتی دەولەتیی دەنێتو دەولەت بە هی حیزب دەزانێت».

پێنجوێنی، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئاماژە بە بەرپرسیارێتی دەکاتو دەلێت: «بەرپرسیارێتی تەشریفاتو ڕێزلێنان نییە، بەلکو ئەرکو تەکلیفە، کە مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی گەورەوە، بە شێوەیەک ئەگەر پێی نەکرێت، دەبێت خۆی لێ ڕزگار بکات، نەک وەک ئەوەی کۆمەلگەی ئێمە هەلپەی بۆ دەکرێت، بەپێی شەریعەتی ئیسلامیی، ئەگەر لە دونیادا ئەرکێکت پێ سپێردرا بە باشی بەڕێت نەکرد، لە دونیادا پەشیمان بوونەوەو حەیاچوونە، لە قیامەتیش ،خوای گەورە سزای سەختی بۆ داناوە».

ئەم نەریتە، لە خولی سێیەمی پەرلەمانیش بەتایبەت لە تێپەڕاندنی پرۆژەی بودجەی هەرێم دووبارە بووەتەوە، کە فراکسیۆنی کوردستانیی هەموویان بە «بەلێ» تێیانپەڕاندو ئۆپۆزسیۆنەکانیش بە «نەخێر»، بەلام لە گفتوگۆو تێپەڕاندنی چەند پرۆژەیەکیش نموونەی دلخۆشکەر هەبوون، بەوەی لە هەردوولا بە پێچەوانەی خواستی فراکسیۆنەکان، دەنگی جیاواز هەبووە.

دوای تێپەڕاندنی سالێکو چوار مانگ بەسەر ئەم خولەدا، یەکەم حالەتی دەستلەکارکێشانەوە لە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەماندا تۆمارکرا، ئەوەی خالی سەرنجی کاردانەوەی ئەم حالەتەیە، وەک «پەرلەمانتارەکە» ئاماژەی پێکردووە، هەستنەکردنی سەرۆکی پەرلەمانە بە کەسایەتی پەرلەمانتار.

ڕزگار محەمەد ئەمین، ئەندامی یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی لە نامەکەیدا، کە لە ڕۆژی ٢٠١٠\١١\٨ ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو فراکسیۆنەکەی کردووە، لە بەشێکدا هاتووە: «بەپێی مادەی سێیەم لە یاسای ژمارە (١)ی سالی (١٩٩٢) تایبەت بە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، پەرلەمانتار دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستانو سوێند دەخوات کە پارێزگاری لە یەکێتیی گەلو خاکی کوردستانو بەرژەوەندییە بالاکانی بکات، بۆیە شایەنی ڕێزە، چ وەک تاکو چ وەک ئەوەی شەرەفی نوێنەرایەتی میللی پێدەدرێو کارمەند نییە لای ئیدارەی پەرلەمان».

ئەو پەرلەمانتارە ڕووی دەمی دەکاتە سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی دیموکراتو دەلێت: «سەرۆک ڕێگەپێدراو نییە مامەلەی نەشیاو بە ئەندام پەرلەمان بکات، کە خەلکانێکن متمانەی خەلکو حیزبە کوردستانییەکانیان دراوەتیو هەرکەس جێگەو پێگەی کۆمەلایەتی خۆی هەیە لەدەرەوەی پەرلەمان».

ئەوەی لەم نامەیەدا دەخوێندرێتەوە، ڕزگار محەمەدەمین، دەیەوێت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بلێت؛ پەرلەمانتار خاوەنی پێگەیی کۆمەلایەتی خۆیەتیو پێویستە بەرگریی لە کەسایەتی خۆی بکات.

لەوبارەیەوە، د.بەشیر حەداد وتی: «پەرلەمان بەشێکی گرنگو هەستیارە لە دەولەتو کۆمەلگە، بۆیە پێویست بەوە دەکات خەلکانێکی شایستەو خاوەن کەسایەتی بەهێزو جێی متمانەی خەلک ئەو بەرپرسیارێتییەیان پێبدرێتو دوای وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەش دەبێت پەرلەمانتار بە وردیی مامەلە بکاتو هەلوێستی ڕوونی خۆی هەبێت».

سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئیسلامیی نکولیی لە بوونی خۆی لەناو لیستی حیزبی ناکات، بەلام ئەوەش بەو مانایە نازانێت کە پشت لە بەرژەوەندیی خەلک بکات، وتیشی: «ئێمە لەو ژمارە پەرلەمانتارەین کە خەلکی بێلایەن بووینو کاندید کراوین، بەلام بەرپرسیارێتی ئەخلاقیمان بەرامبەر بەرنامەی فراکسیۆنەکەمان هەیە، ئەمەش بەو مانایە نییە بیروبۆچوونی جیاوازمان لەناو فراکسیۆن نەبێت».

فرەیی دەنگو ڕەنگە جیاوازەکانو بوونی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، لە سیما دیارەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانە، لێرەوە بەرەیەک پێ لەسەر لایەنە باشەکانی ئەم خولە دادەگرێتو ئاماژە بە تەسکبوونەوەی پانتایی نێوان خەلکو پەرلەمان، یان پەرلەمانتارو جەماوەرەکەی دەکات، بەلام هێشتا چاودێرانی سیاسیی ئاماژە بۆ مانەوەی حالەتی «دووفاقەیی» لە ناخی بەشێک لە پەرلەمانتارەکان دەکەن.

ڕێبین ڕەسول، چاودێری سیاسیی ڕایدەگەیەنێت: «لیستی حیزبیی هەبێت ئەو جۆرە ئیزدواجیەتە لە دەروونی پەرلەمانتاردا دەمێنێتەوە، واتە ناتوانن بە قەناعەتی خۆیانو بەدەر لە بەرژەوەندیی حیزبەکەیان مامەلە بکەن، چونکە حیزب دایناونو جەماوەرەکەی دەنگی پێداون، لەو هاوکێشەیەدا دەبێت لەنێوان ویژدانو حیزبدا یەکیان هەلبژێرن، لەوەش دیارە کامیان هەلدەبژێردرێت؟».

ئەم بۆچوونە لەکاتێکدایە، بەپێی مادەی (١١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتار لەکاتی دەستبەکاربوونیدا سوێند لەبەردەم پەرلەمانو خەلکدا دەخۆن کە «پارێزگاری لە یەکێتیی گەلو خاکی کوردستانی عێراقو بەرژەوەندییە بالاکانی نەتەوەکەیان دەکەن».

ئەوەی جێی پرسیارە، بوونی ئەو سوێندە یاساییو ئاینییە تا کوێ بەرپرسیارێتی پەرلەمانتاران لە بەرامبەر خۆیانو خواو خەلک زیاتر دەکات؟ کێ حوکم لەسەر ئەوە دەدات لەماوەی کاری پەرلەمانیدا «کەسەکە» پەیوەست بووە، یان سوێندەکەی شکاندووە؟ ئەو سوێندە وەک ڕێوشوێنێکی ڕۆتینی ئیداریی لێی دەڕوانرێت، یان دەتوانێت پەرلەمانتار پەیوەست بکات بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەل؟

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەلی ئیسلامیی وتی: «سوێندخواردن وەک پەیوەستبوونێکی یاساییو ئاینیو سیاسیی دەبیندرێت، بە شێوەیەک لەسەر کەسو بەرپرسەکانی فەرز دەکات لەکاتی جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانیان سوێندەکە ڕەنگبداتەوە».

لەو چوارچێوەیەدا، پسپۆڕێکی ئایینی ڕوونیدەکاتەوە؛ هەرچەندە سوێندخواردن شکلێکی ڕۆتینی وەرگرتووە، بەلام بەرپرسی بالا کە نوێنەرایەتی خەلک دەکاتو بەرامبەر میللەتەکەی سوێنددەخوات، بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شان، کە ئەگەر لێی دەربچێت بە خیانەت دادەنرێت!

د.محەمەد پێنجوێنی، وتی: «کاتێک لە بەرچاوی خەلک پابەندبوون بە ئەرکەکانت ڕادەگەیەنیت دوو جار چوونە ژێر بەرپرسیارێتییە، چونکە یەکەم: خۆت هەلتبژاردووە، دووەم: بە زمانی خۆت، هەر مرۆڤێک پەیمان بداتو پەیمانەکەی بشکێنێت، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەو مروڤە خائینەو خیانەتی بە نەتەوەو میللەتو یاساو بە پرەنسیپی دەولەت کردووە».

دوای تێپەڕاندنی (٤)سالی ئەرکەکانیان، ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێنەوە ناو خەلک، لەو ماوە زەمەنییەدا پەرلەمانتاران یەکێک لەم دوو لایەنەیان دەستگیر دەبێت: یان بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەریی، کە مێژووییەو بۆ تەمەنی کەسایەتییەک دەمێنێتەوە، یان متمانەی حیزبێکی سیاسییو بەدەستهێنانی پۆستێکی تر.

بەشیر حەداد، کە هاوکات پسپۆڕی هزری ئیسلامیشە بەرپرسیارێتییەکەی سەرشانی بە کۆلێکی قورس دەزانێتو لە بارەی ڕازیبوونی لە کارەکانیشی دەلێت: «تائێستا لە خۆم ڕازی نیم»، ئاماژە بەوەشدەکات؛ دوای سێ سالی تر کاری پەرلەمانتارییان تەواو دەبێتو دەچنەوە ناو خەلک، بۆیە، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئەو خەلکەیان لە بەرچاو نەگرتبێت، ئەوا بۆ مێژوو دەبنە جێی لۆمە، ئەگەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەوانیشدا کاریانکردبێت مێژووییەک بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.


ڕزگار محەمەد ئەمین


د.بەشیر حەداد


ڕێبین ڕەسول


دانیشتنێکی خولی سێی پەرلەمانی کوردستان

# چۆن چاکسازیی لە پەرلە

پەرلەمانی کوردستان یەکەمین دامەزراوەی یاسایی و تەشریعی هەرێمی کوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە کە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵەو سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە، بە رای شارەزایان و چاودێران پێویستی بە چاکسازیی و گۆڕانکارییە.
(رۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەکی لەم بارەیەوە کردووەتەوەو چاوەڕوانی بۆچوونی جدیی و رەخنەگرانەی کەسانی شارەزاو چاودێران و پەرلەمانتارانە، کە بە تێڕوانینەکانیان دۆسیەکە دەوڵەمەند بکەن.
دۆسیەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم بوارانەی کاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان (پەیڕەوە ناوخۆییەکەی).
٢- کەسایەتی ئەندام پەرلەمان.
٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمان و مووچەی پەرلەمانتاران و خانەنشینکردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێکهێنانی هێزێکی بێلایەن بۆ پاسەوانیکردنی دامەزراوەی پەرلەمان.

ئامادەکردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

## عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو:

# پەرلەمان، خۆی مولزەم نەکردووە بە سەقفێکی دیاریکراو کە هەفتانە، یان مانگانە چەند کۆبوونەوە بکات

**عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئاماژە بە پێویستیی گۆڕین و چاکسازیی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەکات، بەشێوەیەک کە ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی و پەرلەمانتارانی تێدا دیاریی بکرێت. ئاماژە بەوەش دەکات: «لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە، خاڵە سەرەکییەکانمان لە پەیڕەودا دیاریی کرد کە پێویستیان بە گۆڕانکاریی هەیەو گەیاندمانە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام گوێی پێ نەدرا».**


عومەر عەبدولعەزیز

**رۆژنامە: بە بۆچوونی بەڕێزتان، دامـــەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، پێویستی بە چاکسازیی هەیە؟**

* بەدڵنیاییەوە، پەرلەمانی کوردستان لەزۆر رووەوە پێویستی بە چاکسازیی هەیە.

**رۆژنامە: ئەو چاکسازییانە، پێویستە لەکام بواردا ئەولەویاتیان بدرێتێ؟**

* گرنگترین بـوار لە پەرلەمان کە چاکسازیی پێویستە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، کە کەموکورتیی زۆری تێدایەو بەداخەوە ئێمە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو، خاڵە سەرەکییەکانمان لە پەیڕەودا دیاریی کرد، کە پێویستییان بە گۆڕانکاریی هەیە، بە (٣٧)ئیمزاوە لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان گەیاندمانە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام گوێی پێ نـەدرا کە پێشنیازی زۆرباشی تێدابوو بۆ چاککردنی پەیڕەوەکە.

جگە لە پەیڕەو، گرفتی تریش هەیە وەک: نەبوونی کەناڵی سەربەخۆی پەرلەمان بۆ پەخشی دانیشتنەکان، یان رێگریی لە رووماڵکردنی کەناڵەکان، کە تا ئێستاش بەردەوامەو سەرۆکایەتیی لە مێژەوە بەڵێنی داوە کە شوێنێک تەرخان بکات بۆ کامێراو پەیامنێران بۆئەوەی کارەکانی تێدا بکەن، بەڵام هەر نەکرا.

لایەنی تریش هەیە وەک: راوێژنەکردن بە فراکسیۆنەکان بۆ دیاریکردنی ئەولەویەتی کارنامەی دانیشتنەکان، کە ئەوە بیرۆکەیەکی گرنگەو بەندە چەندجارێک سەرۆکایەتیم لێ ئاگادارکردووەتەوە، جگە لە کەموکورتیی تەکنیکیی، وەک: کەمیی هۆڵ، لاوازیی کتێبخانەی گشتیی پەرلەمان، نەبوونی بەڵگەنامەو داتا، بچوکیی هۆڵی کۆبوونەوە...هتد.

> **لاوازیی دەسەڵاتی پەرلەمانتار بۆ ئاسەواری ناکۆکییەکان و شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی حیزب دەگەڕێتەوە**

لە رەشنووسێکدا، تێبینییە سەرەکییەکانم لـەسـەر پـەیـڕەوەکـە ئـامـادەکـردووە، سەرەکییەکانیشیان، بریتین لە ئـەوەی (پەرلەمان، خـۆی مولزەم نـەکـردووە بە کـۆبـوونـەوەی هەفتانە، واتـە سەقفێکی دیاریکراو نییە کە هەفتانە، یان مانگانە چەند کۆبوونەوە بکرێت؟ هەروەها دەسەڵاتەکانی سەرۆکو سکرتێرو جێگر پێداچوونەوەیان دەوێت. دیاریکردنی کارو ئەرکو دەسەڵاتی لیژنەکان، کەموکورتییان تێدایە، دەسەڵاتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە (پرسیارو پرسینەوەو چاودێریی و بانگکردن و ... هتد)، ئەوانە هەموویان پێداچوونەوەیان دەوێت، سەرباری ئەوانەش وردە سەرنجی تریش هەن.

**رۆژنامە: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەندام پەرلەمان وەک پێویست خاوەن دەسەڵات و را نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کە نوێنەری هەزاران دەنگە؟**

* هۆی لاوازیی دەسەڵاتی پەرلەمانتار دەگەڕێتەوە بۆ ئاسەواری ناکۆکییەکان و شەڕی ناوخۆو دەستێوەردانی حیزب لە حکومەت و پەرلەمان و هەژموونی حیزبیی لە خولەکانی پێشوودا، هەرچەندە ئەم لایەنە بەرەو چاکبوون دەڕوات.

**رۆژنامە: باس لە زۆریی دەسەڵاتەکانی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتیی دەکرێتەوە، ئـەوەش بەشێوەیەکە، ئەو دەسەڵاتانە زیاترن لە دەسەڵاتی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؟**

* راســتــە لــەســەر جــۆرو رادەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی سەرنج زۆرە، لەو رەشنووسەدا ئاماژەم پێکرد، سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیەکمان هەیە بۆ دەسەڵاتی هەرسێ ئەندامەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

**رۆژنامە: ئایا ئەو تێبینییەت پێ راستە کە دەستەی سەرۆکایەتیی، بەهۆی لاستیکیی مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆوە، هەندێک کات خراپ بەکاریدەهێنن، یان دەسەڵاتی زیاتر لەخۆیان بەکاردەهێنن؟**

* پەیڕەوەکە مۆڵەتی واڵا کـردووە بۆ سەرۆکایەتیی کە دەســەڵاتــی خۆی بەکاربهێنێت، واتە تا پەیڕەوەکە نەگۆڕێت، ئەو حاڵەتانەی رەخنەو گلەییان لەسەرە، بەردەوام دەبن.

**رۆژنامە: پەرلەمانتارێک دەڵێت، لە دنیادا کاری سەرۆکایەتیی، ئیدارەدانە، نەک حاکمی موتلەق وەک کوردستان، رای تۆ لەسەر ئەو دێڕە چییە؟**

* من لەگەڵ ئەو رستەیە نیم، موبالەغەی تێدایە، راستە رەخنەمان هەبووەو هەیە لە جـۆری ئیدارەکە، بــەڵام ئـەو رەهاییە زیادەڕۆییە، جارێک لە کوردستاندا تەنیا سەرۆک ئیدارەی کۆبوونەوە دەکات، نەک دەستەی سەرۆکایەتیی، ئەوە دابەش نەکراوە، تەنانەت لەو خاڵەدا پەیڕەوی ناوخۆش فەرامۆش کراوە، تا بگا بەوە حاکمی موتلەق بن.

**رۆژنامە: بەپێی بۆچوونی تۆ، ئەرکی راستەقینەی دەستەی سەرۆکایەتیی و پەرلەمانتاران چییە؟**

* ئەرکی سەرەکیی سەرۆکایەتیی، ئــیــدارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و سەرپەرشتی لیژنەکان و بەدەمەوەچوونی کــاری پــەرلــەمــانــتــاران و بەڕێوەبردنی دامــەزراوەی پەرلەمان و پێشوازی وەفدو میوان و ئەو شتانەیە، ناکرێت لێرەدا هەموو ئەرکەکان بخەمەڕوو، چونکە وردکردنەوەیان زۆری دەوێت.

پەرلەمانتارانیش ئەرکیان روونە، بەگشت چاودێریی دەزگا تەنفیزییەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتیانە لە (پرسیار)و (پرسینەوە)و چالاکی لیژنەکان، موداخەلەی بەسوود لە کۆبوونەوەکان، بەدەمەوەچوونی هاوڵاتییان و گەیاندنی داواکانیان، موراجەعەی یاساو پرۆژەیاساو ئامادەکردنی پێویست لەو بوارەدا.

**رۆژنامە: پێتوایە، پەیڕەو بەشێوەیەک بێت کە ئازادیی لەناو پەرلەماندا بەرتەسک بکاتەوە؟**

* نــەخــێـر، پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت (ئـەرک)و (ماف)و (میکانیزم) دابنێت، نەک ئازادیی بەرتەسک بکاتەوە.

**رۆژنامە: دوو ساڵە هەوڵی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ دەدرێــتو ئەمساڵیش دوو پرۆژەیاسا بۆ ئەومەبەستە پێشکەش بە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کــران و لیژنەی یاساییش راپـۆرتو پرۆژەیاسای پێشنیازکراوی پێشکەشکردووە بەڵام نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، هۆکارەکەی چییە؟**

* ئەگەر سەرۆکایەتیش لەم خوولەدا، بابەتی پیداچوونەوەی پەیڕەو نەخاتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە وەک فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، پێداگریی دەکەین کە پێشبخرێت، تا بۆ دوو ساڵی داهاتوو گوڕێکی باش بدەین بە پەرلەمان.

**رۆژنامە: ئێوە وەک پەرلەمانتاران، چۆن ئەوە قبووڵ دەکەن کە لەژێر سایەی پەیڕەوێکدا کار بکەن کە (١٩)ساڵ لەمەوبەر دانراوە؟**

* ئێمە قبووڵمان نەکردووە، پێم وتی کە لە یەکەم مانگی دەستبەکاربوونماندا، لەسەرەتای خولی تازەی سێیەمدا، ئێمە پێشنیازمان کرد کە پەیڕەو بگۆڕێت و سەرنجەکانیشمان دایە سەرۆکایەتیی، بەڵام وەرنەگیراو دواخرا، دەبێت ئەو راستییە بزانین کە پەرلەمان مەحکومە بە زۆرینەو فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانیی بەرپرسە لە دواکەوتنی ئەو پرۆژانەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشیان دەکات، بەڵام هاودەنگ نین لەگەڵیان و دوادەخرێت.

**رۆژنامە: پێتوایە، دەبێت پەیڕەوی نوێ بەشێوەیەک بێت کە سەرجەم لیستەکان خۆیان لە بڕیارەکاندا ببیننەوە، نەک بە مەبدەئی زۆرینەو کەمینە؟**

* مەبدەئی تەوافوق، بۆ کاری پیشەیی و ئەرکی رۆژانەی پەرلەمان راست نییە، بەڵام بۆ هەندێک خاڵی گرنگ و دۆسیەی هەستیار کە پەیوەندییان بە تێکڕای جەماوەرەوە هەیە، دەکـرێـت تەوافوقسازی لەنێوان کوتلەکاندا بکرێت، ئەمە لە دنیای مۆدێرنشدا پەیڕەو کراوە، بۆیە ئێمە بۆ هەندێک مەسەلە جەختمان لێ کردەوە وەک: (بودجە، دەستەی هەڵبژاردن، مافی مرۆڤ، چاودێریی دارایی، دەستەی نەزاهە).

**رۆژنامە: پەرلەمان، سێ وەزیفەی سەرەکیی هەیە، بەڵام هیچکام لەمانەی وەک پێویست رانەپەڕاندووە، هۆکارەکەی چییە؟**

* بەو رەهاییە نییە کە پەرلەمان هیچ ئەرکێکی رانەپەڕاندبێت، ئێمە بـەردەوام چ وەک پەرلەمانتار، چ وەک لیژنەکانی پـەرلـەمـان، خەریکی (بـەدواداچـوون)و (پرسینەوە)و (چاودێریی)و (یاسادانان)ین، بەڵام راستتر وایە کە بڵێین: وەک پێویست نییە، بە تایبەتی لە رەهەندی چاودێریی سەر حکومەت و دەزگاکاندا، کاری زیاتری دەوێت و لە رەهەندی یاسادانانیشدا، هەنگاوی سستی ناوە، بەڵام پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت کە هیچ خولێکی پەرلەمان بەقەدەر ئەم خوولە زیندوو و گەرموگوڕ نـەبـووە، بۆیە من وادەزانم، سەرەتایەکی باشە بۆ ئاشنابوونی جەماوەری دەنگدەر بە رادەی لێهاتوویی و لێبڕاوی نوێنەرەکانیان، چ ئەوانەی سەر بە فراکسیۆنی زۆریـنـەی دەسـەڵاتـن، چ فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن.

> **پەرلەمان، لە رەهەندی چاودێریی سەر حکومەت و دەزگاکاندا، کاری زیاتری دەوێت و لە رەهەندی یاسادانانیشدا، هەنگاوی سستی ناوە**

### خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان

دوای ئەوەی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، کە (٢٤) لیست بەشدارییان کرد بۆ کێبرکێ لەسەر (١١١) کورسی و تێیدا (١١) لیست توانیان رێژەی یاسایی بەدەست بێنن و نوێنەرەکانیان بنێرنە پەرلەمان.

- لیستی کوردستانیی کە لە یەکێتی و پارتی پێکدێت، بە ژمارە (٥٤) بەشدارییان کردو (٥٩) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا.
- لیستی گۆڕان بە ژمارە (٥٧) بۆ یەکەمجار بەشداریی لە هەڵبژاردندا کرد، (٢٥) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.
- لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی کە لە حیزبەکانی (یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامیی، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان) پێکهاتبوو، بە ژمارە (٥٩) بەشدارییان کردو (١٤) کورسییان بەدەستهێنا، دواتر لەناو پەرلەمان هەڵوەشانەوەو بوونە (٤) فراکسیۆن.
- لیستی ژمارە (٥٨) بزووتنەوەی ئیسلامیی (٢) کورسی بەدەستهێنا.
- لیستی ژمارە (٦٨) ئەنجومەنی میللی کلدانی (٣) کورسی.
- لیستی ژمارە (٦٩) بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی لە کوردستان (٣) کورسی.
- لیستی ژمارە (٥٥) ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی (١) کورسی.
- لیستی ژمارە (٦٧) رافیدەین (١) کورسی.
- لیستی ژمارە (٧٠) تورکمانی هەولێر (١) کورسی.
- لیستی ژمارە (٧٢) چاکسازی تورکمانی (١) کورسی.
- لیستی ژمارە (٧٤) ئەرمەن (١) کورسی.

# مەرزی باشماخ «نێودەوڵەتی» نییە

بەدواداچوونی: خالید مەحمود

«مەرزی باشماخ سیمایەکی وای پێوە دیار نییە کە دەسەڵاتی ئیداریی بەڕێوەی ببات، بێخزمەتییەکی زۆری پێوە دیارە، تەنانەت تەوالێتێکیشی تێدا نییە».

هێمن محەمەد، تەمەن (٣٢) ساڵ، یەکێک بوو لەو گەشتیارانەی کە بەرەو خاکی ئێران دەڕۆیشتن، بەو شێوەیە باسی لە کەمیی خزمەتگوزاریی‌و نەبوونی مەرجەکانی مەرزی رەسمیی کرد لە باشماخ.

مەرزی نێودەولەتیی باشماخ کە ماوەی زیاتر لە سالێکە بە شێوەیەکی فەرمیی کراوتەوە وەک دەروازەیەک لەنێوان هەرێم‌و ئێراندا، جگە لە ئالوگۆری بازرگانیی، رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان بە مەبەستی گەشتکردن لەو دەروازەیەوە هاتوچۆ دەکەن.

شەهرام موعینی، (٤٤) ساڵ گەشتیارێکی ئێرانی بوو باسی لەوە کرد؛ کە باشماخ لە مەرزی نێودەولەتیی ناچێت‌و هیچ سیمایەکی بەوجۆرە بەدیناکات لەو مەرزەدا: «پێویستی خەلکی تێدا نییە، ئەگەر بمانەوێت لە پێنجوێن، یان لەمەرز بمێنینەوە هیچ میوانخانەیەک بەدی ناکەین، تەنانەت پێنجوێنیش کە تیایدا بمێنیتەوە، جگە لە ریستورانت‌و چێشتخانە لە مەرزەکە». لەگەڵ ئەوەشدا لە هەلسوکەوتی کارمەندەکانی مەرزەکە رازی بوو: «زۆر رێزمان لێدەگرن لە چاو خاکی ئێران کە ولاتی خۆمانە ئاسانتر کاری گەشتیار بەرێدەکەن».

سەعدی حسێن عەلی، تەمەن (٢٧) ساڵ، دانیشتووی شاری مەریوانە لەژێر کەپرێک دانیشتبوو بۆ رۆژنامە وتی: «مەرزەکە هەر لە نێودەولەتیی ناچێت، گەشتیارێک شەوی بەسەردا بێت شوێنێک شک نابات تیایدا بمێنێتەوە، ناچار پەنا دەباتە بەر مزگەوتەکان، یان لە کۆڵانەکاندا رۆژ دەکاتەوە، زۆرجار لە زستاندا خەڵک لە مالیشدا ئۆقرە ناگرێت، ئەی چۆن بتوانێت لە مزگەوت‌و شەقامەکان رۆژ بکاتەوە؟، یان خانەوادەی لەگەلە زۆربەی موسافیر (گەشتیار)، کە لە بێ شوێنیدا ناچار کرێیەکی زۆرو دەربەست (خصوصی) بدات بۆ سلێمانی، یان گەر لەو سەرەوە بوو بۆ مەرزو بڕواتەوە بۆ ئێران».

سەعدی، ئاماژەی بەوەدا؛ کە زیاتر لە کاتژمێرێکە دەگەرێت لەو مەرزەدا بۆ ئەوەی خواردنێکی خاوێن بخوات وتی: «سەعاتێکە سک هەڵدەگوشم تەبیعەتم نایەت لەفەی سەر عارەبانە بخۆم، چونکە هەرچی سەیر دەکەم ئەو خواردنانەی لە مەرزدایە تەپوتۆزی بەسەردا دەبارێت».

کێشەیەکی دیکەی گەشتیاران لە مەرزەکە زۆریی پشکنین‌و دووبارەکردنەوەی هۆکارەکانی سەردانی ئێرانە، کە بە وتەی هاوڵاتییان: زۆرجار دەگاتە ئاستی بێزارکردن.

ئیدریس ئەحمەد، هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستانەو دەیویست سەردانی ئێران بکات بۆ رۆژنامە وتی: «جگە لەوەی کێشە لە پاسپۆرتماندا نییە لەسەر مەرزو لە هەموو بازگەیەک داوای پاسپۆرت دەکەن، دەڵێن؛ بۆچی دێن؟، دە رۆژمان بۆ دەنووسن کە رۆشتن‌و هاتنەوەمان بۆ حسابە، دوو رۆژمان دەفەوتێت‌و لەوەش ناخۆشتر کەفیلمان لێوەردەگرن، باشە کە من پاسپۆرتم هەبێت کە فیلم بۆچییەو بۆ تەکلیف لە کەفیل بکەم، کە زۆرجار بێکەفیلی دەبێتە گرفت‌و کارمان دوادەکەوێت».

هێڵی گواستنەوەی (پێنجوێن- باشماخ) (٢٥٠) ئۆتۆمبێلی تێدایەو (پێنجوێن- سلێمانی)یش (٣٥٠) ئۆتۆمبێلی تێدایە، شۆفێرەکان نارازین لەوەی کە نەفەرەکانیان لەلایەن ئۆتۆمبێلی ئێرانییەوە دەگوازرێنەوە.

ئاراس محەمەد، بەرپرسی نەقابەی گەراجی (باشماخ-پێنجوێن) بە رۆژنامەی وت: «ئەو پاسانەی لە ئێرانەوە نەفەر دەهێنن بۆ شارەکانی هەرێم، لە رێگەی مەرزی باشماخی نێودەولەتییەوە لەبەردەم بینای پاسپۆرت‌و مانەوەدا نەفەری عێراقی سەردەخەن‌و لە گەرانەوەیشیان بۆ ئێران نەفەر سەر دەخەن، تەنانەت بەمەش ئێمە تووشی گرفت بووین لەگەڵیاندا، چەندین جار کە هەقی شۆفێرەکانی خەتی باشماخو تەنانەت خەتی سلێمانیشە دەبەن بۆ خۆیان».

ئاراس، وتیشی: «زۆرجار بە هەفتەیەکیش سەرەی ئۆتۆمبێلێک نایەت، کە رۆژانە نەفەری (٥٠-٦٠) ئۆتۆمبێلی خەتەکانی ئێمە دەبەن بۆ خۆیان، گەر ئەو ئۆتۆمبێلانە نەفەر نەبەن رۆژانە ئۆتۆمبێلەکانی خۆمان دەتوانن بار بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی قایمقام‌و بەرێوەبەری هاتوچۆی پێنجوێن، بەڵام کێشەکەمان بێ چارەسەر ماوەتەوە».

سەبارەت بە گلەیی هاوڵاتییان‌و شۆفیران‌و کاسبکاران رۆژنامە سەردانی مەرزی باشماخی کرد دوای وەرگرتنی مۆلەتی چاوپێکەوتن‌و دوای دوو رۆژ سەردانیکردن، عەقید رۆستەم، بەرێوەبەری مەرزەکە ئامادەنەبوو هیچ زانیاریی‌و لێدوانێک بۆ رۆژنامە بدات.

هەر لەو بارەیەشەوە رۆژنامە پەیوەندیی کرد بە هەریەک لە بەرپرسی پاسپۆرت‌و مانەوەو گومرکی باشماخ، بەڵام بە هۆی لێدوان نەدانی بەرپرسی گومرک بە بیانووی ئەوەی مۆلەتی سەرووی خۆی پێ نییە لەگەڵ نەبوونی بەرپرسی پاسپۆرت، لە شوێنی کارەکەی، رۆژنامە زانیاریی بەدەست نەکەوت بۆ وەڵامدانەوەی هاوڵاتییان.

لە بەرامبەردا ئاغای مورادیانی فەرەجوللا، بەرێوەبەری دەروازەی باشماخ لە دیوی خاکی ئێران، مەرزی نێودەولەتیی پێناسە کرد بەوەی: «پەیوەندیی نێوان دوو ولات دەبەستێت بە یەکەوە لە رووەکانی ئابووریی‌و بازرگانیی‌و گەشتیاریی‌و ئالوگۆرکردنی کالاو شتومەک بە شێوەیەکی رەسمیی‌و وتی: «دەبێت لە رووی میوانخانەو ریستۆرانتەوە تەواو پێویستی گەشتیاران لەخۆ بگرێت بۆ شوێنی حەوانەوە».

سەبارەت بە گلەیی ئەو هاوڵاتییانەی کە باس لەوە دەکەن، کە پارەی زۆر دەدەن بۆچوونە ناوەوەیان بۆ ئێران (دخولی)، بەتایبەت بۆ ئۆتۆمبێلەکانیان، ئاغای مورادی، ئاماژەی بەوە کرد: «لە ئێران زەمانی دلنیایی ژیان (تامین حیاە) جیاوازترە، چونکە لە کوردستان نییە، ئەو پارەیە بۆ ئەوەیە گەر شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلە رووداو و کارەساتێکی پێشهات، ئەوا بۆ ئەوە سوودی لێ دەبینێت، بەوە دلنیایی بەخۆی‌و ئۆتۆمبێلەکەی‌و ئەو سەرنشینانەی بەو ئوتۆمبێلە گەشت دەکەن، دەدات، گەرنا لە رووی کرێ وەرگرتن کەمتر لە کوردستان وەردەگرین، ئەو برەی تر بۆ دلنیایی دەبێت».

مورادی، ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو مەرزە لە رووی ئێرانیش‌و عێراقیشەوە بە بازارچە ناسرابوو، دواتر بووە مەرزی رەسمیی: «لە ئێستادا هەردوو لا خەریکن کاری لێدەکەن تا بە تەواویی سیمای مەرزی نێودەولەتیی تیادا بەدی بکرێت، کە ئێمە بە بری (پێنج ملیۆن) دۆلار کارمان تێدا کردووەو ئێستا بە بری (هەشت ملیۆن) دۆلاری دیکە بە نیازین کاری تری تیا بکەین لە خاکی خۆماندا».

هەروەک، رەزا محەمەد، قایمقامی پێنجوێن لە لێدوانی تایبەت بە رۆژنامە وتی: «لە سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا بۆ مەرزی نێودەولەتیی باشماخ ماستەرپلانی بۆ کراوەو بریارە بە دیزاین‌و نەخشەیەکی جوان‌و پێشکەوتوو سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت، کە پێویستە لە مەرزی نێودەولەتیدا هەبێت، لەوانەش: میوانخانەو ریستۆرانت‌و پێداویستی تر کە شێوەیەکی جوان‌و فراوان دەداتە مەرزەکەو لە ئێستادا لە بواری جێبەجێکردندایەو کاری تێدا ئەنجام دەدرێت».



مەرزێکی «نێودەوڵەتی» و خزمەتگوزارییەکی ناوخۆیی

فۆتۆ: خالید

## ململانێی کۆمپانیاکان، سەر لە هاوڵاتییان دەشێوێنێت

# تۆڕەکانی جاڵجاڵۆکە، ئاسمانی کوردستان داگیر دەکەن

زمناکۆ ئیسماعیل- سلێمانی

رێبین حسێن کە فەرمانبەرە لەیەکێک لە فەرمانگە حکومییەکان‌و بەکارهێنەرێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێتە، بۆ چەندجارێک هێڵی ئینتەرنێتی گۆڕیوەو زیانی زۆری لەبەکارهێنان‌و فرۆشتنەوەیدا کردووە.

رێبین حسێن، دەڵێت: «لە سالی (٢٠٠٦)ەوە ئینتەرنێت بەکاردەهێنم، کاتێک ئەو هێڵەم راکێشا، زۆرباش بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە خەلکێکی زۆر بەکاریهێنا، بەوشێوەیە نەما، لەپاش ماوەیەک کێشەی زۆری بۆ نامەوە، چاوەڕێی ئەوە بووم تا هێڵێکی تازەتربێت‌و بیگۆرم، چەندی دیکەم گۆڕیوەو هیچیان بەکەلکی کارکردن نەدەهاتن، ئێستا هێڵێکی دیکە تاقیدەکەمەوە».

رێبین، یەکێکە لەو سەدان نموونەیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بە دەست خراپی‌و نارێکوپێکی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە گیرۆدە بوون، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە رۆژانە خواست لەسەر بەکارهێنانی هێڵەکان زیاد دەکات.

رێبین، وتیشی: «ئەگەرچی لەبەکارهێناندا خراپیشبن، بەڵام زۆربوونی هێڵی ئینتەرنێت ئەوەی باشە کە ناهێڵێت کەس دەست بەسەر بازاردا بگرێت‌و بازار قۆرخ بکرێت، ئێمە بەگۆڕینی هێڵی ئینتەرنێت زەرەرمەند بووین، چونکە (گۆران نێت)م بە (١١٥) دۆلار کڕیوەو سێڵ نێتیشم لەهاوڕێیەکم کڕیوەتەوە بە (٨٥)دۆلار وەک دەستی دووەم».

لەئێستادا لە سنووری سلێمانی، ژمارەیەک کۆمپانیای گەیاندنی تۆڕی ئینتەرنێت هەن بەشێوازی بەشداریی مانگانەو باڵانس‌و وایەرلێس‌و هێڵی تەلەفۆنی ماڵان‌و چەندین شێوەی دیکە، بەڵام بە وتەی بەکارهێنەرانیان، هیچیان وەکو پێویست نین‌و زیانی زۆری گەیاندووە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە لەلای چاودێرانی ئەو کارە، ئەوەیە کە هاوڵاتییان زەرەرمەندی هێڵەکانی ئینتەرنێتن بەهۆی نەبوونی پرۆژە یاسای هێنان‌و پەخشکردنی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستان.

محەمەد ئەبوبەکر، سەرۆکی بەشی چاککردنی کۆمپیوتەر لە ئامادەیی پیشەسازیی بەکرەجۆو یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی دانانی پرۆگرامی ئینتەرنێتی وەزارەتی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان، ئەو کە بە وردیی چاودێریی پرۆگرامەکانی ئینتەرنێت دەکات‌و دەڵێت: «زۆربوونی ئینتەرنێت لەهەموو دونیادا پەرەیسەندووەو شتێکی باوە، بەڵام بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەکوردستاندا بەدوو دیودا دەناسرێت، هەندێک بۆ کارکردنی باش‌و زانین‌و بەدواداچوونی زانیارییەکان بەکاریدەهێنن‌و سوودی لێدەبینن، هەندێکی دیکەش بۆ کاری تێکدان‌و خراپەکاری بەکاری دەهێنن‌و ناتوانن سوودمەندبن لێی، ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە بەشێوەیەکی زانستیی سوودی لێ وەربگرین».

هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ زۆربوونی ئەو بۆشاییەی کە لەلای تاکی کورد بوونی هەیەو ئەوەشی وت: «زۆربوونی هێڵەکانی ئینتەرنێت، بەشێوەیەکی نایاسییە، چەندین کەس هەیە هێڵی کڕیوە بەپارەیەکی زۆر، بەڵام کتوپڕ بەهۆی رکابەرییەوە ئەو خەتە دادەبەزێت‌و خەلکی زەرەرێکی زۆری تیادا دەکات».

ئەو شارەزایە بەپێویستی دەزانێت، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەو بوارە دەربکات بە مەبەستی بەکارهێنان‌و رێکخستن‌و کردنەوەی کارەکانی هێڵی ئینتەرنێت لە کوردستان، تا ببێتە هۆکارێک بۆ رێگرتن لەکاری نایاسایی‌و تێکدانی رەوشی خێزانیی.

لەبەرامبەردا، هوشیار سالح رەفعەت، بەرێوەبەری کۆمپانیای کوردتێل کە گرێبەستی لەگەڵ گۆران نێت هەیە، وتی: «کۆمپانیای گۆران نێت، لەرێگەی تەلەفۆنەکانی ئێمەوە هێڵی ئینتەرنێت دەدەن بە هاوڵاتییان، هەندێک شوێنی تازەش کە بەدالەی لێ دادەنێین، کۆمپانیای دیکە دێن بۆ ئەوەی لەرێگەی تەلەفۆنەکانی کوردتێلەوە هێڵی ئینتەرنێت بەکاربهێنن، بەڵام تا ئێستا گرێبەستمان لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک نەکردووە».

شارەزیانی بوارەکەش، بەپێویستی دەزانن کە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، کارەکانی ئەو بوارە رێکبخات‌و بازرگانەکان لەرێی پەیوەندیی تایبەتییەوە بازارەکە قۆرخ نەکەن‌و پارەیەکی زۆر لەخەلک وەربگرن‌و وەک پێویستیش خزمەت نەکەن.

هوشیار سالح، وتیشی: «دەبێت وەزارەت سەرپەرشتی ئەو کۆمپانیای ئینتەرنێتانە بکات‌و مانگانە بەسەریان بکاتەوەو لەکوالیتی‌و چۆنێتیی کارەکانیان بکۆلێتەوەو وا پێویستە بەیاسا کارەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت رێک بخرێت».

هەروەک سامی حەمە موئمن، بەرێوەبەری بەشی مارکێتینی گۆران نێت دەڵێت: «رێبەرنێت کۆمپانیایەکە پێشتر لە هەولێر ئەزموونی هەبووە، گۆران نێتیش لە سلێمانی، ئێمە وەک گۆران نێت لەبواری (وایەرلێس)دا کار ناکەین، ئێمە لەبواری (ئەی دیی ئێس ئێل)دا کار دەکەین‌و شەپۆلەکانی سەرووی دەنگ بەکاردەهێنین، لەرێگەی کێبڵەوە هێڵ بۆ خەلکی دابین دەکەین، هیچ کاتێک (وایەر لێس) نەیتوانیوەو نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەو کەپاسیتییە بدات بە بەکارهێنەر کە (ئەی دی ئێس ئێڵ) دەیداتێ».

وتیشی: «مۆڵەتی کارکردن جیاوازە لەگەڵ ئیحتیکاری کارکردن، ئێمە لەگەڵ کوردتێل گرێبەستمان هەیە، کە ساڵانە تازەی دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر هێڵەکانی ئەوان کار بکەین، بەڵام لەگەڵ حکومەتدا ماوەیەکی دیاریکراومان نییە، بۆ ئەوەی کە ئێمە کاربکەین، یان بوەستین، ئەو بڕیارە کۆمپانیا دەیدات، واتە برگەیەکی یاسایی نییە بەکۆمپانیاکەی ئێمەو بلێت، تۆ بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵ دەتوانیت کاربکەیت».

دەربارەی رکابەری نێوان کۆمپانیاکەی‌و کۆمپانیاکانی دیکەش بەتایبەتی رێبەر، سامی موئمن، وتی: «کۆمپانیایەکی (وایەرلێس) لەگەڵ (ئەی دی ئێس ئێل)دا وەکو بەراوردی نێوان رادیۆو تەلەفزیۆن وایەو کێبڕکێی یەکتر دەکەن‌و نایکەین، چونکە هەریەکەیان گوێگرو بینەری خۆی هەیە، ئەوەی ئێمە سیستمێک نییە وەک مۆبایل لەهەموو شوێنێک سوودی لێوەربگیرێت، سیستمی (ویبس)ەو لەرێگەی کێبلەوە دەچێتە نێو مالان، لەبەر ئەوە دەلێین، ئێمە کێبڕکێکاری یەکتر نین، ئێمە لەخالێکی دیکە سوودمەندین، کە لەهەموو شوێنێک دەتوانرێت بەکاربێت وەک بەهێزیی».


لەبەرامبەردا ئەندازیار شەوکەت عیزەت محێدین، ئەندازیاری لقی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم لەسلێمانی، وتی: «خەلک دوای پرۆگرام دەکەوێت، نرخی هەرچۆنێک بێت بەلایانەوە ئاساییە، کام ئینتەرنێت جۆری باشترو پرۆگرامی باشتربێت، خەلکی دوای ئەوە دەکەوێت، ئێمەش ئەمەمان بۆ ئەوە نەهێناوە بۆ ئەوەی رکابەری پێبکەین، ئێمە ئەوەمان بۆ ئەوە هێناوە کە سیستمێکی تازەیە بۆ ئەم ولاتە، ئەگەر خەڵک بەکێبڕکێی بزانێت، ئێمە بەمونافەسەی نازانین».

ئەو ئەندازیارە، ئەوەشی وت: «بەهۆی نەبوونی یاسای بەکارهێنان‌و کردنەوەی کۆمپانیای هێنانی ئینتەرنێتەوە، رێگریی هەبووە لەکارەکانمان‌و هەندێکجار بێ یاسایی نەیهێشتووە کارەکانمان وەکو خۆی رایی بکەین، کێشە هاتووەتە رێگامان بەهۆی نەبوونی پرۆژەیاساوە، ئەگەر پرۆژەیاسا هەبێت، کەس ناتوانێت موعارەزەمان بکات».

رەخنەیەک لە بەرنامەی لیستەکانی مامۆستایان 16

راڤەی بودجە

# هەرێمێک بەبێ پلان



عەلی حەمەساڵح

حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەک پلانی درێژخایەنی نییە، بەڵکو پلانی کورتخایەنیشی نییە، حکومەتێک ئەگەر نەزانێت ریزبەندیی گرفتەکانی هاوڵاتییانی خۆی بکاتو بەرنامەڕێژیی نەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، دەبێتە مایەی بێئومێدبوونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستی مندانو تایبەتن بە خەرجیی پرۆژەکان لە ساڵی رابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٩/١/١)ەوە تا (٢٠٠٩/١٢/٣١) ترلیۆنێکو (٥٩٩)ملیار دیناری خەرجکردووە، واتە (٧٠٤)ملیار دینار کە (٥٨٦)ملیۆن دینار دەکات، خەرجی نەکردووە، واتە ئەم حکومەتە پارەی بنیاتنانی (٤٤٠)قوتابخانەی خەرج نەکردووە کە لە بودجەدا تەرخانی کردووە، بۆچی خەرجی کردووە، ئەمە تا ئێستا دیارنییە، ئەمە هەوێنی نووسینی وتاری پێشووم بوو، ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ منو بێپلانیو کەمتەرخەمیی ئەم حکومەتە دەردەخات ئەوەیە، کە ئەو ترلیۆنو (٥٩٩)ملیار دینارە لە چیدا خەرجکراوە؟

لەدوای گەڕانمو گەیشتنم بە ئەنجامی کۆتایی ئەوەی کە پارەی پرۆژەکان بۆ کام پرۆژانە خەرجکراوە، تووشی شۆک بووم، پرسیاری ئەوەم لەلا دروستدەبوو، ئایا دەبێت سەرانی ئەم حکومەتە نەزانن لە کوێدا دەژین؟!

ئێمە دەزانین کە گرفتی سەرەکیی ئەم هەرێمە، کەمیی بینای قوتابخانەو نەخۆشخانەیە، خراپی پرۆژە کشتوکاڵیو گەشتیارییەکانە، نەبوونی شەقامو ئاوەڕۆو کارەبایە، بەڵام بۆ حکومەت نازانێت؟ بۆ وادەکات؟ یان دەزانێتو شتی دیکە هەیە لە هاوڵاتییان گرنگترە!

یەک لەسەر سێی پارەی هەموو پرۆژەکان، ساڵی رابردوو بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ خەرجکراوە، چۆن؟

ساڵی رابردوو، بەناوی پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆوە، (٥٠٣)ملیارو (٥٨٣)ملیۆن دینار لە خەزێنەی حکومەتی هەرێم دەرهاتووە، ئەم پارەیە (١٨)ئەوەندەی ئەو پارانەیە کە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراوە، چونکە (٢٨)ملیار دینار بۆ سەرجەمی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی، تەرخانکراوە، ئایا نەخۆشخانە پێویستە، یاخود بینا بۆ وەزارەتی ناوخۆ، (٢٠)ئەوەندەی سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ پارە بە ناوی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆوە خەرجکراوە، ئەمە سێ ساڵە کە ئێمە ئاگادارین، یەکێک لە گرفتە گەورەکان نەبوونی بیناو هۆڵی خوێندنە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەکرێت بپرسین، بۆچی دە ئەوەندەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پارە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ خەرجکراوە؟ هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە ناوچەیەکی گەشتیاریی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەیەو ئەگەر خزمەت بکرێتو پرۆژەی گەشتیاریی دروستبکرێت سەرمایەیەکی ئابووریی زۆر باش لە دەرەوە رادەکێشێت بۆ کوردستان، بەڵام بۆ دەبێت پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ (١٢٠)ئەوەندەی پرۆژەکانی وەزارەتی گەشتوگوزار پارەی بۆ خەرجبکرێت؟

تەنیا وەزارەتی ناوخۆ نییە، با مرۆڤ بە وێژدانەوە بدوێت، دەبێت پرۆژەکانی وەزارەتی دارایی چی بن، جگە لە بینا بۆ چەند بانێکێکو چەند بەڕێوەبەرێتییەک، هەر قەزایەک وەربگرین، یەک بینای وەزارەتی دارایی تێدایە، بەڵام پتر لە سەد خوێندنگای تێدایەو دەیانی دیکەشی پێویستە، مەڵبەندی پارێزگایەک وەربگرینو بزانین ساڵی رابردوو چەند بینای تایبەت بە وەزارەتی دارایی تێدایەو چەندی پێویستە، ئەمەش بەراوردکەین بە پێویستی ژمارەی قوتابخانەو نەخۆشخانەکان، بێبەرنامەیی ئەم حکومەتەمان بۆ دەردەکەوێت.

ساڵی رابردوو، بەناوی پرۆژەی وەزارەتی داراییەوە، (١٤٦)ملیارو (٣٩٥)ملیۆن دینار لە خەزێنەی حکومەت دەرهێنراوە، ئەم پارەیە سێ ئەوەندەی سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردەیەو زیاتر لە (٥)ئەوەندەی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستیو زیاتر لە سێ ئەوەندەی پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایە.

لەچەند رۆژی رابردووداو لە راپۆرتێکی تەلەفزیۆنیدا، وێڕای چەند بنکەیەکی پۆلیسو چەند گرتووخانەیەکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆم بینی، خۆشم مەیدانییەن لە هەولێر چەند بنکەیەکی پۆلیسم بینی کە لە بینای وێراندان، ئەو بینایانەی تەمەنیان لە (٣٠)ساڵ زیاترە، سەرچاوەیەکی ئاگادارایش، زانیاریی ئەوەی پێدام کە «ئەو پارانە بۆ پرۆژەی ئەم دوو وەزارەتە خەرج نەکراون، بەڵکو بەشێکی زۆری بەناوی ئەوانەوە وەرگیراوەو بۆ حیزبو کەرتی تایبەت خەرجکراوە» وەک چۆن ئەمساڵ بەناوی پرۆژەکانی وەزارەتی داراییەوە، بڕیاردرا (٦٧)ملیار دینار بدرێتە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کە لە بواری خوێندندا وەبەرهێنان دەکات بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانەی سەرەتاییو زانکۆیەک. بەدڵنیاییەوە لەساڵانی رابردوودا، دەیان بینا بۆ حیزبو کەرتی تایبەت دروستکراون لەسەر بودجەی حکومەتو بە سەرمایەی میللەت، هیوام وایە کە پەرلەمانتاران ئەوەندە ئەرک بکێشنو سەردانی وەزارەتی ناوخۆو دارایی بکەنو داوای لیستی ئەو پرۆژانە بکەن کە ئەم دوو وەزارەتە لە ساڵی رابردوودا کردوویانەو تا بە درشتتر راستییەکان بۆ هاوڵاتییان روونببنەوە.

# کۆیە داوای پترۆدۆلار دەکات

راپۆرتی:
ئاری سابیر- هەنگاو هاشم

هاوڵاتییانی شاری کۆیەو دەوروبەری، داوای بەشێک لەداهاتی ئەو نەوتە دەکەن کە لەئێستادا لەناوچەکانی تەقتەقو دەوروبەری دەردەهێندرێتو ئەم داواکارییەش لە یاسای نەوتو گازی هەرێمدا رێگەی پێدراوەو لە شارەکانی تری عێراقیش جێبەجێدەکرێت.

هەفتەی رابردوو، گرووپی دەنگ کە نوێنەرایەتیی دانیشتووانی شاری کۆیەو دەوروبەری دەکەن، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو یاداشتێکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد، لەیاداشتەکەدا کە ئاراستەی سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی سامانەسروشتییەکانیان کردووە، گرووپی دەنگ بەپاڵپشتی واژۆی دانیشتووی سنووری قەزای کۆیە، داوای بەشێک لە داهاتی کێڵگەی نەوتی تەقتەق دەکەن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی لە ناوچەکەیاندا.

لە بەشێکی ئەو یاداشتەدا هاتووە: لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، حکومەتی ناوەند بەشێک لە داهاتی نەوتی سنوورەکەیانی بۆ پارێزگاکانی کەرکوکو بەغداو بەسرە، تەرخان کرد، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی پارێزگاکانو دانیشتووانی سنووری قەزای کۆیەش مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لە داهاتی کێڵگەی نەوتی تەقتەق، بۆیە لەڕێگای ئەو یاداشتەوە بەپشتیوانیی خەڵکی سنوورەکە کە واژۆیان کردووە، داوا لەبەڕێزتان دەکەین، بەشێک لەداهاتی ئەو نەوتە تەرخان بکرێت بۆ قەزای کۆیەو ناحیەکانی دەوروبەری کە شیاوی ئەوەبێت کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت.

ئەندامێکی لیژنەی سامانەسروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: بەپێی یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەرناوچەیەک کە نەوتی تێدابێت، لەیەکەم رۆژی دەرهێنانی نەوت لێی، بەشێک لە داهاتەکەی بۆ ناوچەکە خەرج بکرێت.



مافی هاوڵاتییانە کە لە داهاتی نەوت بەشداربن

عەبدوڵڵا مەلانوری، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو گەنجانی شاری کۆیە، سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد کە یاداشتێکیان پێبوو لەگەڵ واژۆی خەڵکێکی زۆری دانیشتووانی شاری کۆیەو ناوچەکانی دەوروبەریو لە یاداشتەکەدا داوایان کردبوو، بەشێک لە داهاتی نەوتی شیواشۆک کە دەردەهێنرێت تەرخان بکرێت بۆ خزمەتگوزارییو خەڵکی ناوچەکە، بەو پێیەی لە چەند ناوچەیەکی عێراقیش داهاتی ئەو ناوچانەی نەوتیان تێدایە بەشێکی بۆ دانیشتووانی ناوچەکە خەرج دەکرێت.

ئەو ئەندامەی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: لەئێستادا لەکەرکوک، لەهەر بەرمیلێک نەوت، دۆلارێک تەرخانکراوە بۆ خزمەتگوزاریی ناوچەکە، داواکاریی خەڵکی کۆیەو دەوروبەریشی لەم چوارچێوەیەدا بوو.

ئەو ئەندامەی پەرلەمان، باسی لەوەش کرد: ناوچەکانی تەقتەقو دەوروبەری خزمەتگوزارییان پێ نەگەیشتووەو داواکاریی دانیشتووانەکەشی، رەواو یاساییە.

عەبدوڵڵا مەلانوری، کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانیشە، ئەوەشی خستەڕوو، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، پشتگیریی داواکاریی ئەم هاوڵاتییانە دەکەین، پێویستیشە رەچاوی ئەوە بکرێت کە هەرناوچایەک نەوتی تێدابێت، بەشێک لە داهاتەکەی بۆ ناوچەکە تەرخان بکرێت.

کێڵگەی نەوتی تەقتەق کە ئێستا لە (١١)بیر پێکهاتووە، باشترین جۆری نەوتی هەیەو ماوەی دوو ساڵە دەرهێنانی نەوت لەگێڵگەی نەوتی تەقتەق دەستی پیکردووە، بەڵام تا ئێستا هاوڵاتییانی سنوورەکە نازانن داهاتەکەی دەچێتە کوێو بۆچی سەرف دەکرێت.

هەرێم عەبدوڵڵا، ئەندامی گرووپی دەنگ لە کۆیە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سامانی نەوت لەهەر جێگایەکی دونیادا هەبێت، بووەتە مایەی خێرو خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتووانەکەی، بەڵام لەسنوورەکەی ئێمە بەپێچەوانەوە دەیان بیری نەوت هەنو رۆژانە سەدان تانکەریان لێ دەفرۆشرێت، جگە لەماڵوێرانیو مردنی خەڵکو پیسبوونی ژینگەی سنوورەکە، هیچ سوودێکی بۆمان نەبووە، بۆیە بە ئەرکی خۆمان زانی هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوە ئەنجام بدەینو لەگەڵ یاداشتێک ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە».

# ناوچەی پیشەسازیی نوێی رەواندوز، دەکرێتە هاوینەهەوار

ئەحمەد باڵەکی

بە بڕیاری شارەوانیی رەواندوزو قایمقامیەتی قەزای رەواندوز ساڵی رابردوو ناوچەی پیشەوەران گوازرایەوە بۆ نزیک هاوینەهەواری جوندیانو زەوی بەسەر پیشەوەراندا دابەشکرا، بەڵام لە ئێستادا شارەوانیو لایەنی پەیوەندیدار ئەو زەوییانە لە پیشەوەران وەردەگرنەوە.

ئەم بڕیارەش بۆ وەرگرتنەوەی زەوی لە پیشەوەران، نارەزایی پیشەوەرانی لێکەوتەوەو پیشەوەران سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم شوێنە هەر بکرێتە ناوچەی پیشەسازیی، ئەگەرنا هەڵوێست وەردەگرن.

هەردی عەلی، یەکێکە لەو پیشەوەرانەی رەواندوز کە زەوی لە ناوچەی پیشەسازیی نوێ وەرگرتووەو وتی: «ئێمە لە ساڵی رابردووەوە لەلایەن شارەوانیی رەواندوزو قایمقامیەتی قەزای رەواندوز بڕیارێکمان بۆ هات، کە شوێنی خۆمان بگوازینەوە، چونکە سیمای شارمان تێکداوە، زۆریان لێکردینو زەویشیان پێداین، بەڵام رێگەیان لێگرتین بە دروستکردنی شوێنی کارەکانمان، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی دەیکەن بە شوێنێکی گەشتیاریی».

لای خۆیەوە کوێستان ئەحمەد، قایمقامی قەزای رەواندوز بە وەکالەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەوڵدەدات لە رێگەی سەرووی خۆیەوە کێشەی ئەم پیشەوەرانە چارەسەر بکات».

قەزای رەواندوز قەزایەکی گەشتیارییە، بەڵام تەرخانکردنی زەوی ناوچەیەکی وەکو هاوینەهەواری جوندیان بۆ ناوچەی پیشەسازیی، بڕیارێکی دیراسە نەکراو بووە، بۆیە لە ئێستادا هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نیگەرانیی لای پیشەوەران دروستکردووە، کە قەزای رەواندوز (١٠٠) پیشەوەر لەخۆی دەگرێت.



قەزای رەواندوز

# سلێمانی داوای سووتەمەنیی دەکات

هۆشەنگ سەروچاوەیی

بەڕێوەبەری بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانی، داوای زیادکردنو باشکردنی کوالێتیی ئەو سووتەمەنییە دەکات کە لە لایەن حکومەتی بەغداوە بۆ هەرێم دابین دەکرێتو ئاشکراشی دەکات: ئەو بڕەسووتەمەنییەی کە لەلایەن بەغداوە بۆ پارێزگاکانی هەرێم دابین دەکرێت، وەکو پێویست (٣٣٪)ی پێداویستییەکانیانەو کەشو هەوای هەرێم لەبەرچاو ناگیرێتو لەگەڵ پارێزگاکانی باشوور وەکیەک ئەژمار دەکرێن.

جەمال عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: رۆژانە پێویستیمان بە (ملیۆنیکو سێسەد هەزار) لیتر نەوتی سپی هەیە، بەڵام بڕی ئەو نەوتەی بەدەستمان دەگات، زۆر لەوە کەمترەو لە رووی گازو بەنزینیشەوە، رۆژانە پێویستمان بە (ملیۆنیکو پێنجسەد هەزار) لیتر بەنزینو (ملیۆنێکو پێنجسەد هەزار) لیتر گاز هەیە، بەڵام ئەو رێژەیەمان بەدەست ناگات.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر جۆری ئەو بەنزینەی بۆمان دێت، زۆرباش بێت وەک ئەوەی لە بازارەکاندابەبازرگان دەفرۆشرێت، ئەوا پێویستییەکانمان سێ ئەوەندە زیاتر دەبوو، چونکە ئێستا جۆری ئەو بەنزینەی بۆمان دابین دەکرێت، باش نییە کە پێیدەوترێت (بێجی)، ئەمەش هەموو ئۆتۆمبێلێک بەکاری ناهێنێتو بەشێکی کەمیشمان لەو جۆرە بەدەست دەگات، چونکە حکومەتی عێراقی یەکەی (تەحسینی) نییە وەکو ساڵانی پێش راپەڕین کە جۆری بەنزینەکەی لە جۆری باشەکە بوو.

بۆ زیادکردنی بەشەسووتەمەنیی پارێزگای سلێمانیش، لەڕێی دروستکردنی لیژنەیەکەوە چەند جارێک هەوڵدراوە، بەڵام بێئاکام بووەو بە هەمان بڕی پێشووتر سووتەمەنی لەلایەن بەغداوە بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم دابین دەکرێت.

بە وتەی بەڕێوەبەری بەرهەمە نەوتییەکانی سلێمانی: «لیژنەیەکمان پێکهێناو سەردانی محەمەد زێباری، بەرپرسی بەشی باکوورمان کردووەو داوامانکرد، ئەگەر لە عەمباری خۆشیان بێت، بڕی نەوتی زیادەمان بۆ بنێرن، هەرچەندە ئەوان بەڵێنیان پێداین، بەڵام بەڵێنەکەی ئەوان جێ ناگرێت».

## دەیان خوێندنگە، بەبێ بینان‌و چەندین پەیمانگاش، میوانن

# قەزای ڕانیە داوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی حکومەت دەکات

ڕۆژنامە

لە قەزای ڕانیە، چەندین پرۆژە کە لەلایەن حکومەتەوە بودجەیان بۆ تەرخانکراوە، تا ئێستا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو چەندینی تریش ماوەی چەند ساڵێکە بە نیوەچڵی ماونەتەوەو سەدان خوێندکاریش، یان لە بینای کرێدا دەخوێنن، یاخود خوێندنگەکانیان میوانن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی هەرچوار پەرلەمانتار (کاردۆ محەمەد، ڤیان عەبدولڕەحیم، د.زانا ڕەئوف، د.جەعفەر عەلی) پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە هەرێمی کوردستان، هاوڵاتییانی قەزای ڕانیە چەندین کێشەیان هەیەو پێویستە حکومەت دەستبەجێ بەدەم بەڵێنەکانیانەوە بچێت.

بەپێی ڕاپۆرتەکە کە ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کراوە، لە سنوورەکەدا (١١٧)قوتابخانەی بنەڕەتی هەیە، (٢٠) لەو قوتابخانانە بینای تایبەت بە خۆیان نییە، (١٠) قوتابخانەشیان لە خانووی بە کرێدان، (٣٢)یان دوو دەوامو (٢٦)یان سێ دەوامو (٥٩)یان یەک دەوامن، یەک دەوامەکانیش بەشی هەرە زۆریان لە گوندەکاندان. (٢٥)قوتابخانەی ئامادەیی هەیە، (١٠)قوتابخانەیان لەوانە بینای تایبەت بە خۆیان نییە، واتە دوو دەوامن‌و هەروەها ساڵانە سنوورەکە پێویستی بە زیاتر لە (٥)قوتابخانەی (١٨)پۆلیی دەبێت، کەچی لە هەڵمەتی نیشتمانیی دروستکردنی قوتابخانەکاندا لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا، ئەم حاڵەتی زۆریی دانیشتووان‌و فراوانیی سنووری پەروەردەیە، وەک پێویست لەبەرچاو نەگیراوە.

ڕۆژی پێنجشەممە (٢٠١٠/١١/٤)، ئەو پەرلەمانتارانە سەردانی قەزای ڕانیەیان کردو هاوڵاتییان‌و کاسبکاران‌و پیشەوەرانی ناو بازاڕو چەند گەڕەکو ناوچەیەکی جیاجیایان بەسەر کردەوەو ئێوارەی هەمانرۆژیش لە (هۆڵی بۆنەکان) لەگەڵ «کەرتێکی بەرفراوانی» چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی قەزاکەو دەوروبەری کۆبوونەوەو گفتوگۆیەکی کراوەیان ئەنجامدا.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: پرۆژەی شەقامی (٦٠)مەتریی کە بە شێوەیەکی بازنەیی‌و بەدرێژایی (١٢)کم چوار دەوری سەنتەری قەزای ڕانیە دادەپۆشێت، لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لە نەخشەی بنەڕەتی شاردایەو لە ساڵی (٢٠٠٥)یشەوە بڕیاری دروستکردنی دراوە، بەڵام تا ئێستا بە هۆی تەرخاننەکردنی پارە بۆ پرۆژەکە، نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پارکی ڕاپەڕین، کە (٢٨٠)دۆنم زەویی لە دەروازەی شاری ڕانیە بۆ تەرخانکراوە، یەکێکە لەو پرۆژە ستراتیژییانەی کە چەندین ساڵە زەویی بۆ دابینکراوە، بەڵام تا ئێستا هەنگاوی خستنە بواری جێبەجێکردنی بۆ نەنراوە.



پەرلەمانتاران گۆڕان لەکاتی بەسەرکردنەوەی ڕانیەدا
فۆتۆ: ڕۆژنامە

بەشێکی هەرە زۆری گەڕەکەتازەکانی مەرکەزی قەزاکە لە خزمەتگوزاریی بنەڕەتی وەک: (ڕێگەوبان‌و ئاوەڕۆ) بێبەشن‌و بەشێکی دیکەشیان گرفتی کەمئاوییان هەیە کە سەرجەم ژمارەیان (١٠)گەڕەکی گەورەی ناو شار دەبێت.

پەرلەمتارەکان، دیداریان لەگەڵ بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە سازکردووەو بۆیان دەرکەوتووە، کە شارەکە پێویستی بە (فەرمانگەی کەشناسیی) هەیەو چەندین ساڵیشە خوێندکارانی بەشی جوگرافیای کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ڕانیە، داوای کردنەوەی فەرمانگەیەکی لەمجۆرە دەکەن کە لەڕووی زانستی‌و پراکتیکییەوە سوودێکی زۆری بۆیان دەبێت.

ناوچەکە لەڕووی دابینکردنی کەرەستەی خاوو ئاژەڵدارییەوە زۆر لەبارە بۆ دامەزراندنی کارگەی بەرهەمهێنانی (شیرەمەنی، پێستەخۆشکردن، ڕستن‌و چنین) لە ڕێگەی کەرتی گشتیی، یان تێکەڵ، یان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوەو بیریش لەوە بکرێتەوە کە (فەرمانگەیەکی دروستی ئاژەڵ) لە سنووری قەزای ڕانیە دابمەزرێنرێت‌و شارۆچکەی سەروچاوە، کە دەکەوێتە سنووری کارگێڕیی قەزاکەوە، وەک شارەزایان ئاماژەیان پێدا، شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە.

وەک خاوەن هەنگەڵانەکان ئاماژەیان پێدا، ئێستا هەنگوینی کوردستان وەک بەرهەمێکی خۆماڵیی، خەریکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا نرخ‌و بایەخی ئابووریی پەیدادەکات، بۆیە داواکاربوون کە حکومەت بایەخێکی تایبەت بە خاوەن هەنگەڵانەکان‌و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بدات لە سنوورەکە، بە مەبەستی باشترکردنی چۆنێتی‌و زیادکردنی بەرهەمەکەو زۆرترکردنی ژمارەی هەنگەڵانەکانیان. لە سەردانێکی پێشتری پەرلەمانتار (د.جەعفەر عەلی) بۆ سنووری ناحیەی سەرکەپکان (قەزای ڕانیە) لە ڕۆژانی (١٤و١٥)ی ئابی ئەمساڵدا، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەشێک لە گوندەکان، گرفتی بواری پەروەردە بوو، بۆ نموونە: دانیشتووانی گوندەکانی (دۆڵە ڕەقە)، کە ئەم گوندانە لەخۆ دەگرێت: (دەروکە، شەروە، سماکە، سپیاو، تاڵینە) نزیکەی (٥٠) ماڵ دەبن‌و قوتابخانەکەیان تا پۆلی حەوتی بنەڕەتییان تێدایە، لە دوای ئەم پۆلەوە، دەبێت بچن بۆ قوتابخانەی گوندی (دارەبەن) کە زیاتر لە یەک کاتژمێرو نیو لێیانەوە دوورەو وەک دانیشتووانی ئەم گوندانە ئاماژەیان پێدا، تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا زیاتر لە (٢٥) خوێندکار بەم هۆیەوە لە دوای پۆلی حەوتەوە، وازیان لە خوێندن هێناوە.

سەبارەت بە پەیمانگاش، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: پەیمانگای هونەرەجوانەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠_٢٠٠١) دامەزراوە، لە ئێستادا نزیکەی (٢٠٠)خوێندکاری هەیەو تا ئێستاش (٥)خولی دەرچوونی خوێندکارانی تەواو کردووە، بەڵام تا ئێستا، واتە دوای نزیکەی (١٠)ساڵ لە دامەزراندنی، بە هەمانشێوەی سەرەتایان لە بینای کۆنە ئیستیخباراتی سەردەمی بەعسدا دەوام دەکەن، بیناکەیان هێندەی لە زیندان دەچێت، هێندە لە ناوەندێک ناچێت بۆ خوێندن‌و فێربوون، تایبەت بۆ پەیمانگایەک کە ناوی (هونەرەجوانەکان) بێت.

پەیمانگای وەرزشی ڕانیە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧_٢٠٠٨) دامەزراوەو لە ئێستادا نزیکەی (٢٣٠)خوێندکاری هەیەو ئەم پەیمانگایە پێویستی زۆری بە دروستکردنی بینایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە هەموو ئەو مەرجانەی کە بۆ پەیمانگایەکی وەرزشی پێویستن، چونکە لە بینای ئێستایاندا میوانن‌و جگە لە دەوامی پەیمانگاکە، دوو دەوامی قوتابخانەی بنەڕەتیشی تێدایە، بەم هۆیەشەوە زۆرجار ناتوانن بەشێک لە وانە بنەڕەتییەکانیان بخوێنن.

پەیمانگای کۆمپیوتەر کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧_٢٠٠٨) دامەزراوە، لە ئێستادا زیاتر لە (٢٠٠)خوێندکاری هەیە، ئەم پەیمانگایە لە بینای (قوتابخانەی میدیای بنەڕەتی) میوانن‌و قوتابخانە بنەڕەتییەکەش خۆیان دوو دەوامن‌و بەشێکی بینای قوتابخانەکە بۆ پەیمانگاکە جیا کراوەتەوە، بەڵام ئەم بەشە جیاکراوەش دەوامێک بۆ پەیمانگاکەو دەوامێکیش بۆ قۆناغی چوارەمی (ئامادەیی ڕاپەڕین) تەرخانکراوە.

لەڕووی خزمەتگوزاریی‌و پارکەوە، لەڕاپۆرتەکەدا ئەوە باسکراوە کە لە دەروازەی (شارۆچکەی چوارقوڕنە) ڕووبەری (٧٠)دۆنم زەوی بۆ دروستکردنی پارکێک بە ناوی (پارکی دەروازە) تەرخانکراوەو لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دیزاینی بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا جگە لە ڕووبەرێکی زەویی وشک‌و ڕووتەن، هیچی تر نییەو هاوڵاتییان داواکاربوون، حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠١١)دا بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکات‌و بیخاتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، کە سوودی نەک تەنیا بۆ شارۆچکەی چوارقوڕنە، بەڵکو بۆ تەواوی سنووری قەزای ڕانیەش دەبێت.

لەبارەی سەرچاوەکانی ئاوەوە، پرۆژەی ئاوی دەربەند، کە پرۆژەیەکی ستراتیژییەو لە (٢٠٠٥/٧/١٣)ەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە تەنیا (٣٠٠)ڕۆژ بووە، واتە دەبوایە لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٦)ەوە تەواو بکرایە، بەڵام تا ئێستا کە کۆتایی ساڵی (٢٠١٠)یە، تەواو نەکراوە، بۆیە هاوڵاتییان داواکاربوون کە: حکومەت چیتر ئەم پرۆژەیە دوا نەخات‌و پەلە بکات لە تەواوکردنی‌و دابینکردنی پێداویستییەکانی. بە تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە کە ئاوی خواردنەوە لە (دەربەندی ڕانیەوە) دەگەیەنێتە (ناوەندی قەزای ڕانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا)، بە وتەی بەرپرسی فەرمانگەی ئاوی ڕانیە، گرفتی دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ خواردنەوە لە سنووری سەنتەری قەزای ڕانیەو هەردوو ناحیەی (چوارقوڕنەو حاجیاوا) چارەسەر دەبێت.

لە ئەنجامی بەدواداچوون‌و سەردانی پەرلەمانتارەکان بۆ لای قایمقامی قەزای ڕانیە، دەرکەوتووە، کە لە پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠) بۆ سنوورەکە، تا ئێستا ئەم پرۆژانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە:

أ. پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٢٠٠)قەرەوێڵەیی لە سەنتەری قەزای ڕانیە کە گوژمەکەی (١٣,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠)ملیار دینارەو بۆ ساڵی (٢٠١٠)بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

ب. پرۆژەی دروستکردنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی ڕاپەڕین لە دەروازەی سەنتەری قەزای ڕانیە، کە گوژمەکەی (٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینارەو بۆ ساڵی (٢٠١٠) بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیاری بۆ تەرخانکراوە.

**تەواوی ڕاپۆرتەکە لە سایتی فراکسیۆنی گۆڕان (http://gorran.org/) بخوێنەرەوە**



دەروازەی ڕاپەڕین نارِەزایی هەیە
فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

موطیدە ئەهلییەکان (١٤٠) باخچەی سلێمانییان داگیرکردووە 18

## ڕەخنەیەک لە بەرنامەی لیستەکانی مامۆستایان



هێمن کامیل

یەکێک لەو ڕەخنەو تێبینییانەی کە لە ساڵانی پێشوودا هەمانبووەو چەند جارێکیش هەڵوێستەمان لەسەر کردووە، ئەو بایەخە زۆر کەمەیە کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بە کارەساتێکی گەورەی وەک ئەنفال دراوە.

لە ئێستاشدا کە بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ یەکێتیی مامۆستایانو سازدانی کۆنگرە، هەر یەکە لە لیستەکان چەندین خاڵو تەوەریان دارشتووەو کردوویانە بە بەرنامەی خۆیان بۆ گەیشتن بە کۆنگرەو نزیکەی دوو هەفتەیە بانگەشەی بۆ دەکەن.

بەڵام ئەوەی بووە بە مایەی سەرنجو نیگەرانیی ئەوەیە؛ کە هیچ یەک لە لیستەکان سودیان لەو ڕەخنەو گلەییانە وەرنەگرتووە، کە لە رابردوودا دژ بە فەرامۆشکردنی ئەنفال لە پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا هەبووە.

کە دەبوو بیانکردایە بە یەکێک لەو تەوەرو دروشمو پەیامانەی کە لە ئایندەدا کاری لە سەر دەکەن، ڕاموایە ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕییە گەورەو سەرەکییەکانی سەرجەم لیستەکان.

چونکە ئەو بایەخەی ئێستا بە ئەنفال دراوە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، نەک لە ئاست گەورەیی ئەو تاوانەدا نییە، بەڵکو لە یادەوەریی نەوەی نوێی کورددا وەک کارەساتێکی زۆر بچووکو ئاسایی سەیر دەکرێت. لە کاتێکدا دەبوو ساڵانەو لە هەموو قۆناغێکدا دووبارە بکرایەتەوەو بە ئەندازەی گەورەیی ئەنفال قسەی لەسەر بکرایە.

بۆیە لە کۆتاییدا بە گرنگی دەزانم پێشنیاز بکەم؛ کە کۆنگرەی ئەم جارەی مامۆستایان لە سەر دوو خاڵ قسەی خۆی بکات، ئیتر گرنگ نییە کام لیست دەنگی زۆرینە بە دەستدەهێنێت.

یەکەم ئەوەیە؛ ئەو لیستە لە ئایندەدا بە هاوکاریی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا کاری جدیی بکات بۆ ئەوەی لە سەرجەم قۆناغەکاندا بایەخی پێویست بە ئەنفال بدرێت.

دووەم؛ ساڵانەو لە ڕۆژی (٤/١٤)دا، کە یادی ئەنفالە، سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەو زانکۆکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە فەرمیی ئەو یادە بەرز ڕابگرن، تەنانەت ئەگەر ئەو یادە کەوتە ڕۆژانی پشووی فەرمیشەوە، ئەوا دەبێت ڕۆژی پێشوو، یان دوای پشووەکە یادی ئەنفال بکرێتەوەو ئەمەش ببێت بە بڕیار.

لە ئێستاشەوە دەنگی من وەکو مامۆستایەک بۆ ئەو لیستەیە کە بەڵێن بدات کار لە سەر ئەم دوو پێشنیازە دەکات.

hemnkamil@gmail.com

# بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی: دەبێت ئەندامێتیی لە ڕێکخراوە پیشەییەکاندا ئارەزوومەندانە بێت

سازدانی: ڕۆژنامە

**مامۆستا جەبار، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بە پێویستی دەزانێت لە کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا جێگیر بکرێت، کە هەر چەند ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستێتو ڕێکخراوەکە ببێتە دەربڕی خواستەکانی مامۆستایانو دەڵێت: ئەندامێتیی بۆ هەر ڕێکخراو و سەندیکایەک دەبێت ئارەزوومەندانەبێت، نەک بە زۆر.**

**ڕۆژنامە: دەخوازیت لەمەودوا یەکێتیی مامۆستایان چۆن ڕێکخراوێک بێت؟**

* بێگومان هەر چینو توێژێک مافی خۆیەتی سەندیکا، یان ڕێکخراوێکی هەبێت، کە تیایدا ئەو ڕێکخراوە دەربڕی داخوازییو داواکارییەکانی ئەو توێژە بێت، ئێمەو هەموو مامۆستایانیش پێمان خۆشە یەکێتیی مامۆستایان دەربڕی داخوازییەکانی مامۆستایان بێت، توانای هێنانەدی ئامانجو مافەکانی مامۆستایانی هەبێت، تێبگات داخوازیی مامۆستایان لە ئێستادا چییەو بۆیان بهێنێتە دی.

**ڕۆژنامە: یەکێتیی مامۆستایان هەژدە ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە، پێتوایە؛ بۆ لەمەودوا دەبێت ئەو دواکەوتنە کۆتایی بێت؟**

* بێگومان لەم کۆنگرەیەدا دەبێت ئەوە جێگیربکرێت، کە هەر چەند ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستێت، چونکە هەر چەند ساڵ جارێک ئامانجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەبێت گۆڕانکاریی لە کەسەکانیشدا چەند جارێک بکرێت، نابێت بۆ ماوەی زۆر بمێننەوە، چونکە بۆ کاری ڕێکخراوەیی ئەم سەردەمە گرنگە بەردەوام خەڵکی تازە بێنە پێشەوە.

**ڕۆژنامە: تائێستا لەناو یەکێتیی مامۆستایاندا ئەندامێتیی ئیجبارییو بە زۆرە، ئەمە تا چەند بە ڕەوا دەزانیت؟**

* ئەندامێتیی بۆ هەر ڕێکخراو و سەندیکایەک دەبێت ئارەزوومەندانە بێت، نەک بە زۆر، چونکە ئەو توێژە، یان توێژی مامۆستایان هەرکاتێک هەستیان کرد ڕێکخراوەکە گوزارشت لەوان دەکات بە لێشاو دەچن بە پیرییەوە.

**ڕۆژنامە: بەشێکی ئەندامێتیی بە زۆر پەیوەندیی بە دەزگا حکومییە پەروەردەییەکانەوەیە، چونکە ئابوونەی ئەو ئەندامێتییە لەسەر لیستی مووچە دەبڕێت، بۆچوونت لەسەر ئەمە چییە؟**

* ئەم کۆنگرەیە یەکلاییکەرەوە دەبێت، ئەو کەسانەی کە دێنە پێشەوە، یان کاندیدی لیستەکان کە سەر دەکەون جێ دەستیان دیار دەبێت لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەدا، وەک چۆن لە نووسینەوەی بڕیاری کۆنگرەو پەیڕەوی ڕێکخراوەکەدا کاریگەرییان دەبێت، بۆیە دەبێت ئەم کۆنگرەیە ئەو گرفتانە چارەسەر بکات.

**ڕۆژنامە: بۆچوونتان سەبارەت بە بەشداریکردن لە کۆنگرەی مامۆستایاندا چییە؟**

* دیارە ئەم کۆنگرەیە بۆ مامۆستایانەو مامۆستا نابێت کەمتەرخەم بێتو دەبێت بچن بەرەو سندووقەکانی دەنگدان، واتا من ئەگەر ناڕەزایەتییەکیشم هەبێت بەرامبەر بە لیستێک ئەمە واناکات کە من نابێت بچم بۆ دەنگدان، بە پێچەوانەوە هەموو مامۆستایان دەبێت بە ئەرکی خۆیانی بزانن‌و بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و دەنگی خۆیان بدەن، ئیتر دەنگ بە کێ دەدات، ئەوە خۆیو ویژدانی خۆی.

> «هەرکەسێک سەردەکەوێت، دەبێت ڕێز لە لایەنەکانی تر بگرێت»

**ڕۆژنامە: ئەی سەبارەت بەو لیستانەی سەرکەوتن بە دەست دەهێنن‌و دەبنە ئەندامی کۆنگرە؟**

* هەرکەسێک سەردەکەوێت، دەبێت ڕێز لە لایەنەکانی تر بگرێت، دەبێت ڕێز لە مامۆستا دەنگدەرەکان بگرێت، ببێتە خزمەتکارێک بۆ هێنانەدی هەموو خواستو ئارەزووەکانی مامۆستایان، دەبێت باوەڕی وابێت ئەگەر خزمەت نەکات، دەبێت جێگەکەی چۆڵ بکات بۆ کۆمەڵێکی تر.

# سکرتێری یەکێتیی قوتابیان: هاوکاریی خۆپیشاندەرانمان کردووە
# سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی: کارێکی خراپە ڕێکخراوێکی پیشەیی پەنا بۆ ئەو شێوازانە ببات

هەنگاو هاشم- هەولێر

سکرتێری یەکێتیی قوتابییان ئاشکرایدەکات،هاوکاریی‌ئەوخوێندکارانەیان کردووە کە لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیش بە «کارێکی خراپی» دەزانێت ڕێکخراوێکی پیشەیی کاری لەوجۆرە بکات.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، لەبەردەمی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی ژمارەیەکی زۆر خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین‌و زانکۆی دیجلە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، کە تێیدا داوایاندەکرد، بڕیاری (تغیر حالە) بگەڕێتەوەو سیستمی پەڕینەوە(عبور)یش بکرێت بە دوو وانە، هاوکات بەهۆی ئەوەی نرخی زانکۆکەیان بەرز بووەتەوە، خوێندکارانی زانکۆی دیجلەش لەناو خۆپیشاندانەکەدا بوون، لە کاردانەوەی بەدەنگەوە نەهاتنیشیان خوێندکاران وەزارەتیان دایە بەر بەردو تەماتەو سێو.

عیرفان عەزیز، سکرتێری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دەربارەی خۆپیشاندانەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر داواکاریی قوتابییان جێبەجێ نەکرێت، پەنا دەبرێتە بەر خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و ناڕەزایی، ئێمە وەکو یەکێتیی قوتابییان ئاگادارین کە قوتابییان چەندجارێک خۆپیشاندانیان کردبوو، کەس پێشوازی لێنەکردبوون، بۆیە ئەو قوتابییانەش تووشی کاردانەوە ببوون کە کاردانەوەیەکی قوتابییانە بوو، ئێمەش پاڵپشتی قوتابییەکان دەکەین بۆ خۆپیشاندانەکە، لەپێشی قوتابییانش دەبین بۆ داواکانیان، چونکە لە هەولێر ئێمە نوێنەری شەرعی قوتابییانین».

دەربارەی ئەوەی کە خۆپیشاندانەکە بە ئاراستەی سیاسیی لێکدەدرێتەوە، سکرتێری یەکێتیی قوتابییان وتی: «سەیرە ناڕازیبوون بە دەستی سیاسیی لێیکبدرێتەوە، هەموومان لەم وڵاتەدا دەژین‌و ئەو کەسانەی خۆپیشاندانەکە بەدەست لە قەڵەم دەدەن، لەم وڵاتەدا ناژین‌و لێرەش نەژیاون‌و لە لاوازیی خۆیان ئەم قسەیە دەکەن»، ئەوەش ناشارێتەوە کە خوێندکاران لە زانکۆ چوونەتە دەرەوە ئەوان هاوکاریان بوون بۆ ئەوەی لە زانکۆ غیاب نەدرێن.

لەبەرامبەردا، لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، داوای بەدواداچوونی کێشەی خوێندکاران دەکات، هەروەک پێکهێنانی لیژنەیەکیش بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی خۆپیشاندانەکە بە پێویست دەزانن.

سۆزان شەهاب، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان داوایکرد، لێکۆڵینەوە بکرێت‌و لیژنەیەک پێکبهێندرێت بۆ بەدواداچوون لەسەر ڕێکخەرانی ئەم خۆپیشاندانەو ئەو کەسانەی خۆپیشاندانەکەیان بەو ئاقارەدا بردووە: «ئەمە شتێک نییە جێگەی بێدەنگی بێت لێیو بڵێین هیچ نەبووە، ئاماژەیەکی خراپەو پێویستە لەسەری بوەستین».

سۆزان شەهاب، کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیشە لە پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: «کارێکی خراپە ئەو ڕێکخراوە کە خۆی بە داکۆکیکاری قوتابییان دەزانێت، لەجیاتی کۆڕو سیمینار بەو شێوەیە بێت».

ساڵانە لە هەرێمی کوردستان، خوێندکاران سەبارەت بە پەڕینەوە(عبور) و گۆڕینی بار(تغیر حالە) خۆپیشاندان دەکەن‌و بەپێویستی دەزانن ئەو باسە بچێتە بواری چاکسازییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە.

بەوتەی سۆزان شەهاب: «لە هیچ شوێنێکی دونیا نەبووە(عبور) هەر ساڵەو بڕیارێکی لێبدرێت، دەبێت لەناو سیستمی وەزارەت دابنرێت، ئەوکات خوێندکار دەزانێت بە چ جۆرێک بڕیارەکە دەیگرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم سیستمە نییە لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم، بەڵکو هەموو ساڵێک دوای ئەنجامەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت».

سەبارەت بە بڕیاری (ترقین قید) وتی: «ئەو شێوەیەی هەیە لە (ترقین قید) لە هەرێمی کوردستان، لە خزمەتی خوێندکاراندا نییە، پێویستە شێوازی ئەو کەسانەی کە پابەند نابن بەدەوام بەجۆرێکی دیکە بێت، نەک لە خوێندن دووربخرێتەوەو جارێکی دیکە بۆی نەبێت بخوێنێت، بۆیە پێویستە گۆڕانکارییەکانی خوێندنی باڵا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ڕێگەی گۆڕینی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی».

دوابەدوای خۆپیشاندانەکەی بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاش، فوئاد عەلی سمایل، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن وتی: « ناتوانین وەک هەڵوێستێکی فەرمیی بڵێین خۆپیشاندانەکە هێزێکی سیاسیی لەپشتەوەیە، بەڵام کەسانێک لەناوخۆپیشاندانەکە کاتێک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدرابوو لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوەکانەوە وتبوویان: «ئێمە بەکارهێنراوین‌و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی ئاسایشی هەرێم بە وەزارەتی خوێندنی باڵاشەوە».



خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ لە هەولێر

فۆتۆ: هەنگاو

# سۆراخ بۆ ئەنفالکراوە زیندووەکان دەکرێت

راپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور

دەرکەوتنەوەی چەند ئەنفالکراوێک لە وڵاتانی دراوسێی عێراق، ئەو ئومێدەی بەخشیووەتەوە بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە بەشێکی کەمی ئەنفالکراوەکان هێشتا زیندوون، بۆیە سۆراخیان بۆ دەکەن.

پاش (٢٢)ساڵ لە بێسەروشوێنکردنی (١٨٢)هەزار هاوڵاتیی کورد لەلایەن رژێمی بەعسەوە، کەسوکاری ئەنفالکراوان‌و رێکخراوەکانی داکۆکیکار لەئەنفالکراوەکان، هێشتا بڕوایان وایە کە هەموو ئەوانەی ئەنفالکراون، لەناو نەچوون‌و هەندێک لەوانە ماون، بەڵام دۆزینەوەیان کارێکی ئاسان نییەو پێویستە حکومەت بەرنامەی هەبێت بۆ دۆزینەوەیان.

سەرەتای ئەم ئومێدە لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری(١٩٩١)ەوە پەیدابوو، کاتێک بەشێک لە بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعس دەستی بەسەردا گیرا، هەر لەوکاتەشدا نووسراوێکی دەزگای پێشووی هەواڵگریی عێراق بڵاوکرایەوە کە گوایە ئەم دەزگایە (١٨)کچی ئەنفالکراوی بە یانە شەوانەکانی وڵاتی میسر فرۆشتووە، بەڵام دوتر ئەم نووسراوە بە ساختە لەقەڵەم دراو بێدەنگیی لێکرا.

رۆستەم حەمەجان، دانیشتووی گوندی کوڵەجۆ، کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی ئەنفالکراوە، پێیوایە: «لە کچ‌و کوڕیش هەن کە ماون‌و لەلایەن عەرەبەوە بەخێوکراون‌و گەورە کراون، بەڵام رەنگە ئەو ئەنفالانە خۆیان هەر رابردووی خۆیان بیرچووبێتەوە، یان ئەو کات منداڵ بوون‌و هەر نەزانن ئەنفال چییە، ئەو کەسانەش کە رزگاریان کردوون، حەزنەکەن بیاندەنەوە بە خاوەنەکانیان».



کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەمیشە چاوەڕوانن
فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

پرۆسەی ئازادیی عێراق‌و هەڵدانەوەی بەشێکی زۆر لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە لەدوای (٢٠٠٣)وە دۆزرانەوە، بەشێک لەو ئومێدەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی خستە ژێر گڵەوە کە هەیانبوو سەبارەت بەزیندوومانەوەی کەسوکارەکانیان، بەڵام هێشتا نیوەی ئەنفالکراوەکانیش هەر بە بێسەروشوێنیی ماونەتەوە.

گوڵناز محەمەد، کە خەڵکی گوندی پەلەوشکە لە ناوچەی گەرمیان‌و دوو کوڕی ئەنفالکراوە، بڕوای وایە: «لەعێراق کچی ئەنفال نەماوە، چونکە بەعس زۆریانی بەوڵاتانی عەرەب فرۆشتووە، بە تایبەت بە میسر».

کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، چەند نموونەیەکی زیندوویان لەبەرچاودایە لە بەزیندوومانەوەی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان، بۆ نموونە، یەکێک لەو قوربانییانە (تەیمور عەبدوڵلا)یە کە لەسەر دەستی رژێمی بەعس ئەنفال کراوەو دواتریش بنەماڵەیەک بەناوی (ئال ئعێشم) لەپارێزگای سەماوە بەخێویانکردو تا دواتر گەڕایەوە ناو کەسوکارەکەی.

هاوڕێ پێشڕەو، بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەماف‌و ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەکو کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، بەردەوام لە هەوڵ‌و کۆششداین، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە شوێنێک هەن، یان لەکاتی خۆیدا کەوتوونەتە وڵاتێکی ترەوە، لە رێگەی وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکانەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان، بەتایبەت ئەو کچانەی کە گوایە دراونەتە میسر».

ناوبراو، وتیشی: «ئێمە لە سەردانێکماندا بۆ لای سەرۆک کۆمار، چارەنووسی ئەو کچانە یەکێک بوو لە داواکانمان، بەڵام وا وەڵامی ئێمەیان دایەوە کە حکومەتی عێراقی بەدوای ئەو مەسەلەیەدا چووەو لەگەڵ حکومەتی میسردا بەدواداچوونیان کردووە، وتیشیان ئەوە تەنیا هەندێک بەڵگەنامەی ساختەی دەزگای هەواڵگریی عێراق بووەو راست نەبووەو دوورە لە راستییەوە».

لەلایەکی ترەوە، بەرپرسی رێکخراوی چواردەی چوار لەگەرمیان، بۆ رۆژنامە ئاشکرای دەکات کە بۆ بەدواداچوونی راستیی هەواڵی ئەو کچە ئەنفالکراوانەی کە عێراق فرۆشتوونی‌و دڵنیاکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان لە راستیی ئەو بابەتە، یاداشتێکیان داوەتە پارلەمانی کوردستان، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە.

فەتاح تەنیا، بەرپرسی رێکخراوی چواردەی چوار لە گەرمیان کە رێکخراوێکی تایبەتە بەئەنفال، بە رۆژنامەی راگەیاند: «یاداشتێکمان داوەتە پەرلەمان، کە داوای کارکردنمان لە سەر چەند پرسێکی گرنگ کردووە، لەوانە: بەدادگایی گەیاندنی جاش‌و مستەشارەکان‌و چارەنووسی ئەو کچانەی کە گوایە بە پێی رێککەوتننامەیەک لەنێوان حکومەتی عێراق‌و میسردا مۆرکراوەو حکومەتی عێراق ئەو کچانەی بە میسر فرۆشتووە، بەڵام چاوەڕوانی وەڵامی پارلەمانین‌و تا ئێستا وەڵام نەدراوینەتەوە».

ئەگەرچی بەڵگەیەکی سەلمێنەر لەبەر دەستدا نییە، بەڵام رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە کەسوکاری ئەنفالەکانیش، بڕوایان ماوە کە هێشتا خەڵکانێکی ئەنفالکراو بە زیندوویی ماون.

هاوڕێ پێشڕەو، دەڵێت: بە بڕوای من، نەک تەنیا لە میسر، بەڵکو لە زۆر شوێن‌و وڵاتی تری عەرەبی ئێستا کچی ئەنفالکراوی کورد هەیە، چونکە ئەو کات پلەدارانی کوەیت‌و یەمەن‌و فەلەستین‌و ئەردەن‌و زۆر وڵاتی کەنداوی عەرەب‌و میسر لە ریزی سوپای عێراقدا بوون، بۆیە ئەگەر بە رەسمیش نەبێت، بە شێوەیەکی نارەسمیی کچی ئەنفالکراوی ئێمە لەو وڵاتانە هەن».

# ئێران نرخی ڤیزا لەسەر هەرێم زیاد دەکات

ئەحمەد باڵەکی

حکومەتی ئێران نرخی ڤیزا لەسەر گەشتیارانی هەرێم دوو ئەوەندە زیاد دەکات‌و هەرێمیش بێ بەرامبەر دەرگای بەسەر گەشتیارانی ئێرانیدا دەکاتەوەو ساڵانە ملیۆنان دۆلار لە دەست خۆی دەدات.

بە بڕیارێک حکومەتی ئێران نرخی ڤیزای گەشتیارانی هەرێمی بۆ ئێران لە (٤٥) دۆلارەوە بۆ نزیکەی (٩٠) دۆلار زیاد کرد، لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێم هیچ بڕە پارەیەک لەو گەشتیارە ئێرانییانە وەرناگرێت کە سەردانی هەرێم دەکەن، بەمەش ساڵانە بڕێکی زۆری پارەی ڤیزا لەدەست هەرێمی کوردستان دەچێت.

رائید ئیدریس عومەر، وردبین لە بەڕێوەبەرێتی نشینگەو پاسپۆرتی حاجی ئۆمەران بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکو ئێستا رێژەی گەشتیاران لە ئێرانەوە بۆ هەرێم‌و بە پێچەوانەشەوە رووی لە زیادبوون کردووەو رۆژانە (٨٠٠) تا (١٠٠٠) گەشتیار دەبێت‌و لە سەرەتای ساڵەوە تاوە کۆتایی مانگی (تشرینی دووەم) زیاتر لە (٣٠٠) هەزار گەشتیار سەردانی هەرێمیان کردووەو بە پێچەوانەشەوە.

داواشیکرد نرخی ڤیزە کەمبکرێتەوە، یان هەر نەهێڵرێت وەک چۆن ئەو گەشتیارە ئێرانییانەی کە هاتوچۆی هەرێم دەکەن، بۆ ماوەی (١٠) رۆژ لە هەرێم دەمێننەوە بەبێ بەرامبەر، داهاتی ئەو ڤیزەیەش بۆ کونسلخانەی ئێرانە لە هەرێم، چونکە ئەوان ڤیزا دەدەن بە گەشتیارانی هەرێم‌و داهاتەکەشی بۆ حکومەتی ئێرانە.

# هاوڵاتییانی سەروچاوە لە نرخی تاپۆی زەوییەکان ناڕازین

هۆشەنگ سەروچاوەیی

گرانیی نرخی تاپۆکردنی زەوی‌و خانوو، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی شارۆچکەی سەروچاوەی لە تاپۆکردنی خانووەکانیان بێبەشکردووەو داوای کەمکردنەوەی نرخەکەی دەکەن.

برایم ئەحمەد، هاوڵاتییەکی دانیشتووی شارۆچکەکەیەو بە رۆژنامەی راگەیاند: هاوڵاتییانی ناوچەکە، چەندان ساڵە لەچاوەڕوانی بەتاپۆکردنی زەوی‌و خانووەکانمانین، بەڵام بەهۆی زۆری نرخی تاپۆکردنەکەوە، بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین، زەوی‌و خانووەکانمان تاپۆبکەین، چونکە ئەونرخە زۆرەو لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

بۆ تاپۆکردنی هەرمەترێک زەوی، بڕی (٣)هەزار دینار لەلایەن شارەوانییەوە دانراوەو ئەو شوێنانەشی کە دەکەونە نزیک شوێنە گشتییەکان‌و شەقامە سەرەکییەکانەوە، نرخەکەیان زیاترەو هەر زەوییەکیش لە (٢٠٠) مەتر زیاتربێت، بەنرخێکی زیاتر تاپۆدەکرێت.

هاوڵاتییانی شارۆچکەکە ئاماژە بەوەش دەکەن، خەڵکی ناوچەکە بژێویی ژیانیان بەو ئاستە باش نییە کە حکومەتی هەرێم ئەو نرخەزۆرەی بۆ دیاریکردوون، ئەونرخەش بە بەراورد بەناحیەکانی دیکەی وەکو (حاجیاواو چواقوڕنە) نییە، بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن، ئەونرخەیان بۆ کەمبکەنەوەو بۆئەوەی هاوڵاتییانی شارۆچکەکە بتوانن لەتاپۆکردنی زەوی‌و خانووەکانیان سوودمەندبن کە چەندین ساڵە لێی بێبەشن.

شارۆچکەی سەروچاوە سەر بە ناحیەی بێتواتەی قەزای رانیەیەو زیاتر لە (٢٥٠٠) ماڵ دەبێت‌و بەهۆی تاپۆنەکردنی زەوی‌و خانووەکانیانەوە تائێستا نەیانتوانیوە سوود لە پێشینەی خانووبەرە وەربگرن.

لەبەرامبەر گلەیی‌و نیگەرانیی هاوڵاتییان لە زۆریی نرخی تاپۆدا، پەیامنێری رۆژنامە دووجار سەردانی شارەوانیی شارۆچکەکەی کرد، بەڵام بەبیانووی کۆبوونەوەوە، ئامادەنەبوون لێدوان بۆ رۆژنامە بدەن.

# پەرلەمانتارێک پێشنیاز دەکات قەرز بدرێت بە خوێندکاران

رۆژنامە

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان، پێشنیازی پێدانی قەرز دەکات بە خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان‌و داوا دەکات وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی پێدانی قەرزەکەش بخاتە نێو بەرنامەی کاری خۆیەوە.

د. جەعفەر عەلی رەسول، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیەک ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی لەرێی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان‌و وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی دارایی‌و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە، لێکۆڵینەوەو بەدواچوونی بۆ بکرێت‌و بەهەمانشێوەی بەرنامەی تواناسازیی لاوان، وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە بودجەیەکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکات‌و بیخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

ئەو پەرلەمانتارە، ئاماژەی بەوەش کردووە، کە «ئەو پێشنیازەی لەلایەن



د.جەعفەر عەلی

ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییەوە بۆ کراوە، کە زۆربەیان دانیشتووی دەرەوەی پارێزگاکان‌و هەروەها خراپیی باری ئابووریی‌و بژێویی ژیان دەرفەتی خوێندنی لەبەردەمدا بەرتەسک کردوونەتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت، هاوکاریی‌و کۆمەکی حکومەت بکرێن بە شێوەی قەرز، تا بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی درێژە بە خوێندن بدەن».

بەپێی ئەو پرۆژەیە: «وەزارەتی خوێندنی باڵا، پلانی پێدانی قەرزی ساڵانەی درێژخایەن بخاتە نێو بەرنامەی کاری خۆیەوەو بۆ هەر ساڵێکی خوێندنی زانکۆ، یان پەیمانگا بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن‌و دووسەد هەزار دینار لە شێوەی قەرز بدات بەو خوێندکارانەی کە خۆیان داوای دەکەن، دەکرێت لە سەرەتادا جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەدا لەسەر خوێندکارانی دەرەوەی شار ئەزموون بکرێت‌و دەکرێت پێدانی ئەم قەرزە بە شێوەی سیستمی بانکیی بێت».

سەبارەت بەچۆنێتیی گەڕاندنەوەی قەرزەکەو دڵنیایی لەگەڕاندنەوەی، پێشنیازی کردووە: «بۆ دڵنیایی لە گەڕاندنەوەی قەرزەکە، میکانیزمی بەڵێننامەو سیستمی «کەفیل» بەکاربهێنرێت‌و دوای تەواوکردنی خوێندن بە ماوەیەک‌و دامەزراندنیان لە کەرتی گشتیی یان تایبەتی، حکومەت بە سیستمی «قیست»، کە لە رێژەی (١٠٪)ی داهاتی مانگانەیان تێپەڕ نەکات، قەرزی سەر خوێندکاران وەربگرێتەوە».

بۆئەو مەبەستەش پێیوایە: «دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمانشێوەی بەرنامەی تواناسازیی، ساڵانە بڕێک لە بودجەی هەرێم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات».

دەربارەی هۆکارەکانی گەڵاڵەکردنی پێشنیازەکانیشی، د.جەعفەر عەلی رەسوڵ، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاشە لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەکردووە: «بە مەبەستی هەرچی زیاتر خزمەتکردنی ئەو توێژە گرنگە لە خوێندکاران کە بە هۆی کەمدەرامەتییەوە دەرفەتی خوێندن لە بەردەمیاندا بەرتەسک بووەتەوە، یان لایەنیکەم ناتوانن وەک خوێندکاری زانکۆو پەیمانگا لە ژیانی زانکۆیی بەهرەمەند بن»، چونکە بە وتەی ئەو: «پێشکەوتنی وڵات پابەندی رادەی پێشکەوتنی زانست‌و زانیارییە، هەر ئەم پێشکەوتنەشە سەرەنجام ئەو ئاستەنگو گرفتانە بەرەو چارەسەر دەبات کە رووبەڕووی هاوڵاتییان‌و وڵات دەبنەوە».

بەکارهێنانی گەنجان لەلایەن سیاسییەکانی کوردەوە 20

# توێژەرانی کۆمەڵایەتی، هەڕەشەی خۆپیشاندانو مانگرتن دەکەن

ڕاپۆرتی: لاڤە بەشارەت

کۆمەڵناسانی سلێمانی هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن، ئەگەر حکومەت وەڵامی داواکارییەکانیان نەداتەوەو بڕیاری دامەزراندنی ژمارەیەکیان جێبەجێ نەکرێت.

ڕۆژی شەممە (٢٠١٠/١١/٢٨)، لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی نارەزاییان ڕێکخست بە مەبەستی داواکاریی دامەزراندنو پێدانی دەرماڵەی تایبەتی بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی.

لەکۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئامادەبوون، ئاماژەیان بەوەکرد کە لە مانگی (٢٠١٠/١٠)وە وەزیری پەروەردە، بەنووسراوی ڕەسمیی، داوای لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ دامەزراندنی (٢٩٠) توێژەری کۆمەڵایەتیو ماوەی ساڵێک زیاتریشە توێژەرانی کۆمەڵایەتی داوای خەرجکردنی دەرماڵەی تایبەت دەکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە.

جەزا حەمەساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان، ڕایگەیاند: «لیستی ناوی (٢٩٠)توێژەرمان داوە بە وەزارەتی پەروەردەو ئەویش بەرزیکردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیری پەروەردەش جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستییەکی زۆریان بە توێژەری کۆمەڵایەتیو دەروونی هەیە بۆ ئەوەی دابمەزرێن، بەڵام تا ئێستا کەسیان دانەمەزراندووە».

بەپێی ڕاپرسییەکی کۆمەڵەکەش، (٨٧٪)ی ئەندامانی کۆمەڵناسانو دەروونناسان پێیان باشە، لە ئەگەری وەڵامنەدانەوەیاندا، خۆپیشاندان ئەنجامبدەنو (٧٪)یشیان پێیان باشە، ڕێگای مەدەنی دیکە بگیرێتەبەر.

وتیشی: «دەبوایە لەم هەڵوێستەدا، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی هەولێرمان لەگەڵدا بوونایە بۆئەوەی یەکهەڵوێستمان هەبوایە، بەڵام لە نەهاتنی ئەوان، ئێمە گومان لەوە دەکەین کە لە هەولێرو دهۆک ژمارەیەکی زۆریان دامەزراوەو بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمەش، هەمانە (١٠٤)توێژەری کۆمەڵایەتیو دەروونیی لەو سنوورەدا دامەزراون».

لەبەشێکی دیکەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، ئاماژەیان بەوەکرد: «لەماوەی مانگێکدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، (٥) خوێندکار خۆیان کوشتووەو هۆکارەکەشیان بۆ نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگاو قوتابخانەکاندا گەڕاندەوە».

کوێستان محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەگشتیی کار لەسەر مووچەو دەرماڵەی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەین، بەڵام تا ئێستا بە تایبەتی کار بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتیو دەروونیی نەکراوە، ئەمە هەنگاوێکی باشەو پشتگیریان لێدەکەین بۆ گەڕانەوەی ئەو دەرماڵەیەی کە پێشتر بە بڕیارێکی زارەکی براوە».

بەپێویستیشی زانی کە توێژەرانی کۆمەڵایەتیو دەروونیی، پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ کارکردن، چونکە بە وتەی ئەو: «جگە لەو مافانە، کۆمەڵێک کێشەی دیکەیان هەیە، یەکێک لەوانە هەست ناکرێت توێژەری کۆمەڵایەتی هەیکەلێکی تایبەتیان هەبێت لە وەزارەتی پەروەردەداو هیچ کەسێک نییە لە حکومەت سەرپەرشتییان بکات، هەروەک چۆن مامۆستا سەرپەرشتیاریان هەیە، ئەمانیش پەیوەندییان هەبێت بە شوێنێکەوە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ کارو داخوازییەکانیان».

وتیشی: «پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی، لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا، بە تایبەتی لە زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکاندا هەبێت، چونکە توێژەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتیی کەسەکانو هاوکاریکردنیان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا».



ژمارەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی — فۆتۆ: لاڤە

# دکتۆرە عایشە گیل: ڕێککەوتنی عەشایەریی هۆکاری زیادبوونی توندوتیژین دژ بە ژنان

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

لە کۆنفرانسێکدا دەرەنجامی توێژینەوەیەکی مەیدانی خرایە ڕوو کە لەلایەن ژمارەیەک لێکۆڵەری زانکۆکانی بەریتانیاوە لەسەر توندوتیژی دژی مێینە ئەنجامدرابوو.

کۆنفرانسەکە کە لە هۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆی سلێمانی ڕۆژی یەکشەممە بەڕێوەچوو، توێژینەوەیەکی مەیدانیی سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ئافرەت لە عێراقو کوردستانو لە شانشینی یەکگرتوودا بۆ هەردوو توێژەر (دکتۆرە عایشە گیل) لە شانشینی یەکگرتوو لە زانکۆی بیرستیلو ڕۆهامپتن لە شانشینی یەکگرتوو بە هەماهەنگیی دکتۆرە (نەزەند بەگیخانی) لە کوردستان توێژینەوەیەکیان بە ئەنجام گەیاندو لەژێر ناوی (توندوتیژییو کوشتن لەسەر بنەمای شەرف لە کوردستانو عێراقو ناو کۆمیونیتیی کورد لە شانیشینی یەکگرتوودا)، خرایەڕوو.

کۆنفرانسەکە تەواوکەری کۆنفراسی ڕۆژی پێنجشەممە (١١/٢٦)بوو، کە تایبەت بوو بەهەڵمەتی یەک هەفتەیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستاندا.

دکتۆرە عایشە گیل، یەکێک لە توێژەران بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «توێژینەوەکەو کۆنفرانسەکەیان هەنگاوێکە بۆ پاراستنو بەدەستخستنی مافی ئافرەتو گەڕانەوەی عەدالەت لەکوردستاندا».

هەروەها، د.محەمەد حسێن پێنجوێنی، بڕیاردەری بەشی فیقهـ و ئوسوڵ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو، وتی: «ئەگەر ئەم کۆنفرانسە مەبەست لێی بەرگریکردنی مافی ستەملێکراون بێت، بە تایبەتی ئافرەتان، زۆر پیرۆزە، ئایینی ئیسلامیش بەرگرییان لێدەکاتو رووکنێک لە رووکنەکانی ئایینی ئیسلام ڕێزگرتنە لە مێینە، بەڵام ئەگەر بەشێوازێکی ڕەها ئافرەت پەیوەست نەبێت بە بنەما ڕەوشتییەکانەوە، ئەوا زیان بە کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنێتو لێپرسینەوە لەم بابەتە زۆر گرنگەو پیرۆزە» ئاماژەی بەوەشدا؛ کە توندوتیژیی هەیە لە خێزانی کوردیدا، بەڵام لەئێستادا هەستدەکرێت حاڵەتەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن.

سەبارەت بە هۆکارەکانی بوونی توندوتیژیش لەکۆمەڵگەدا، دکتۆرە عایشە گیل، وتی: «یاسا باڵادەست نییەو عەشیرەتگەرییو ڕێککەوتنی عەشایەرییو نەبوونی ماف بۆ ئافرەت، هۆکاری زیادبوونی توندوتیژین دژ بە ژنان»، سەبارەت بە ئایینی ئیسلامیش وتی: «بە هیچ شێوەیەک ئایینی ئیسلامو هیچ ئایینێکی تر باسی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان ناکات، بەڵام بەداخەوە خراپ مامەڵەی پێدەکرێتو تەفسیر دەکرێت لە لایەن چەند کەسێکی نەزانەوە».




سلێمانی، هۆڵی ڕاپەڕین، کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە — فۆتۆ: ئاکام

## بەڕێوەبەرێتی باخچەکان پێویستی بە (٢٥٠) کارمەندە

# موەلیدە ئەهلییەکان (١٤٠) باخچەی سلێمانییان داگیرکردووە

ڕاپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

ڕووبەری زۆرێک لە باخچەکانی شاری سلێمانی، بە دووکەڵی موەلیدەکان ژەهراویی دەکرێت، هیچ دەزگایەکیش نییە ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر بەو کێشەیە بکات، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانیش نارەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە هەبوونی موەلیدە لەنێو زۆرێک لە پارکو باخچەکانی شاردا.

ئەندازیار کامەران حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی پێیوایە؛ «حکومەتی هەرێم چارەسەری ئەو کێشەیەی پێناکرێتو بەهۆی کەمیی کارەباوە ناتوانێت ئەو موەلیدانە لەو ڕووبەرە سەوزاییانە دووربخاتەوە».

بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی کە لەنێوان بەڕێوەبەرێتی باخچەکانی سلێمانیو قایمقامیەتی سلێمانی واژۆکراوە، دەبێت لەدوای (٧٢) سەعات لە دروستکردنی باخچەکان، ئەو موەلیدانە لەو شوێنانەدا بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵام تا ئێستا ئەوە جێبەجێنەکراوە.

کامەران حەمە ساڵح، وتیشی: «بەڕاستی من نیگەرانم کە باخچەو پارکی سەوزایی دروست دەکەین لەسەر داواکاریی هاوڵاتییان لە گەڕەکەکان، بەڵام کاتێک دەمانەوێت دروستکردنەکە بخەینە جێبەجێکردنەوە، دەبینین لەو شوێنەی ڕووبەری باخچەکە موەلیدەی تیا دانراوە».

لە ئێستادا شاری سلێمانی نزیکەی (٣٤٤) باخچەی تێدایەو (٦٠٠) هەزار داری تێدا ڕووێندراوەو نزیکەی (١٤٠) باخچەی دروستکراویش موەلیدەی ئەهلیی تیادا دانراوە، بەوپێیەش ئەو ڕووبەرە سەوزاییە دەپوکێنێتەوە کە وا بڕیارە ڕووبەری سەوزایی لە ٢٠١٠/١٢/٣١دا بچێتە (٦,٥٠٪) کە ئەو ڕێژەیەش دوورە لە ستانداردی نێودەوڵەتیی، کە دەبێت ڕووبەری سەوزایی نێو شارو شارۆچکەکان (١٥٪)کەمتر نەبێت.

چەوریيو پیسییو پاشماوەی ڕۆنو بەنزینی موەلیدەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ لەناوچوونی دارو سەوزایی باخچەکان، کە هەریەکەیان کولفەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش دەچێتە خانەی بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتەوە.

خەلیل ڕەزا، لێپرسراوی بەشی دارستان لە بەڕێوەبەرێتی باخچەکان، وتی: «ئەو موەلیدانەی کە لەنێو باخچەکان دانراوە، ئێمە بە هیچ جۆرێک ڕازی نین لە خاوەنی موەلیدەکان کە چەورییو پیسیی بکەنە نێو باخەکان، لەبەرئەوە هەموویانمان ئاگادار کردووە کە ئاوەڕۆ بۆ چەوریی موەلیدەکانیان دابنێن، ئەو موەلیدانە سروشتی نێو باخچەکانیان تێکداوە، بەڵام لەبەر کارەباش پێویستە هەبن».

لێپرسراوی بەشی دارستان لە بەڕێوەبەرێتی باخچەکان، وتیشی: «لەلایەن قایمقامو بەرپرسانەوە پێمان وتراوە کە هاوکاریی ئەو خاوەن موەلیدانە بین کە لەنێو ئەو باخچانەدا موەلیدەیان هەبێت».

بەڕێوەبەرێتی باخچەکان لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە بەپێی تەرخانکردنی بودجە بۆ دروستکردنی ڕووبەری باخچەو پارکەکانو بەپێی ڕێنماییکردنی هاوڵاتییانو هاوکاریکردنیان بۆ ڕواندنی دارو ڕووبەرکردنی سەوزایی، شوێنی نیشتەنیان کێرڤی سەوزاییان لە سلێمانی زیاد کردووە، بەڵام کامەران ئەوەشی نەشاردەوە کە بەهۆی کەمیی کارمەندی باخچەکانەوە ناتوانن کارەکانیان ڕایی بکەنو وتی: «کارمەندمان کەمە، لە (٢٠٠٧)ەوە ڕێژەی سەوزایی کەم بووە، (١٣٤) کارمەند بە (١٧٦) باخچەمان هەبووە، ئێستا باخچەکانمان نزیکەی (٣٤٤) ڕووبەرە، بەڵام هەر هەمان ئەو میلاکەمان هەیە».

بەڕێوەبەرێتی باخچەکانی سلێمانی بە ڕەسمیی داوای دامەزراندنی (٢٥٠) کارمەندی بۆ ڕاییکردنی کارەکانی کردووە، بەڕێوەبەرەکەشی دەڵێت: ئەگەر ئەو کارمەندانەمان بۆ دانەنرێت، ئەوا ناتوانین باخچە دروست بکەین.



پێویستە لەسەر حکومەت ڕووبەری سەوزایی لە شارەکاندا زیادبکات — فۆتۆ: ڕۆژنامە

# نموونەی (٢٣) ساڵ دیموکراسیو پاراستنی نیشتمانێک



سۆران عەبدولقادر کۆستە

ئەگەرچی ئەو باسانەی دەوترێنەوە، زۆر ئاشکراو دیار بن، بەڵام زۆرجار هەیە کە وتنەوەی شتەکان، پێویستیی خۆیان هەیە!، چونکە ئەمە هەمان ئەو سیستمەیە کە دەسەڵاتە تۆتالیتارو چەوسێنەرەکان بەکاریدەهێنن بۆ سەقامگیرکردنی بیروڕاکانی خۆیان، یان بۆ تەعبیئەی جەماوەر، یان بۆ بەزۆر دروستکردنی رای گشتیی..تاد. هەر بۆیە بەکارهێنانی هەمان چەک لەدژیان شەرعییەتی دانایی بەرابەری هەیە، کە ئەمەش سیاسەتێکی راگەیاندنی ئەو هێزە تۆتالیتارو چەوسێنەرانەیە، بۆ نموونە: درۆدەکەن، درۆدەکەن تا خەڵک باوەڕیان پێدەکات.. بەردەوام فۆرمی خۆیان دووبارە دەکەنەوە بۆ ئەوەی شێوەی ژیانی ئەوان ببێتە کلتووری کۆمەڵەکانیانو ئەو یارییانەی ئەوان یاساکانی دادەڕێژن، ببێتە یاسای ژیانی سیاسییو لە بەرامبەردا هەموو هێزێکی دادوەرو مرۆڤدۆستیش، راستییەکان یەک جار زیاتر ناڵێنەوە، چونکە پێیان وایە، راستییەکان رەوان لەگەڵ یەک جار دەربڕینداو ئیدی پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن.

لەم پێشەکییەوە دەمەویت بڵێم، هەردوو وشەی دیموکراتیو نیشتمانپارێزیی، دوو وشەی سواوی کایەکانی کاری سیاسیی خەڵکی کوردستانن و لە ئەم وتارەمدا مەبەستی سەرەکیم توانجگرتن نییە لەپارتە سیاسییە زەبەلاحەکانی کوردستان، بەڵکو ئەوەی دەمەوێت تیشکی بخەمەسەر، ئەو دیموکراتییە پەتییەیە کە لەسەر پاشماوەی بنەماڵەکان پێڕەو دەکرێت، هەروەها ئەو توانا سیاسییەیە کە گەلی کوردستان لەپێناو یەکێتیی نیشتمانیی عێراقدا سەرفی دەکات، لەکاتێکدا نە دیموکراتییەت لەسەر بنەمای بنەماڵەپارێزی بەرجەستە دەبێتو نە فەرزێکی ئیلاهیشە خەڵکی کوردستان پارێزگاری لەنیشتمانی عێراق بکات. مەسەلەی دیموکراتییەت، دیارە بەو پارتانە نایەتەدی کە لەبنەڕەتەوە ناوی سەرۆکەکانیان هەڵگری مۆرکی تیرەو چەند عەشیرەتێکی خەڵکی کوردستانو بەهەمان شێوەش دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی عێراق هیچ پێویستییەکی بە خەڵکی کوردستانو پارتە کوردییەکان نییە، داکۆکیی لە یەکپارچەییەکەی بکەن، خۆ ئەگەر دواپارتی سیاسیی باسی یەکپارچەیی خاکی عێراق بکات، دەبێت پارتە سیاسییە کوردییەکان بن.

لەم بارەیەوە تەنیا دوو دیاردەی چکۆلانە باس دەکەم: یەکەمینیان، ئەو دۆخەیە کە «پارتی» پیایدا رەو دەکاتو هەر بەو جۆرەش مێژووی خۆی چنیوە کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی دیموکراتییەت هەڵبژاردنو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە هەڵوێستەیەک بکەم، دووبارەی دەکەمەوە کە سیستمی دیموکراتی خراپترین سیستمی باشەو دەکرێت سیستمی باشتر لە شوێندا هەبێت، بەڵام ئەمرۆ لە دنیادا، ئەم سیستمە بووەتە نوێنەری سیستمێکی باش کە بەتەواویی چووەتە نەستی سیاسیی بیرمەندەکانییەوەو جارێک بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دونیا هەڵوێستە بۆ ئەڵتێرنەتیڤێکی باشتر ناکەن! ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پارتییەکەی خۆمان، ئەوە زیاتر لە نیو سەدەیە، یەک بنەماڵە حوکمی دیموکراتییانەی دەکات، جا پێم ناڵێن، خەڵکینە مرۆڤی خاوەن عەقڵو ویژدانو بیرکردنەوە، دەبێت چ هیوایەکی بە پارتێک بێت کە ناوی دیموکراتی بێتو لەگەڵ سەرەتاییترین پرانسیپی دیموکراتیدا ناتەبابێت؟ باوەڕتان هەیە، ئەو پارتە بتوانێت تاوانکارانی تیرۆری ژنان بە سزا بگەیەنێت؟ ئایا پرسیاری ئازادیی رادەربڕین، هیچ رۆژێک دەبێتە پرسیارێکی ئەم رەوتە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن، تەنیا دەتوانێت شوێن بەرژەوەندیی دەستەو تاقمێک بکەوێتو هیچی تر.

دیاردەی دووەم لە مەعدەنەکەیەوە باسی دەکەم.. ئەگەر خۆنەوارێکی ژێری ئەم سەردەمە، سەیری لاپەڕە(٨٠ – ٨٧)ی کتێبی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگی نەوشیروان مستەفا بکات)، کە بەرنامەی یەکێتی ئەو کاتەی تێدا بڵاوکردووەتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە بنەماکانی دیموکراتییەتی عێراقیو مافەکانی گەلی کورد لە کوێدان؟ لەم نووسینەداهاتووە:«دەزگای ئۆتۆنۆمی دیموکراتییەکان بۆ گەل دابین دەکات» لا ٨١ هەمان سەرچاوە. لێرەدا دەپرسم، ئەم دەزگایە دێوەکەی عەلی بابایە، یان چی؟ کام دیموکراتییەت دابین دەکات؟ ئەو دیموکراتییەتەی بە سیاسەتی بڕینی مووچەی خەڵک بەرهەمهاتبێت؟ لە هەمان بەرنامەدا هاتووە: «بەرەڵڵاکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکانو گیڕانەوەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە سەر بیروباوەڕی پێشکەوتووانە لەکار دەرکراون بۆ سەر کارو فەرمانەکانی خۆیان»، بڕوانە ئەو بەرنامەیە چۆن جێبەجێ دەکرێت، ئەمرۆ لە کوردستاندا تا ئێستاش خەڵکێک هەیە بەهۆی ئازادیی بیروڕاوە بێسەروشوێنە، یان تیرۆرکراوە، ئەوە بەئاشکراش نانبڕینو لەکار دوورخستنەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە پایتەختەکەی سەرۆکی کۆماری عێراقی بەزۆر دروستکراودا.. سەرۆکێکی کوردستانی بەلایەوە ئاساییە، بەعسییەکان بەشداریی پرۆسەی سیاسیی بکەن، بەلایەوە زۆر گرانە حوکمی لەسێدارەدانی تاوانکارانی جەنگ مۆر بکات، بەمەرجێک من دژی هەموو جۆرە سزایەکی کوشتنم، لە کاتێکدا هەمان سەرۆک بەشدارە لەبڕیارەکانی شەڕەکانی ناوخۆداو دوائیمزای خۆی کردوویەتیو بەواتایەکی تر، بەشدارە لە بە کوشتدانی سەدان گەنجی کوردستاندا، ئەمەشیان ئەگەر پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی بەزۆر دروستکراو نەبێتن، پێم دەڵێن، چ ناوێکی تری لێدەنرێت؟ ئەی ئازادکردنی تاوانکارانی ژنکوشتن پرادۆکسێکی ئەنتی نییە بەرامبەر ئازادکردنی زیندانییانی سیاسیی؟ یان ژنکوژانی خێڵو پەلاماردەرانی چاکسازییە خراپەکان لە پەیمانی ستراتیژیدا دەبنە زیندانیی سیاسیی؟

لەکۆتایی ئەم دوو نموونە سادەیەدا دەمەوێت بڵێم، ئەوە ماوەی (١٩)ساڵە لەحوکمڕانی، دەسەڵاتی کوردی تەنیا داکۆکی لەدیموکراتییەتی دەسەڵات کردووە، تەنانەت شەرمنانەش پارێزگاریی لە نیشتمانیش نەکردوەو بەرامبەر هەڕەشە سەربازییو سیاسییە دەرەکییەکان، چونکە ئەم دوو پارتە جگە لە کاتبەسەربردن بەرامبەر بە نەتەوەو خەباتی سیاسیی خەڵکی کوردستان، هیچ شتێکی ئەوتۆیان پێ نییە، نە لە عێراقێکی بە زۆر دروستکراوداو نە لەسەر ئاستی ئیقلیمیو ناوچەییو جیهانیش، چونکە ستراتیژی حوکمڕانییەکەیان بێبنەمای زانستییەو بێبنەمای فیکرو دونیابینییەو تەنیا لەسەر کۆڵەکەکانی بەرژەوەندیی وەستاوەو هەر دەستەو تاقمێکیش پێی وابێت، ئەم گرۆیانە ئازادانەو بێکێشە خەباتی سیاسییو ململانێی دەسەڵاتیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەوا بێشک لە ئیشتیباهێکی تەواو غەریبدا دەژی. هیوادارم پاش ئەوەی تەمەنی دەسەڵاتداری کوردی دەبێتە (٢٣)ساڵ دوای تەواو بوونی ماوەی هەڵبژاردنی ئێستا، پێویست نەکات هەمان ئەم وشانە دووبارە بکەینەوە.

# تەقەی خۆشیی



ئاری ئەبوبەکر– دانیمارک

ئەو شەوەی مام جەلال هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرۆک کۆماریی، لە زۆربەی شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، دەستکرا بە تەقەی خۆشیی، وەک جۆرێک لە دەربڕینی خۆشحاڵیی، هەڵبەت من لە تەلەفزیۆنو سایتو رۆژنامەکانەوە زانیم کە تەقەی خۆشیی کراوە، چونکە لە زۆربەی سایتو رۆژنامەکانو لە تەلەفزیۆنەوە، حکومەتو دامودەزگا فەرمییەکان داوایان دەکرد، تەقەی خۆشیی راگرن.

کلتووری تەقەی خۆشیی، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رژێمی بەعس، ئەو کات جاشو بەعسییەکان هەڵدەستان بە تەقەکردن وەک خۆشیی دەربڕین بۆ سەرکەوتنەکانی حکومەتی عێراق، بە تایبەتی لەکاتی شەڕی ئێران–عێراقداو پاش راپەڕین ئەم کلتوورە بەردەوام بوو تا ئەم کاتەی ئێستا کە نزیکین لە ساڵی (٢٠١١)ەوە.

دیارە تەقەی خۆشیی، دیاردەیەکی زۆر ناشارستانیو نادیموکراتییە، خاوەنی کۆمەڵێک رەهەندە کە پنتە شاراوەکانی کۆمەڵگای ئێمەو دەسەڵاتی سیاسیی دەردەخات، چونکە تەقەی خۆشیی، بەمانای ئەوەی کە تا ئێستاش چەکدارییو چەک بوونی هەیەو لە دەستی تاکە ئاساییەکاندایە، کە چەکیش لەناو ماڵو لە دەستی هاوڵاتییە ئاساییەکاندا، بەو شێوە باوەی کە هەیە، هەبوو، کەواتە کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەتی موئەسەساتیو یاسا سەروەریی درۆیەکە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خۆمانە، دەنا ناکرێت یاسا سەروەربێتو چەک لە زۆربەی ماڵەکاندا هەبێت، ناکرێت ناوی خۆمان بنێین کۆمەڵگایەکی مەدەنیو چەک لە مرۆڤەکان زۆرتربن لە ماڵەکاندا.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ئالان تۆرینە دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لەو موئەسەسەیەی کە مافی توندوتیژیی لە تاکەکان وەردەگرێتەوەو لە رێگەی یاساوە ئەو توندوتیژییانە، بە شێوەیەکی مەدەنی، بەرجەستەدەکاتەوە. ئەگەر ئەم قسەیەی ئالان تۆرین وەربگێڕینە سەر کلتووری چەک، ئەوا دەتوانین بڵێین، دەوڵەت ئەو موئەسەسەیەیە کە چەک لە هاوڵاتییە ئاساییەکان وەردەگرێتو لە رێگەی ئاسایشو پۆلیسەوە، ئاسایشیان دابین دەکات، چونکە زۆربەی هاوڵاتییان کە خاوەنی چەکن، لەبەر پاراستنی سەروماڵیانە لە هەر رووداوێکی کتوپڕو هێرش بۆ سەریان.

لە لایەکی ترەوە، ئێمە لە ئێستادا کە خەریکی هێنانی کۆمپانیای بیانین بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، گرنگە لە بەردەمی ئەو کۆمپانیاو کونسولگەری وڵاتانەدا نەیسەلمێنین کە ئێمە میللەتێکی ناشارستانینو چەک لەناو زۆربەی ماڵەکاندا هەیە، چونکە ئەمە زیان بە ناو و ناوبانگی ئەزموونەکەمان دەگەیەنێتو بە میللەتێکی شاخاوییو باڵادەستی لۆژیکی چەک دەناسرێین.

دەکرا لە (٢٠)ساڵی رابردوودا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، هێواش هێواش کار بکرایە بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی چەکدارییو کەمکردنەوەی کلتووری چەک، بەڵام بەداخەوە، نەک ئەمە نەکرا، بەڵکو بازاڕی چەک کڕینو فرۆشتن هەبوو، هەروەها حیزبەکان خەڵکی تایبەت بە خۆیان هەبوو وەک بازرگان کە چەکیان لە بازاڕی رەشدا بۆ دەکڕین.


بۆیە کاتی خۆیەتی کە حکومەتو پەرلەمان بکەونە خۆ بۆ دەرکردنی یاسایەکی مۆدێرن کە وردە وردە کاربکات بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی چەکدارییو بوونی چەک لەلای هاوڵاتییان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان بەرەو شارستانییەتو مەدەنییەت بەرین، دیارە دەرکردنی یاساو کارکردن بۆ دەرهێنانی چەک لەدەستی هاوڵاتیی ئاساییدا، دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ کارکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتییان لەهەر هێرشو رووداوێک کە مەترسی بۆ سەر سەروماڵیان دروستبکات، چونکە تا ئێستا هاوڵاتییان متمانەیان بە دەسەڵاتو دامودەزگاکانی نییە لەوەی کە بتوانن بێلایەنانەو دادپەروەرانە بیانپارێزن لەهەر رووداوێکی نەخوازراو بۆ سەریان.

هەڵبەت لەوەش بێئاگا نیم کە لە هەندێک وڵات، بە تایبەتی ئەمریکا، خەڵکی توانای دەستخستنی چەکیان هەیە، دیارە دەکرێت هەبن کە بڵێن، ئێ کاکە خۆ لە ئەمریکا چەک لە دەستی هاوڵاتییاندایە، ئیتر ئەمە بۆ بۆ ئێمەی کورد دیاردەیەکی ناشارستانییە، کەچی بۆ ئەمریکای باڵادەستو دیموکرات شارستانییەتە؟ لە ئەمریکا بە مەرج هاوڵاتیی ئاسایی دەبێتە خاوەنی چەکو دەتوانێت چەکی هەبێت لەماڵەوە، کۆمەڵە مەرجێکی قورس، پاشان لە ئەمریکا بەهۆی بوونی سیستمی ئەلیکترۆنییەوە، هەموو ئەوانەی کە چەک دەکڕن لەگەڵ جۆری چەکەکان، داتا دەکرێنو هەڵدەگیرێن، خۆ ئەگەر رۆژێک کەسێک بە هەر جۆرە چەکێک کارێکی بەسەر بێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی خاوەن چەکەکە دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا، نەکەسو نە چەک داتاکراوە، نە کەسیش دەزانێت کێ چەکی هەیەو کێ بێچەکە.

هەر لەم روانگەیەوە، پێویستە ئازیزانمان لە حکومەتو پەرلەمان، بکەونە خۆ بۆ دەرکردنی یاسایەک، کە بتوانێت سەختترین سزا بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە خاوەنی چەکن، دیارە پاش دانی ماوە(موهلە)ی تایبەت بە هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی چەکن بۆ تەسلیمکردنەوەیان بە دامودەزگا فەرمییەکان، چونکە تا چەک لە دەستی هاوڵاتییە ئاساییەکاندا بێت، تا چەک لە ماڵەکاندا هەبێت، مەترسیی خولقاندنی هەموو جۆرەکانی کارەساتی سیاسیی بە تایبەتی لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا، ئەگەرێکە لەبەردەمماندا، لەکەدارکردنی ئەزموونەکەشمان لەولاوە بوەستێت لە بەردەم بێگانەو دونیای دەرەوەدا.

# بەغدا، لە موسڵەوە حوکم دەکرێت!

## پیلانی سڕینەوەی یەکجاریی کورد



مەحمود عەبدوسەمەد

ئوسامە نوجێفی موسڵاویی، کاتێک ئەندامێکی سادەی پەرلەمانی پێشووی عێراق بوو، توانیی (ئەسیل)ی برای بکات بە پارێزگاری موسڵ دژی کوردو مەسیحیو ئێزدی پارێزگاکە بە ئامانجی پاکتاوکردنی دانیشتووانی غەیرە عەرەبی ئەو ناوچەیە، لەبەرامبەردا سەرکردایەتیی کورد دانوستاندنی نەزۆکی لەگەڵ دەکردن، هەر ئەو پشتگیریی پێکەوەنانی تاقمی (٢٢)ی تەمووزی کرد، تورکمانو عەرەبی (٤)پارێزگا تاوکردو بەبێ بەهانەو پشت بە بێدەگی مالیکی، ئاماری گشتیی دواخستو بۆی چووە سەر، ئێستاش کورد دەنگی بۆ ئەو نوجێفییە داوەو کراوە بە سەرۆکی پەرلەمان، کۆبوونەوە بە شۆڤێنیستەکان کراوە بەبێ کوردو گوایە مالیکیش ئاگای لێی نەبووە!- بەنیازی دواخستنەوەی سەرژمێرییو لابردنی خانە(حقل)ی نەتەوە لەسەر فۆرمی سەرژمێریی بە پیلانی عەلی بابانو پشتگیریی شۆڤێنیستەکان، سەرکردایەتیی کوردیش – کە جۆرە ساردییەکی پێوە دیارە لە هەمبەر پرسەکەدا – پێی وایە، بوارنادرێت سەرژمێریی بکرێت.. هەتا شۆڤێنیستی عێراقی ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندیی خۆی دەستەبەر نەکات.

لە پارێزگاکانی (کەرکوک، دیالە، موسڵ، تکریت)دا، بۆیە دەڵێم (بەغدا، لە موسڵەوە حوکم دەکرێت). سڕینەوەی خانەی نەتەوە، واتە سڕینەوەی شوناسنامەی هەموو شەبەنگەکانی عێراق بەتایبەتی کوردو کردنی سیستمی وڵاتیش بە کۆپییەکی قێزەونی رژێمی ئیسلامیی سوننەی تورکیاو شیعەی ئێرانو شۆڤێنیستی بەعسی سوریاو ئەگەر ئەمەیان لەبەر بڕوات، هەوڵیش دەدەن ئاقارە سیاسییەکە بەرەو ئەوە ببەن کە وشەی عێراق چەمکی (کورد، مەسیحی، تورکمان، ئێزدی، سوبی...) بگەیەنێتو هەموویان بەڕەسمیی بە عارەب تۆماربکرێنو رەگەزنامەو شوناسنامە بگۆڕدرێنو سروشتیشە لە وەها بارێکدا، کێشەی مادەی (١٤٠) و ناوچە داگیرکراوەکانو فیدراڵیەت... هێزی مانەوە لەدەست دەدەنو هەر بەو مەبەستەشە شۆڤێنییەکان وا بە توندیی دژی فیدرالێتی (بەسرە) دەوەستنەوە.

بەڕاستی پیلانێکی شوورەییو گێلانەو بێزەمینەیە، تا ئێستا گەلانی پێشکەوتووترینو دواکەوتووترینی جیهان ئەم جۆرە پرنسیپەیان پیادەنەکردووە، قورئان ددانی ناوە بە جیاوازیی گەلانو بگرە تیرەو تایفەو رەنگو زماندا، بە نیشانەی خوایان دادەنێت، بەڵام وا دیارە کە عەلی بابانو هاوبیرەکانی ئەو پرەنسیپە خواییە رەتدەکەنەوەو بە پیلانی (شعوبی) دادەنێن، عەرەبی سەردەمی ئەمەویو عەباسی رەگەزپەرستو لووتبەرزیش بە موسڵمانە غەیرە عەرەبەکانیان دەوت (موالی) نەک (عارەب)، من خۆم چووم بۆ (رومادی) لە بازگەیەک شوناسنامەکەیان بینیم پرسییان (کاکە انت کوردی؟.. من یا عشیرە؟)، ئەمە چ جای نەتەوە، لە سەرەتای مێژووەوە شوناسنامەی نەتەوەیی هەر هەبووەو کەس لاریی لێی نەبووە. یەکێتیی ئەوروپاکە مۆدێرنترین فیدراسیۆنە، هیچ ئەندامێکی دەستی لە (ناسنامەی نەتەوەییو تایبەتمەندیی خۆی هەڵنەگرتووە)، خۆ ئەگەر ئەم هەوڵە کۆنە نوێیە لە تاقمێکی رەگەزپەرستەوە سەری هەڵنەدایە، رەنگە پاساوێکی ببوایە، بەڵام کێ (ئامین) بۆ دوعای ئەوانە دەکات؟ سڕینەوەی (نەتەوە) کارێکی نامرۆڤیو هەمەجییە، (٦٢)ساڵە ئیسرائیل فەلەستینی داگیرکردووەو پڕکێشی وای نەکرد، بەعسی سەدامی نەیکرد، ئەمە سەرەڕای سوکایەتیکردن بە سەختترین خەباتی زیاتر لە نیوسەدەی میللەتەکەمان، پیلانی سڕینەوەی یەکجاریی کوردیشە، واتە ئەوەی بەعس بە سوپاو چەکی کیمیایی پێی نەکراو سەریشی خوارد، نوجێفیو عەلی بابان دەیانەوێت بە پیلانێکی ریسوا ئەنجامی بدەن!

دوای سەرگرتنی پیلانەکەشیان، کێ دەڵێت، وەک عوسمانلییەکان کورد تەفروتونا ناکەن، بەرەو بیابانی مردنو قەلاچۆ؟ ئاخر کام بەرپرسو پەلەمانتاری کورد ئەو سەرە شۆڤێنی رەفتارانە نەناسێت، بەڵام چۆن لە پەرلەماندا دەنگیان پێدان؟ چۆن بوون بە (جەمشید خانی مامی بەختیار عەلی)و هەروا زوو هەموو رابردوویەکیان لەبیر چووەوە؟! بوونی ئەوانە لە دەسەڵاتدا- بێجگە لەوەی لە دژی هەموو داوایەکی کوردان دەوەستنەوە، هەردەمیش گەلی ئێمە دەخەنە بەردەم مەترسیی پیلانو شەڕەنگێزی خۆیانەوە، لەولایشەوە تا ئێستا کەس نازانێت چارەنووسی (١٩)خاڵەکەی کورد چی بەسەردادێت لەسەر دەستی ئەوانەداو سازشی کورد لەگەڵیاندا پشتی بە چی گرەنتییەک بەستووە؟، ئەی ئەگەر ئەو پێشنیازە سەریگرت، ئایا ئەو دووانەو هاوبیرەکانیان–کە خۆیان خاوەنی بیرۆکە گومانئامێزەکەن–دەست لە عروبەویو شوناسنامەی (عەرەبیی عێراق)و خەونی دوورگەی عەرەبیو دروشمە رەگەزپەرستیو ئایینیو مەزهەبییەکانی خۆیان هەڵدەگرنو باڵۆرەی (**العراق جزء من الأمة العربية**) فڕێدەدەنە زبڵدانەکانی مێژووەوە؟

بەڵام ئەگەر ئەمە هەر بە مەبەستی شکاندنی گۆزەی رێککەوتنەکەی هەولێر بێت لە سەری کورددا –کە ئەویش لە خۆیدا هاوکێشەیەک دەرچوو، براوەی سەرەکی تیایدا (موتڵەگ، عانی، عەوادی) بوون، کە ئیعتباریان بۆ بگێڕدرێتەوەو لە راوەدونانی دەستەی (موسائەلە) قوتاربنو بەبێ بڕیاری دادگاو بەبێ ئەوەی ناچاربکرێن لەسەر شانۆی هۆڵی پەرلەمانی عێراقیو لەبەردەم نوێنەراندا ددان بنێن بە کردەوەکانیانداو داوای لێبووردن بکەن لە گەلی عێراق، بەتایبەتی لە گەلی کورد... کە ئەوەشیان پێنەکردن، لە دوارۆژدا هەر تاوانێک ئەنجامبدەن ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر گەردنی کێ؟

# خۆکوشتن‌و کوشتنی ژنان لە کوردستان کەمدەبێتەوە

راپۆرتی: سیروان عەول

کوشتن‌و خۆکوشتنی ژنان لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان کەمبووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کەموکوڕیی زۆر لە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا هەیە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی توندوتیژی دژی ژنــان، حاڵەتەکانی کوشتن‌و خۆکوشتنی ژنان لە کوردستان بــەرەو کەمبونەوە دەچێت، بەجۆرێک لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠)وە تا ئێستا (٥٩) ژن کوژراون، کە (٢٧)یان خۆیان کوشتووە، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٨٥)ژن خۆیان کوشتووەو کوژراون، لە ساڵی (٢٠٠٨)یش رێژەی ئەو ژنانەی کوژراون‌و خۆیان کوشتووە (١٠٤) ژن بوون.

خستنەڕووی ئەم ئامارە لەمیانەی چەند چالاکییەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بوو کە لە رۆژی (٢٥ی نۆڤەمبەر) رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی لە جیهاندا خرایەڕوو، لە هەرێمی کوردستانیش چەند چالاکییەک بەو بۆنەیەوە لە رۆژانی (١١/٢٥بۆ ٢٠١٠/١٢/١٠) بەرێوەدەچێت.

مــوقــەدەم ســەرکــەوت ئـەحـمـەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان، لە پارێزگای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: هەرچەندەکۆمەڵیک رێکخراوکاربۆنەهێشتنی توندوتیژیی دەکەن‌و کاریگەرییان هەیە، بەڵام هێشتا یاساکانی توندوتیژیی لە ئاستێکی پێوستدا نییە، بۆئەوەی بتوانین بەسەر ئەو کەموکورتییانەی کە هەیە زاڵبین».

هــەر لە چــوارچــێوەی چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە پارێزگای سلێمانی هێڵێکی گەرم بۆ رووبــەڕووبــوونــەوەی توندوتیژیی‌و پـەیـوەنـدیـکـردن بـە بـەڕێـوەبـەرێـتـی بـەدواداچـوونـی توندوتیژیی دژی ژنان تەرخاندەکرێت‌و هاوڵاتییان دەتوانن لە رێگەی ژمارە (١٩٩)ەوە پەیوەندی بکەن بە مەبەستی بەدەمەوەچوونی هەر حاڵەتێکی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی.

لە ماوەی هەفتەی رابــردوودا، لەلایەن هــەردوو رۆژنــامــەی (شەرقولئەوسەت‌و نیویۆرک تایمز)ەوە ئامارو راپۆرتی تایبەت بە حاڵەتەکانی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف لە کوردستان، بڵاوکرانەوە، بەگوێرەی راپۆرتەکەی شەرقولئەوسەت لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٧) زیاتر لە (١٢هەزار) ژن بە تۆمەتی شەرەف کوژراون.

مــوقــەدەم ســەرکــەوت، رەتـیـکـردەوە ئامارێکی ورد لەبەردەستدا بێت لەوبارەیەوەو تا بزانرێت رێژەکان لە هەرێمی کوردستان چۆنە: «بە رای من رێژەکە ناگەتە ئەوە، تا ئێستاش ئێمە بەدواداچوون دەکەین رێژەکان بەو رێژەیە زیادی نەکردووە، دەتوانم بڵێم ساڵ هەبووە رێژەی خۆکوشتن، یان کوشتن، نەگەیشتووەتە (١٠٠) ژن لە ساڵێکدا.

هەر لە درێژەی چالاکییەکاندا هەڵمەتی چاندنی (٧٠)نــەمــام ئـەنـجـامـدەدرێـت، بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان، وەک رێزلێنانێک بۆ گیانی ئەو ژنانەی کە بەستەم «تیرۆرکراون‌و کوژراون»، هەڵمەتەکەش بە هاوکاریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدەدرێت، هاوکات بەڕێوەبەرێتی ئــەوقــاف، وتــاربــێــژی مزگەوتەکانی ئاگادارکردووەتەوە کە بەشێک لە وتاری رۆژی هەینی تەرخان بکەن بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان، کە ئەوەش خۆی لە حەرامکردنی خۆسووتاندنی ژنان دەبینێتەوە لەژێر رۆشنایی شەریعەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.

دوایــیــن چــالاکــیــی بــەرێــوەبــەرێــتــی بەدواداچوونی دژ بە ئافرەتان لە پارێزگای سلێمانی لە رۆژی (٢٠١٠/١٢/١٠)دا چاندنی (١٠) نەمامو داگیرساندنی (١٦) مۆمە بۆ گیانی (لوسی)، کە خانمێکی ئەمریکی بوو لە ساڵی (١٩٩٤) بە دەستی رژێمی بەعسی رووخاو تیرۆرکرا.

کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بە ئامارەکانی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێم کردو وتی: «لە ساڵی (٢٠١٠) تائێستا (٥٩) ژن کـوژراون‌و خۆیان کوشتووە، کە (٢٧)یان خۆیان کوشتووە، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٨٥) ژن‌و لە ساڵی (٢٠٠٨) رێژەی ئەو ژنانەی کـوژراون‌و خۆیان کوشتووە (١٠٤) کەس بوون.

شــارەزایــان‌و چاودێرانی دۆخەکەش هۆکارە ئابووریی‌و ئایدیایی‌و سیاسییەکان بە هۆکاری کوشتن‌و خۆکوشتنی ژنان دەزانن‌و داوای گرتنەبەری رێ‌و شوێنی بە پەلە دەکەن‌و دەسەڵاتیش بە هۆکاری سەرەکیی دەزانن.

ســۆران محەمەد غەریب، پاریزەری راوێژکار بۆ رۆژنامە وتی: «توندوتیژیی لەو کارو کردەوە نامرۆڤایەتی‌و نەشیاوانە دروســت دەبێت کە لەلایەن کەسێک یان چەند کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێت‌و هۆکاری سیاسیی‌و ئابووریی لەپشتە، لێکەوتنەوەی توندوتیژیی بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دەبێت یەکێک لەوانەش ئایدیایە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەو کەسەی توندوتیژییەکە بەکاردەهێنیت، سەلمێنەری بیرکردنەوەی ئەو کەسەیە بۆ ژنان، یان بۆ بەرامبەرەکەی، هەروەها پێوانەکردنی کەسێتی‌و رادەی تێگەیشتنی ئەو کەسە لە چ ئاستێکدایە».

ئـەو پـاریـزەرە ئـامـاژەی بەوەشکرد: «ناتوانرێت رێــژەی توندوتیژیی دیاریی بکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە رێژەی زیادبوونی دانیشتووانەوە، هەتا دانیشتووان زیاد بکات رێژەکە بەرەو زیادبوون دەچێت، کە لە کاتێکدا بە پێی ناوچەکانیش ئەو رێژەیە دەگۆڕێت».


سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژیش وتی: «چارەسەری توندوتیژیی پەیوەستە بە فێرکردنی رێنماییەکان‌و رۆشنبیرکردنی هاوڵاتییان، هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی توندوتیژیی دەسەڵاتە، چونکە ئەو رێنماییەکان بڵاودەکاتەوە، هەر ئەوانیش رێگە نیشاندەرن بۆ ئەو مەبەستە».



لە دروشمەکانی بەڕێوەبەرێتی توندوتیژی دژی ژنان

# بەکارهێنانی گەنجان لەلایەن سیاسییەکانی کوردەوە

عەزیزی مۆم



هــەمــوو شــۆڕش‌و بـزووتـنـەوەو رێکخراوێک لە بـواری سیاسییدا، چەند پێوەرو بنەمایەک ئاراستەی سەرکەوتنی دیـاریـدەکـات، کاریگەرترین پێوەری سەرکەوتن هێزو توانای گەنجەکانە، لەم روانگەیەوە سەرکەوتن‌و بەرەوپێشچوونی بزاڤی سیاسیی کورد، پشت بەستوبووە بە تواناکانی گەنجانی کورد، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری شەهیدانی کورد لە توێژی لاوان، بزوێنەرو هەڵسوڕاوانی شۆڕش‌و راپەڕینەکانی کورد توێژی گەنجان بوون، بـەڵام پاش سەرکەوتن‌و کۆتاییهێنانی قۆناغی خەبات، پشکی شێر لە وەلادانان، هەر بەر گەنجان کەوتووە.

ئــەوەی جـێـی داخــە لــە پـرۆسـەی سیاسیی دوای راپەڕینەوە، گەنجان بۆ رووبەڕووبوونەوەو ململانێی گەورەکان بەکارهاتووەو لەنێو خۆیاندا بەکارهێنراون دژ بە یەکترو تا پێیان کرابێت یەکتریان شـکـانـدووەو بـووەتـە هـۆی دارمــان‌و بچووککردنەوەی یەکترو نەهێشتنی کاریگەریی بزوێنەرانەی گەنجان‌و لاوان، بۆیە ئێستا توانای هاتنە پێشەوەی گەنجی کورد بەبێ پاڵپشت زۆر زۆر لاوازە، راستە ئەو سیاسەتەی گەورە سیاسییەکانی کورد پەیڕەویان کردووە، سەرکەوتوو بووە بۆ خۆیان‌و مەرامەکەیان، بەڵام لە روانگەی هەستی پیرۆزی کوردایەتییەوە تاوانبارن‌و ئــەو هەستەی کە پێویستبوو پەیڕەو بکرێت لەنێو نەوەی نوێدا، بەدی ناکرێت‌و هیواشیان نەماوە بە کوردایەتی‌و خاک‌و نیشتمان‌و رۆژانە چەندین گەنج‌و لاو وڵات بەجێدەهێڵن‌و خۆشەویستیی نیشتمان وەک خەمێک لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن‌و دەیبەن.

کــوردەکــانــی جـەلـەولاو سەعدییەو حەمرین‌و دووز چۆن چۆنیی رۆژیان لێ دەڕوات لە بەرامبەر هەڕەشەی چۆڵکردنی زێدی باووباپیرانیان، رەنگە چۆڵکردنی ئەم ناوچانە ئێستا گرنگ بێت بە لای فاشییە عەرەبەکانەوە، چونکە هەستی نەتەوایەتییان گەرمەو تیایاندا دەبزوێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەو هەستەی کە پێویستی بوو بۆبەگژداچوونەوەی‌ئەمجۆرە راگوێزراوانە، بەدی ناکرێت‌و ئۆباڵەکەشی لە ئەستۆی ئەو سیاسییانەیە، کە بۆ مانەوەو بەردەوامیی لە پۆستی خۆیان پەیڕەوی سیاسەتی نەمانی هەستی کوردایەتییان دەکرد، ئێستا نە زووە، نە درەنگە، بۆ ئەوەی توێژی گەنجەکانمان ئاراستە بکەین بۆ هەستی کوردایەتیی‌و نەیەوایەتیی‌و نیشتمانیی، بۆیە ئەو سیاسەتە بۆگەنەی کە پەیڕەوکراوە، بتوانین نەوەیەکی نوێ پەروەردە بکەین، کە بتوانێت ئەرکی نیشتمانیی جێبەجێ بکات‌و سیاسەتێکی نیشتمانیی بگرێتەبەر، کە دووربێت لە کاری دەستەگەرایەتیی‌و ماستاوکردن‌و پیاوپیاوێنە.

بۆیە پێویستە ((وەتەنمان)) لە خۆمان خۆشتربووێت، بە گەورەتر لە سیاسەتی ئەو کاربەدەستانە سەیر بکە، کە گەنجی کورد وەک پێکی شــەراب سەیر دەکەن بەدەستییانەوە، بۆ مەستکردنی هەستی میللەتێک بەکاری دەهێنن، بۆیە دەبێت ئەو پێکەیان لێ برژێن‌و لەبری ئەو پێکە نامەی کوردایەتییان بدەینە دەست‌و بە قەڵەمێکیش پەشیمانییان پێ بنووسینەوە لەو رەفتارەی بەرامبەر کوردایەتیی کردوویانە، مێژوو چیتر گەنجەکانمان بە خەمسارد بەرامبەر میللەت نەدا لە قەڵەم‌و تۆوی دووبەرەکیی بۆ هەتا هەتایە لە گڵ بنێین.

# نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری دادی هەرێم‌و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان

بەڕێز جەنابی وەزیر، بەپێی یاسا لە هەموو وڵاتێکدا، هاوڵاتیی بۆی هەیەو مافی یاسایی خۆیەتی کە کێشەیەکی لەلایەن وەزارەتـێـکـەوە رووبـــەڕوو بـــووەوە بە نارەوا، چاوی بە جەنابی وەزیر بکەوێت‌و سکاڵاکەی وەڵام بدرێتەوە، بەداخەوە، من(کریم عارف) لە ٢٠١٠/٥/١٩ سکاڵایەکم دژ بە هەندێک دادوەرو دادگای سلێمانی ئاراستەی بەڕێزت کرد، لەهەمان کاتدا بە یاسا رەخنەم لە بڕیاری نارەوای دادگای جنایاتی سلێمانی بە (صفەی تدخل)، تەمیزی کرد بەم خاڵانە.

١/ مـــادەی ٢٨٩_ ٢٩٨ لـە دادگـــای لێکۆڵینەوە، بە یاسا نابێت رەتبکرێتەوە بە قسەیەکی ناڕاستی کاک (عومەر ئەحمەد)، بەمەرجێک لە بڕیاری دەستەی گشتیی لە ٢٠٠٥/١٢/٣٠ جێگیر بووە.

٢/ شاردنەوەی دۆسیەی تەزویر.

٣/ نەکردنی **مضاهات**!!!

بەڕێز جەنابی وەزیر، سکاڵاکەم بەبێ هامش، ئاراستەی شوعبەی یاسایی کرا، لەگەڵ مافپەروەر کاک (عەبدول رەزاق) دانیشتن، لەگەڵ (کەریم عارف) ئەنجامدرا بە شەفەهی بەبێ برگەی یاسایی‌و نووسراو.

ئایا لە یاسادا شەفەهی هەیە؟ لەبەرئەوە بە مافی خۆمی دەزانم کە دانیشتن لەگەڵ جەنابی وەزیـــری داد بـکـەم، فەرمان بفەرموێت بۆ چاوپێکەوتن، بڕیاری یاسایی بە هەڵوەشاندنەوە، (**فتح ملف جديد لقضية تزوير توقيع حاكم تحقيق في ١١/ ٥/ ٢٠٠٢**).

بە هیوای وەڵام.

ئەگەر یاسا سەروەرە، داوای قەرەبووی مادیی‌و مەعنەویی دەکـەم لەو کەسەی واژۆی کاک عومەری تەزویر کردووە.

**داواکار**
**کەریم عارف سلێمان/ ژاژڵەیی**
**لە ٢٠٠٢/٥/١١ تا ٢٠١٠/١١/٢٥ مامۆستا لە**
**قوتابخانەی دێرین/ بەکرەجۆ**

# بۆ/ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی
# بۆ/ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان
# بۆ/ رای گشتیی

لــە سیستمی مـوچــەی تـــازەدا کە لـە ســـاڵــی(٢٠٠٨)دا، دەرچـــووە کـە بە ژمارە(١٤٠١٧) لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ رێنمایی(٢١) ، وە (١١٨٥٧) لە ٢٠٠٨/٦/٢٦، گەلێک بڕیارو بڕگەی یاسایی تێدا هاتووە کە لە یەکێک لە بڕیارەکان، لە بڕگەی(٥)، زنجیرەی(٣)، کە دەرمــاڵــەی شوێنی جوگرافیایی بۆ فەرمانبەران سەرف دەکرێت، بەپێی دوورو نزیکیی شوێنی کارکردن هاتووە؛ کە ئەو فەرمانبەرانەی سەر بە مەرکەزی ناحیەکانن، (٤٠٠٠٠)چـل هـەزار دیناریان بۆ سەرف دەکرێت، لێرەدا مەبەستمان ناحیەی بازیانە، کە چەند مانگێک بۆمان سەرف کراو پاشان بەدەستیی لەکاتی مووچە وەرگرتندا لێمان وەرگیرایەوەو بە رێنمایی (٦)، بە ژمارە (١٣٢٥) لە بـەرواری ٢٠٠٩/١/٢٢، کە بڕی پارەکە کەم کرایەوە بۆ(٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار، تەنیا بۆ ناو مەرکەزی ناحیەکە، بەڵام دەوروبەری نا، پاش چەندین جار سەردان‌و لێپرسینەوەمان لە شوێنەکانی پەیوەندیدار بەو کارەوە تا دەگاتە وەزارەتیش لە وەڵامدا هەر جارەو بە بڕیارێک‌و شێوازێک ئاماژەیان پێ دەدا کە «بڕینی پێویستە»، چونکە بازیان سەر بە قەزای مەرکەزی پارێزگایە، باشە خۆ هیچ نەبێت چیایەک جیامان دەکاتەوە، لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێت:

یەکەم/ بەپێی مووچەی تازەی (٢٠٠٨)، راشکاوانە ئاماژە بە بڕی (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار بۆ ناحیەکان دەکات، ئێمە لەو ناحیەیەین کە پێیدەوترێت ناحیەی بازیان‌و بەڕێوەبەری ناحیەشمان هـەیـە، بـەواتـا یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی فەرمییەو(٣٥)کم دوورە لە پارێزگاوە، پێویستە(٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار شمولمان بکات.

دووەم/ ئێستا سێ بەڕێوەبەرێتی هەیە کە لەناو سەنتەری ناحیەکەدان.

١/ بەڕێوەبەرێتی پۆستەو گەیاندنی بازیان، بە فەرمانی وزاریی ژمارە (١٤٩٥) لە ٢٠١٠/٤/٢٨ بۆی کراوە بـە(٤٠٠٠٠) چل هـەزار دینارو لە بـــەرواری ٢٠٠٨/١/١ەوە شایستەیانە، بۆیان خەرج دەکرێت.

٢/ سەرۆکایەتیی شـارەوانـی گشتیی سلێمانی،ژمارە (٨٥٢٨) لە ٢٠١٠/٤/٢٥ دەرماڵەی جوگرافیایان بۆ کراوە بە (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار لە بەرواری ٢٠١٠/١/١وە بۆیان خەرج کراوە.

سەرنجراکێشتر ئـەوەیـە، هەموو دامودەزگاکانی چواردەورمان کە سەر بە ناحیەکەمانن، دەرماڵەکەیان(٤٠٠٠٠) چل هەزار دینارە، ئەگەر ئەوان بە گوند حساب بن، دەبێت دەرماڵەکەیان(٦٠٠٠٠) شەست هـەزار دینار بێت، ئەگەرنا، دەبێـت وەک ئێمە بن، ئایا هەر سنووری ناحیەکە سەر بە قەزای مەرکەزی پارێزگایە یان تەنیا ناحیەکە خۆی؟

جا هەر لایەنێک مەبەستی روونکردنەوەو بەدواداچوونی هەبێت لەو بابەتەی ئێمە، ئامادەین بۆ وەڵام بە بەڵگەوە.

**فەرمانبەرانی مەڵبەندی**
**تەندروستی ئێشکگری بازیان.**

# سەرۆک‌و سەرۆکایەتیی (Ledarship)



دانا هەڵبجەیی

**پێشەکی:**

ســــەرۆک، زەعـیـم، فـەرمـانـڕەوا، سەرکردە، لایدەر، شێف، میر وەک ناو، ناسنامەو کەسایەتییەک، سەرۆکایەتیش وەک ئەرک، پایەو خەسڵەتێک، لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرن، هەر بۆیە باسگەلێکی جۆراوجۆریان لەسەر نـووسـراوەو بە درێـژایـی مـێـژوو، ئـاکـارو ڕەوتـی کارکردن‌و هەڵسوکەوتی سەرۆکەکان لە پراکتیزەکردنی پیشەکەیان، گەلێک ئەنجامگیری وەرگیراوەو لە ئاکامدا، کۆی سەرکەوتن‌و نشوستییان، وەک پەندو تیۆرێکی پەروەردەیی بۆ دروستکردنی سەرۆک‌و کەسایەتیی بەڕێوەبەر سوودی لێوەرگیراوە. جۆرەها میتۆدی ناوخۆیی‌و دەرەکیی، جیۆگرافیایی‌و جیۆپۆلۆتیکی، لە گۆڕان‌و جوڵەدابوون بۆ کاریگەرییان لە سەر دروستبوونی جۆرێک لە جۆرەکانی ســەرکـردە، بە تایبەتی لە دەسەڵاتی پۆزەتیف(ئەرێنی)و دەسەڵاتی کەسێتی.

پشتبەستن بە ئەنجامگیریی دیرۆکی‌و توێژینەوەی ئەکادیمی، بە سوودوەرگرتن لە زانستی دەروونناسیی سیاسیی‌و دەرونناسیی کۆمەڵایەتی، سەرۆکایەتیی وەک بیردۆزێکی مرۆیی‌و کۆمەڵایەتی دەستەواژەو پۆلێنکراوە، لەبەر ئەوەی کەسێک لــەســەرەوەی کەسانێکەو هەردووکیشیان مرۆڤن، ناتوانرێت لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هۆشیاریی مرۆڤ خۆی ڕەهـا بکات، بە مانایەکی دیکە، مرۆڤەکان خۆیان پلەو پایە دەبەخشن‌و لە لایەن مرۆڤیشەوە پێیان دەبەخشرێت، کەواتە مرۆڤ خۆی خولقێنەری سەرۆکی خۆیەتی‌و خۆیشی دەتوانێت ببێت بە سەرۆک، یا بە ژێـرۆک. هەرچەند واش نیشنانبدرێت کە لە ودیوی سروشتەوە، یان خوداوەند ئەمەی بەخشیوە، وەک ئەوەی ئەفلاتون باسی لێوە دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە مرۆڤەکانن کە مرۆڤێکیان وەک سەرۆک پەسەند کردووەو دەچنە ژێـر بـاری دەسـەڵاتـەکـەیـەوە، ئەگینا بە هیچ کەسێکی تاک‌و تەنیا ناوترێت سەرۆک، ئەگەر خەڵکی بەدواوە نەبێت، یان ژێردەستەی نەبێت‌و ئـەوەش بە بڕیاری خەڵکەکانی خوارەوەیە کە ئەمیان گەیاندووەتە پایە بڵندەکانی دەسەڵات‌و بە سەرۆک ناوزەندی دەکەن.

**خۆ بە سەرۆک نواندن**

دەشـێـت کـە هـەنـدێـک فاکتەری ئۆبجەکتیف، بتوانن هاندەربن بۆ بوون بە سەرۆک، بەڵام ئەگەر کەسێتیی سەرۆک لە خەسڵەتیدا (سۆبجەکتیف) شارەزای بەڕیوەبەرێتی نەبێت، ئەوا ئاکامەکەی ژێرکەوتن‌وماڵوێرانی بەدوادادێت. کاتێک لە گەڕەکێک منداڵان فوتباڵ دەکەن، ئەو منداڵەی کە خاوەن تۆپەکەیە، خۆی وا نیشان دەدات کە ئەم سەرۆکی تیپەکەیەو فەرمان دەردەکات‌و بەهانە دەگرێت‌و ئەگەر تورەشی بکەن، تۆپەکە دەخاتە بندەستی‌و یاریگاکە بەجێدەهێڵێت، لەم نمونانە زۆرن لە دروستکردنی ژیانی سەرکردەدا، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی پانتافراوانەوە بەراوردی بکەین، ئەوا لە ئەزمونی ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەو جۆرە کۆش‌و نمونانە ڕەچاو دەکەین.

مەرج نییە ئەو منداڵەی تۆپی هەبێت‌و دەیـەوێـت ڕۆڵـی سەرۆکتیپ ببینێت، یاریزانێکی باشبێت، یا لەشولارێکی سپۆرتتیفی هـەبـێـت، یـان لەوانەیە کەسایەتییەکی بەهێزو گونجاوی نەبێت، گرینۆک‌و پەلپگیر بێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەو گەڕەکە تەنها ئەو چۆڵەوانییە هەیە کە کـراوە بە یاریگا، هەر ئەو تۆپەش هەیە کە ئەو منداڵە خاوەنییەتی، کەواتە ئـەوبـارودۆخـە منداڵەکانی دیکەی ناچارکردووە کە بەو ڕەوشە ڕازی بن، تەنیا بۆ ئەوەی یارییەکەیان بکەن.

ئەمە نموونەی هەندێک هەڵکەوتی مێژووییە کە بە یارمەتی چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، جیۆگرافی‌و ئابووریی، سەرۆکی ڕێکەوتی هێناوەتە ئاراوە.

ئەگەر منداڵەکان پێکەوە خۆیان ڕێکبخەن‌و پێکەوە حەزەکانیان لای باوکیان باس بکەن کە دەیاناوێت پارە کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی تۆپی پێبکڕن‌و هەوڵبدەن کە شوێنی باشتریان بۆ دابین بکەن بۆ یاریگا، ئەوا هەرخۆیان دەتوانن سەرۆک تیپێکی یاریزانی بەتوانا هەڵبژێرن کە هەم یاریزان بێت، هەم بەڕێوەبەرێکی باشی تیپەکە بێت‌و ئەم سەرۆکە هەڵبژێردراوەش، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکانیدا، دەتوانن لایببەن‌و یەکێکی دی بکەنەوە بە سەرۆک تیپ.

ئەمە هـەمـوو بنەماکانی تیمێکی دیموکراسی‌و سەرۆکێکی دیموکراسییە، دەشـێـت بـۆ کۆمەڵگەو دەوڵـەتـیـش پەیڕەوبکرێت‌و دەتوانرێت لەم نموونە سادەیەی سەرەوەدا، چەندەها کەسایەتی‌و ئاکاری جیاواز بهێنیتە پێشچاوی خۆت. لێرەدا مەبەستم گەڕانەوەی هزرو هۆشی خوێنەرە بۆ سەردەمی منداڵیی‌و ئێستایەتی، کە یەکەم: ئەو جۆرە کەسایەتییانەی بیر دەکەوێتەوە کە ڕۆڵی سەرکردەیان بینیوە، دووەم: هەڵوێستی خـۆی لە منداڵییەوە تا ئێستای دێتەوە بەرچاو، کە چۆن کەسایەتییەکی هەبووە، من دڵنیام لـەوەی کە خولقاندنی کەسایەتییەکی بەتوانا لەوەدایە کە مرۆڤ هەڵوێست، یان ڕەوشتە باش‌و بەدەکانی ڕابردووی خۆی بە پێوەرێکی عەقڵانی پەسەند بکات، نەک بە هەستیاریی، چونکە هەستی مرۆڤ ناتوانێت بیربکاتەوە، ئەو کاتەش مرۆڤ هێزە شاراوەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێت‌و بڕیاری هۆشیارانە لە پێگەی خۆی‌و ئەوی دی دەدات.

ئێمە کەسایەتییەکی بـە تواناو تاکێکی هۆشیارمان گەرەکە بۆ ئەوەی توانای ئازادیی هەڵبژاردنیان هەبێت، چ بۆ هەڵبژاردنی مەیدانی (بزووتنەوە) ململانێکانی ژیـان، چ بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی شیاو.

**ستایلی سەرۆکایەتیی:**

ســـــەرۆک، ئـــەو کـــەســـەیـــە کە فەرمان‌و کارەکانی دەسەپێنێت بەسەر ژێردەستەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن گرووپێکەوە. دوو ستایلی سەرۆکایەتیمان هەیە*: ١- فەرماندار (Task-oriented)

٢- پـــەیـــوەنـــدار(-Relationschip orientded)

**چـوار شێوە لە سەرۆکایەتیی هەیە:**- دیکتاتۆر (Authoritarian)

- هاوبەش (Participatory )
- دیموکراس (Democratic)
- بێسەروبەند (Laissez-faire)

لە بەشی دووەمدا، بە شێنەیی باسی ستایل‌و مۆدێلە جیاوازەکان دەکەین.

# سکرتێری رۆژنامەوانیی حکومەت، چی لە هەگبەکەیدایە؟



ڕێبوار محەمەد یوسف

(جیمس مادیسۆن) چوارەم سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٢٢دا، دەڵێت: «بۆئەوەی حکومەتێکی تەکنۆکرات‌و دیموکرات بێتەکایەوە، دەبێت حکومەتێکی جـەمـاوەریـی دروسـت بکەین، ئەو زانیارییانەش کە دەشاردرێتەوەو ناگەنە جەماوەر، ئەوە دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ گاڵتەکردن بە حکومەت‌و بوونی مەینەتییەکی سەرباریش بۆ خۆی‌و دەسەڵاتەکەی تۆمار دەکات».

بۆیە (ئەبراهام لینکۆڵن) کە شەشەم سەرۆکی ئەمریکایە لە بارەی بوونی زانیاریی بە جەماوەرو ڕۆژنامەنووسان، دەڵـێـت: «لێگەڕێن خەڵک با هەموو ڕاستییەکانی حکومەت بزانێت، تاکو ئەو کاتە وڵاتەکەمان ئارام‌و ئاسوودە دەبێت‌و دوور دەبێت لە هەموو کێشەیەک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە».

بۆ ئەوەی خەڵکی لەناو وڵاتەکەی خۆیدا دەسـەڵات جێبەجێ بکات‌و پەیڕەوی بکات، دەبێت هەمیشە بنەما زانست‌و زانیارییەکانی دەست بکەوێت، بۆیە ئەگەر بێت‌و ئـەو زانیارییانە نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوا حکومەتێکی ڕاستەقینە نـایـەتـەدی کـە خەڵکی چاوەڕوانی ژیانێکی ئاسوودەو کامەران بن، ئەوەتا (شیلا تیت) کە لە ساڵانی هەشتاکان سکرتێری ڕۆژنامەوانی (نانسی ڕێگەنی)، خانمی یەکەمی ئەمریکا بوو ئاماژە بەوە دەدات؛ کە پێویستە حکومەت لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە لە ڕێگەی زانیارییەوە کە تاکو چەند توانیویەتی کارنامەی حکومەتەکەی بخاتە بـواری جێبەجێکردنەوەو بێ سڵەمینەوە لە کەموکوڕییەکان بیخاتە بەردەست جەماوەرو ڕۆژنامەنووسان تاکو لـەو ڕێـگـەیـەوە بتوانن کـارە باشەکان هەڵسەنگێنن‌و ڕەخنەش لە ئـەدای حکومەتەکە بگرن‌و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، بۆیە بایەخی گشتیی ئەو زانیارییانەو خستنەڕووی چۆنیەتی کـارەکـان کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت‌و هەموو ئەو پلانانە دەگەنە جەماوەرو دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆرباشیش بۆ ئاراستەکردنی ئەو ئەرکانەی کە حکومەت لەسەر شانیەتی جێبەجێیان بکات..

بۆیە دەبینین زۆر لەو زانیارییانەی کە هەیە هەمووی لە لای حکومەتەو پێویستە وەک ئامرازێکی کاریگەریش بخرێتە بەردەستی جەماوەر، کە لە هەمانکاتدا بەپێی عورف‌و یاساش ئەوە مافی جەماوەرە، تاکو هەڵوێستێکی ڕوونیان لەسەر کارەکانی حکومەت دەست بکەوێت‌و بزانن تا چەند بەرنامەو چالاکییەکانی لە بـواری پرۆژەکان‌و چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتییان ڕاستگۆ بووەو ئەڵقەی زانیارییەکانی شەفافانە گەیاندووە.

لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژانە بۆ ئەوەی هەواڵ‌و زانیاریی بگاتە دەست ڕۆژنامەوان‌و جەماوەر چەندەها ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی بە ئامانجی خزمەتکردن دەردەچێت، تێیدا هەموو ئەو چالاکییانەو ئەو پرۆژانە بڵاو دەکاتەوە، کە حکومەت لە مــاوەی کارنامەی کابینەکەی خۆیدا ئەنجامی داوە، هەروەها ڕۆژنامەنووسەکان دەنگوباسەکانی کۆشکی سپیش دەگوزانەوەو پەیوەندیی بە نووسینگەکەشەوە دەکـەن تاکو ئاگاداری ڕووداوە جیهانییەکان بن‌و لە مەترسییەکانیش ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئـەوەی ببنە ئەڵقەی پەیوەندیی دەســـەڵات‌و جـەمــاوەر، هـەروەهــا گوێبیستی هەموو ئەو ڕووداوانەش بن کە لە شەقام ڕوودەدات تاکو بگەێنرێتە حکومەت‌و ڕێگەو شوێنی پێویستی بۆ دابین بکات‌و چارەسەریان بکات، دیارە بوونی نووسینگەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەنێوان حکومەت‌و ڕۆژنامەواناندا کارێکی تەندروستە وەک (تیت) دەڵێت: «پرۆسەی ڕۆژنامەوانی حکومیی، ئەو کەناڵە ڕۆژانەیە، کە ڕۆژنامەوانی لە ڕێگەیەوە زانیاریی لە بارەی کارەکانی حکومەتەوە دەست دەکەوێت، لە وڵاتێکی دیموکراسیدا کە ئامانج خزمەتکردنی کۆی کۆمەڵگەیە هەرگیز نەبووە کاری ڕۆژنامەو حکومەت هاوبەشی یەکتری بن لە خستنە ڕووی ڕاستییەکان، بەڵکو هەمیشە پێچەوانە دەگوزەرێت‌و سروشتی کارو ئەرکەکانیان جیاوازیی دەگرێتە خۆی‌و ناکۆکییەکی سروشتی لەنێوانیاندا هەیە.

ڕۆژنامەوان هەوڵدەدات هەمیشە بەدوای هەڵەکاندا بگەڕێت تاکو گوشار دروست بکات بۆ دەسکەوتنی زانیاریی‌و ڕای گشتیی کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە. زۆرجار بووە بەرپرسەکانی ڕۆژنامەوانی حکومەت وا چاوەڕوان دەکەن، کە هەموو ڕۆژنامەنووسەکان هــاوڕێ‌و هاوسەنگەریان بن تاکو ڕاپۆرتی خراپ‌و ئەدای حکومەت نەخەنە چوارچێوەی ڕەخنەوە، بەڵام پیشەی ڕۆژنامەوانی زۆر لەوە پیرۆزترە، کە پیشەکەی ڕێگە بدات کە بە مەرامی ئەوان هەڵپەڕێ.

پیشەی ڕۆژنامەنووسی کارێکی پیرۆزەو ئەرک‌و ماندووبوونی زۆری دەوێــت، پیشەیەکە هەوڵی گەیاندنی زانیارییەکان دەدات تاکو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بیگەیەنێتە جەماوەرو سڵیش لە هیچ کارو کاردانەوەیەک ناکاتەوە، کە لە بواری پیشەکەیدا دێتە ڕێگەی، ئەگەر تووشی گێرەو کێشەش بێتەوە، چونکە پرسی گەیاندنی زانیارییەکان بە وەرگر، پرسێکی گرنگ‌و کاریگەرەو ڕۆژنامەوان مافی پیشەیی‌و یاسایی خـۆیـەتـی بـیـزانـێ، بـۆیـە دەکـرێـت سکرتێری ڕۆژنامەوانی هەر حکومەتێک کارنامەی ڕۆژانەو هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە دێنە ڕێگەی‌و ئەو پلانانەشی کە لە دژی دەگێڕدرێت بە بێ جیاوازیی بیخاتە بەردەستی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تاکو ئەوانیش کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکەنەوە، نەک کاتێک تووشی ڕووبـەڕووبـوونـەوەیـەکـی لەناکاو دەبێتەوە بە پەلە ڕۆژنامەنووسان بهێنێتە بەردەمی کامێراو قەیرانەکە باس بکات.

کێشەی گەورە لە کوردستان سەرەڕای ئەوەی یاسا نوێیەکەی ڕۆژنامەوانیش مافی بەدەستهێنانی زانیاریی داوە بە ڕۆژنامەنووسان، بەڵام تائێستاش لە کوردستان بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە گرفتە، بەسەرێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان هەندێکجار زانیاریی هەڵە بڵاو بکەنەوە، چونکە ڕاستییەکەی زانیاریی دروستیان دەستناکەوێت، یا پێیان نادرێت، هەر بۆیەش ئەوە دەبێتە سەرچاوەی کێشە، دەبێت دەسەڵات لە ڕێگەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی هەموو زانیارییەک بداتە ڕۆژنامەنووس.

*** سوودم لە کتێبی (نووسینگەی ڕۆژنامەوانیێکی بەرپرس) وەرگرتووە**



# لە پەرلەمانەوە

کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# با یاسای ڕێکخراوەکان بە دەردی یاسای خۆپیشاندان نەبەین!!!

دوای ئەزموونی چەندین ساڵی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دۆخی کوردستاندا، سەرەڕای بوونی یاسای جیاجیا بۆ ڕێکخستنی کاری ئەم ڕێکخراوانە، لەوانە: یاسای ژمـارە (١٥ و ١٨)، ئەمەش پەرشوبڵاوی لە مەرجەعیەتی یاسایی بۆ کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کردووە، بۆیە یەکێک لە پرۆژەکانی ئەم ڕێکخراوانە پێشکەشکردنی پرۆژەیاسایەک بوو بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دوای هەوڵێکی زۆری ڕێکخراوەکان‌و پەرلەمانتاران چەند کۆنفرانسێک بۆ تاوتوێی پرۆژەکەو دەوڵەمەندکردنی بەسترا، کە بتوانێت کاری ڕێکخراوەکان بە شێوەیەک ڕێکبخات لەگەڵ دۆخی سەردەم‌و سروشتی کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان بگونجێت، ڕێ بگیرێ لە هەژموونی حیزبیی کە بەسەر بەشێک لە ڕێکخراوەکاندا زاڵە، دەتوانم بڵێم؛ بەشێکیان هەر ژمارەن‌و تەنانەت هەندێکیان سەرچاوەی گەندەڵین‌و کاریگەریی نێگەتیڤیان هەیە لەسەر کارە مرۆیی‌و مەدەنییەکانیان.

بەرەنجامی گفتوگۆو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان، خستنە ڕووی پرۆژەیەک بوو کە هەنگاوی باشی ناوە لە چەند خاڵێک دا بە تایبەت لە پرسی تەنیا تۆمارکردن‌و پێدانی کۆمەک لەسەر بنەمای کاری پرۆژەیی، هەروەها دروستکردنی تۆڕی ڕێکخراوەکان، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گەوهەرییە شێوازی پەیوەندیی ئەو ڕێکخراوانەیە لەگەڵ حکومەتدا بە دروستکردنی فەرمانگەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران کە سەر لەبەری پرۆژەکە دەخاتە بەر کۆت‌و بەندێک کە سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانەو هەموو هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی تر لە پرۆژەکە بەتاڵ دەکاتەوە. ئەهەمیەتی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر لەوە گەورەترە فەرمانگەیەک بڕیار لە نەخشەی کاریان بدات، بە تایبەت لە ڕووی داراییەوە.

جێگیرکردنی ئـەم فەرمانگەیە ڕاستییەک دەردەخـات سەرجەم هەوڵ‌و یاداشت‌و پێشنیاری ڕێکخراوەکان لە دروستکردنی کۆمسیۆنێک، وەک میکانیزمێکی تایبەت کە سەرپەرشتی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات بە هەند وەرنەگیرا، دەرکرنی یاسایەک ئەگەر گوێ لە خواستی خاوەنی ڕاستەقینەی ڕانەگیرێت، دەرکردنی ئەم یاسایە چ بەرهەمێکی دەبێت، ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت کە بوونی کۆمسیۆنێک بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری ڕێکخراوەکان پێویستی بە یاسایەکی تایبەت هەیە، پایەو پێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرتەقایی کۆمەڵێک بابەتی گرنگە کە یاسای تایبەتی بۆ دەرچوێنراوە.

بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان شوێن پەنجەیان لە کارە مەدەنییەکانی هەرێم دیار بێت‌و ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکەماندا، ئەمە بە لابردنی سەرجەم کۆت‌و بەندە یاسایی‌و کارگێڕیی‌و داراییەکان دەبێت، کە بەرۆکی ڕێکخراوەکانی گرتووە، ئەگەر قسە لەسەر دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینەیە پێویستە فەراهەمی سەربەخۆیی ڕێکخراوەکان بکەین. ئەوکات دەتوانن ڕۆڵـی خۆیان ببنن لە پێشخستنی مافی مرۆڤ‌و ئازادییەکان بەشدارییان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست‌و شارستانیی، بەوپێیەی ڕێکخراوەکان لەنێوان تاکو دەوڵەتدا ئەو پردە دەبن بەشداریی دەکەن لە نەخشەی دەوڵەت‌و چاودێریکردن بە ئاراستەی هاوبەشیکردن لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز کە ڕۆڵی حکومەت لە مۆنۆپۆڵکردنی ئاستە جیاوازەکانی ژیان کەم دەکاتەوە، ئەمەش تەنیا بە یاسایەکی مۆدرێنی سەردەمیانە دەبێ‌و پەسەندکردنی ئەم یاسایەش بەو ئاراستەیەی ئێستا پەرلەمانتاران دەخاتە بـەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورە لە بەرامبەر ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤ، کە هیچی کەمتر نییە لە یاسای خۆپیشاندان، سەرەڕای پێچەوانەبوونی بە مافە دەستووریی‌و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، تێپەڕێنرا کە پەرلەمانتاران ڕووبەڕووی ناڕەزایی‌و هەڵوێستێکی توندی شەقام‌و ڕای گشتیی بوونەوە.

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای وشە

**سەرنووسەر:** ئازاد چالاک

**بەڕێوەبەری نووسین**
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

**لێپرسراوی هونەری**
شـــاخـەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

**کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری**
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە
**ئۆفیسی هەولێر:**
گەڕەکی زانکۆ - چوارڕێیانی حەمرین - تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# سەرۆکی هەرێم لەبەردەم تاقیکردنەوەدا


جەلال دیموکرات

بەپێی ئەو گوزارشتو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە رێگەی هۆکانی راگەیاندنی حیزبەکەیەوە بینراوە، بیستراوە، خوێندراوەوە، کە هەردەم لێرەو لەوێ لە بۆنەکاندا دووبارەی دەکاتەوە، ئەوەش ئەمەیە کە دەڵێت: من بە دەنگی خەڵک، واتە بە دەنگی جەماوەر هەڵبژێردراوم، کە ئەو رێژەیەش (٧٠٪)ی جەماوەرە، باشە ئەگەر ئەمە وایەو وابێو سەرۆکی هەرێم شەرعییەتی لە دەنگی راستەوخۆی جەماوەرەوە وەرگرتبێ، کە زۆرینەیە، کەواتە لە بەرامبەر ئەو دەنگانەشدا سەرۆکی هەرێم دەبێت پارێزەری مافو ئازادییەکانی ئەو جەماوەرە بێت، کە لە (٧٠٪)یەو لە هەمان کاتیشدا مادام بووە بە سەرۆکی هەرێم، کەواتە ئۆتۆماتیکییەن دەبێت بە سەرۆکی (٣٠٪)یەکەی تریش کە دەنگی پێنەداوە، جا لەوەها حاڵەتێکدا، پێویستە سەرۆکی هەرێمیش رێز لەو دەنگانە بگرێو حسابیان بۆ بکات، ئەویش بەوەی کە هەرشتێک لە بەرژەوەندیی ئەوان نەبوو، ئەمیش دەنگی پێ نەداو رەتیکاتەوەو دەنگی لەپاڵ دەنگی خەڵکەکەی خۆیدا بێت، هەر بۆیە زۆر پێویستەو زۆر لەجێی خۆیدایە، هەروەک چۆن پێش (٣)ساڵ ئەو پرۆژەیاسا رۆژنامەوانییەی ئیمزا نەکردو گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ هەموارکردنەوەو پێداچوونەوەی، کە بەمەش شەرەفێکی گەورەی بۆ خۆی تۆمارکردو لە هەمان کاتیشدا، بووە جێی رەزامەندییو دەستخۆشیو ستایشکردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو نووسەرانو کەسانی تری نێو کۆمەڵگەکەماندا...

ئەمەش لە مێژووی ئەودا، بەیەکێک لە کارە گرنگو باشەکانی هەژمار دەکرێت، بەڵام ئێستا هەمان شتو هەمان رووداو خۆی دووبارە دەکاتەوەو ئەمجارەش دەبێت سەرۆکی هەرێم لە ئاست بەرپرسیارێتیو پلەوپایەی خۆیدا بێتو لەم نێوەندەدا بێتەپاڵ خەڵکو بەرگریی لە مافی خەڵک بکات، کە بەپێی ئەو یاسای رێکخستنی خۆپیشاندانە، کە لە پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ تێپەڕێندراوە، دەبێت ئەمجارەش سەرۆک بە مانای وشە سەرۆک بێت، بێتە سەر خەتو (نا)بکات بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، کە بەپێی ئەو یاسایە بێت، ئەوا زۆر پاشەکشە دەکرێت لە ئامانجو ناوەرۆکی راپەرینی گەلەکەمان، کە بووە هۆی گەیاندنی ئێوە بەم رۆژەو بەم پلەوپایەیە، کە پلەی سەرۆکی هەرێمە، هەر بۆیە ئەمجارەش لەبەردەم تاقیکردنەوەی دووەمدایت کە دەرەجەکەی لەلایەن جەماوەری دەنگپێدەری تۆوە دەبەخشرێت بەتۆ، بە دەرچوونت لەم تاقیکردنەوەیە، یان بە دەرنەچوونت لێی، هیوادارم کە ئەمجارەش لەم تاقیکردنەوەیەدا دەربچی، بۆ ئەوەی ئێمەش بە حەق بە سەرۆکی خۆمانتان بزانینو بۆ ئەوەی متمانەی ئێمە وەربگریتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئایندەت، کە خولی دووەمی سەرۆکی هەرێمە لە ساڵی (٢٠١٣) دا، بەڵێ: دواجار سەرۆکی هەرێم، لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدایت.

# فراکسیۆنەکەمان لە بەغدا یەکەم تیری بە چەپە وەشاند!!


شالاو محمود

هەموو ئەوانەی کە لە رابردوودا وەک هەڵسوراوێک کاریان بۆ گۆڕان کردووە، یان دەنگیان بە گۆڕان داوە، بە لەبەرچاوگرتنی کارو پرۆژەکانی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستانو هەوڵەکانیان بۆ رێگرتن لەو شتانەی بە پێچەوانەی یاساو خواستو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانن، هەر لە دەنگنەدانیان بە کابینەکەی دکتۆر بەرهەمو رێگەگرتن لە تێپەڕاندنی بودجەی خەیالیی ساڵی رابردوو هاتنە دەرەوەیان لە هۆڵی پەرلەمانو هەوڵەکانیان بۆ دەرکردنی یاسایەکی باشتر بۆ کاری رۆژنامەنووسییو ئازادیی رادەربڕینو خۆپیشاندانو دەیان شتی تر لەو کارانەن کە سەرەڕای هەندێک کەموکووڕیی، پێیانوایە گۆڕان راستگۆ بووە لەگەڵ ئەو پەیامەی داویەتی بە گوێی خەڵکداو شانازییان بە گۆڕانو فراکسیۆنەکەیەوە کردووەو رۆژ بە رۆژ هیوای هاتنەدی خەونو ئاواتەکانیان لە دەروونیاندا زیاتر گەشەی کردووە، هەر هەڵوێستێکی ئەوانو تەنازولنەکردنیان لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، بووەتە هۆی بەهێزکردنی بڕوای ئەمان بە گۆڕانو بەهێزبوونی پێگەی ئەم بزووتنەوەیە لەناو جەماوەردا.

کاتێک فراکسیۆنی گۆڕان چووە ناو پەرلەمانی عێراق، هەمان چاوەڕوانییان لێ دەکردو بە هیوا بوون کارێک بکەن کە نەک پێچەوانەی ئەوە نەبێت کە پێشتر ئەوترا، بەڵکو تەواوکەری ئەو کارانە بێت کە لە کوردستان ئیمکانی بەجێگەیاندنیان نەبووە، بەڵام بەداخەوە لە یەکەم کۆبوونەوەدا لەژێر پاساوی زۆر لاوازی وەک بەرژەوەندیی نەتەوەییو ترسی ئەوەی لەلایەن کەسانێکی عاتیفیەوە ئاخۆ چیان پێ بوترابا، دەنگیان دایەوە بەو سەرۆک کۆمارەی کە هەموومان باش دەزانین پۆستەکەی لە رابردوودا هیچ سوودو خزمەتی بە کورد نەگەیاندووە، بگرە لەپێناو بەناو تەباییدا زەرەریشی بۆ کورد هەبووە، ئەوەی پێیوایە من راست ناکەم، سوپاسی دەکەم، ئەگەر بە نموونە باسی دوو دەستکەوتی نەتەوەیی کوردم بۆ بکات، بەهۆی سەرۆک کۆمارەوە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا دەستمان کەوتبێ بێ ئەوەی بڵێین، هیچ نەبێت سەرۆک کۆمار کوردە.

هەموومان دەزانین

• لە کەرکوکو لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، کورد زیاتر لە ٥٠٪ی دەنگەکانی هێنا، کەچی بەڕێزیان لەژێر ناوی دابەشکردنی دەسەڵات لە کەرکوک دەسەڵاتی کوردانی بۆ ٣٢٪کەم کردەوە.

• تا ئێستا لە کەرکوک ئاسایشی حیزبەکەی ئەو لە ئاسایشی حیزبی سەرۆکی هەرێم جیایە.

• تا ئێستاو لە ماوەی چوار ساڵی رابردووی دەسەڵاتی ئەودا یەک بستی خاکی تەعریبکراو نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمو بە پێچەوانەوە خەریکە جەلەولاو دوس بە تەواوی لە کورد چۆڵ دەکرێنو کار وا بڕوات چەمچەماڵو کەلار ئەبن بە سنووری هەرێم.

• لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا، وەزارەتەکانی بەغدا خەڵکی عەرەبیان لە کەرکوک دامەزراندووەو لە زۆر شوێنی تەعریبکراوی تر هێزەکانی سوپای عێراق هێزی پێشمەرگەیان دەرپەڕاندوە، بێئەوەی بەرێزیان متەقی لێبێت.

• لەم چەند ساڵەی رابردوودا، دەیان جار لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە ناوچە سنوورییەکان بۆردومان کراونو رەزوباخ سوتاوەو هەندێک جار بۆتە هۆی شەهیدبوونی هاوڵاتیانیش، سەرۆک کۆمار کە کورد بوو چەند جار بەیاننامەی نارەزایی دەربکرد؟ یان خوانەخواستە داوای لە باڵیۆزی ئەو وڵاتە کرد عێراق بەجێ بهێڵێت.

لە هەشت ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئەپرسین: چەند رۆژێک پێش ئەوە لە بەیاننامەیەکدا رایان گەیاندو وتیان لەبەر ئەوەی لایەنی بەرامبەر بە پێی بەرژەوەندییە حیزبیەکان مامەلە دەکات، وا ئێمە لەو فراکسیۆنە هاتینە دەرەوە کە بەڕاستی ئەو بڕیارەیان دلخۆشکەربوو ئومێدی ئەوەی زیندوو کردەوە کە تواناکانی گۆڕان لەو ئیتلافەدا خەفە ناکرێت وە گلەییان لە یەکگرتوو کۆمەڵ کرد کە نەهاتنە دەرەوە چۆن وا بە ئاسانییو لە چاوتروکانێکدا رایان گۆڕیو دەنگیان دایەوە بە سەرۆک کۆمارێک کە گومان دەکرێت چوار ساڵی تریش هیچ سوودی هەبێت بۆمان، ئایا بیریان چوو کە ئەوان تەنیا نوێنەری خۆیان نین؟ بەڵکو دەنگی نیو ملیۆن کەسن کە هەموو ئەمانە لە نارەزاییان لە دەسەڵاتی حیزبەکەی سەرۆک کۆمارو هاوپەیمانەکەی دەنگیان بە ئەوان وەک کاندیدی گۆڕان داوە، ئایا بیریان چوو کە گۆڕانکاری کردن ئازایەتی ئەوێت، ئەوەی بیەوێت گۆڕان بکات نابێت لەوە بترسێت چی پێدەوترێت؟ بە پێەوانەوە دەبێت ئەو خەڵک وشیار بکاتەوەو تێیان بگەیەنێت ئەم کارەی بۆچی کردووەو دەیکات؟ باشە نەدەکرا هۆلی کۆبونەوەکان جینەهێڵن، بەڵام دەنگ بە سەرۆک کۆمار نەدەنەوەو بە ئاشکراو ئازایانەش رایبگەیەنن دەنگیان پێنەداوە؟

ئەمە لەپێناو چی؟ ئەگەر ئەمەش ئەخەنە ئەستۆی نانبڕاوەکان، ئەوا گۆڕان تەنها بزوتنەوەی نانبڕاوەکان نییە، من خۆم کە یەکێکم لەوان، هیچ کات رازی نیم بەرژەوەندی میللەتێک بکرێتە قوربانی چەند دینارێک مووچەی ئێمە.

دواجار، سەرۆکێک مافی ڤیتۆی هەبوو تەنها یەکجار سوودی لێ بینرا ئێستا کە ئەو مافەی نەماوە، دەبێت دەنگدانەوە پێی چ سوودێکی هەبێت؟ بۆیە لەو بڕوایەدام بەو هەڵوستە ناشەفافانەیەی پەرلەمانتارانی گۆڕان لەوەی زیانێکی گەورەیان لە گۆڕاندا کە نەیارەکانی نەیان دەتوانی بە چەند ساڵێک ئەو زیانەی پێ بگەیەنن.

# تاڵەبانیو چوار ساڵی نوێی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق


پشکۆ حەمە فرج

بەڕێز تاڵەبانی زیاتر لە نیو سەدەیە یەکێکە لە گەمەکارە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستانو وێستگەکانی ژیانی سیاسیی، ئەو بۆ ئەم نەتەوەیە دروستکەرو بەرهەمهێنەری سەدان رووداوی گەورەو بچووک، باشو خراپە! کاری ئێمەمانان نییە لەو مێژووە بدوێین، ئەوە بۆ مێژوونووسەکان بەجێدەهێڵین، چوار ساڵی رابردوو لە بەرهەمی رەنجو خەباتی چەند ساڵەو نەپساوەی رۆڵەکانی گەلی کوردو بەخشینی خوێنی سەدان هەزار کورد لە پێناوی رزگارییو ئازادیی ئەم میللەتەداو بە سووتماککردنی خاکی ئەم نەتەوەیەو وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوندو دەیان شارو شارۆچکەی ئەو خاکەی ناوی کوردستانە، بەڕێز تاڵەبانی بووە یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی عێراقی دوای سەدام، رۆژی (١١/١١) تاڵەبانی بۆ جاری دووەم بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە، سەرەڕای چوونە دەرەوەی لیستی عێراقییە وەک هەوڵێک بۆ پەکخستنی پرۆسەی سیاسییو دەستخستنی داواکاریی زیاتر بۆ لیستەکەیانو تەواو نەکردنی دانیشتنەکەی پەرلەمان لە لایەکو پەکخستنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمو جێگرتنەوەی دەستپێشخەریی پاشای سعودیە، بەڵام یەکدەنگیی لایەنی کوردیو بە تایبەت هەستەوەرییو تێڕوانینی واقیعییانەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی بەغدا بۆ پرسە نەتەوەییەکانو بە هەندگرتنی پاراستنی ماڵی کوردی، سەرەڕای بوونی چەندین تێبینییو هەڵەو کەموکورتی، لە ئەداو هەڵسوکەوتو وتاری سیاسییە دەسترۆیشتووەکانی کورد لە رابردوو ئێستادا، فراکسیۆنی گۆڕان لە هۆڵی پەرلەمان مانەوەو بەڵێنیان دا بۆ دەستپێکردنی قۆناغی نوێی حوکمرانی لە چوار ساڵی ئایندەداو شەرعیەتیان بە سەرۆک کۆماربوونی تاڵەبانی دا، ئەم هەڵوێستەی گۆڕان بۆ زۆربەی خەڵک جێگەی مشتومڕو پرسیار بوو، چەندین رەخنە ئاراستەی گۆڕان کرا لە پای دەنگدانیان بە تاڵەبانی، بەشێ زۆری رەخنەکان راستی حاشاهەڵنەگریان تێدایەو ئەوە دێنن چ گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسییو سەرۆکی هەرێم وەک خاوەنی دەستپێشخەریی پێکهێنانی حکومەتو تاڵەبانیش وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی چوار ساڵی ئایندە، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەنو نەخشە رێگەیەکی نوێ بۆ سیاسەتو ئیدارەدانو ململانێی سیاسیی دابنێن، بۆ ئەوەی چیدی ئەم دووردەنگیو لێکترازانانە نەکەونە نێو ماڵی کوردییەوە، تاکە هۆی ئەم بەش بەشکردنەی وتارو شەقامی کورد، خراپی ئیدارەو نەبوونی پلانێکی نیشتمانیی دوورمەودایە لای کاربەدەستانی کورد لە چەند ساڵی رابردوودا، دەنگدانی گۆڕان بە بەڕێز تاڵەبانی هیچی کەمتر نەبوو لە نۆشینی پەرداخە ژەهرەکەی (ئایەتوڵڵا خومەینی) لە کاتی ئیمزاکردنی وەستاندنی شەڕی نێوان عێراقو ئێران، ئاخر کەسایەتییەک چوار ساڵی سەرۆکایەتی کۆماری رابردووی تەنیا وەک سەرۆکی حیزبێکو لەناو حیزبەکەشیدا بۆ چەند کەسێک بوبێتو لە دوو هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئەوەی لە دەستی هاتبێت دریغی نەکردبێت بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی بزووتنەوەیەکی خۆڕسکی نیشتمانیی، کە دامەزرێنەرەکانی هاوڕێی چل ساڵی خەباتی نیشتمانیی ئەو بەڕێزە بن بۆ رزگاری ئەم خاکی نیشتمانو میللەتی کوردە، ئەگەر بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەو وەلاوەنانی لاپەڕە رەشەکانی رابردوو نەبێت، چ هێزێک جورئەتی وا بەخۆی دەدات دەنگ بە کەسێک بدات لە رابردووی نزیک نزیکدا ئەم بزووتنەوەیەی تەخوین کردبێت، نانی دەنگدەرانی بڕیبێتو هەڵسوراوەکانی تەنگپێهەڵچنیبێتو دەرماڵەی سەرۆکایەتیی کۆمارەکەی بۆکڕینی دەنگ بەکاربردبێتو هەزاران دەمانچەی وەک دیارییو بەناوی (الرئیس الجمهورية العراق)وە کردبێتە دیاریی بۆهیچ نا، تەنیا بۆ کڕینی دەنگو ویژدانی ئەوانەی داوای گۆڕینی باری ناڵەبارو شپرزەیی ژیانیان دەکرد لەم هەرێمەدا! چوار ساڵی رابردووی سەرۆکایەتی کورد لە عێراقدا بەبێ دەستکەوتی نیشتمانیو نەتەوەیی بەڕێکراو پرسە نەتەوەییەکانمان بەهەڵواسراوییو چارەسەرنەکراویی مانەوەو بگرە کێشەکانی کورد لە عێراقی دوای سەدامدا زیاتربوون لە کێشەی سەردەمەکانی پێشوو، (کەرکوک، زمان، سنوور) کێشە لەمێژینەکانی کورد سەرلەنوێ خرانەوە سەرمێزی گفتوگۆی نێوان کوردو عەرەبی عێراقو خرانەوە نێو رەفەی ژووری ئەو سیاسییە عێراقییانەی، ئەوەی باوەڕیان پێی نەبێت چارەسەرکردنی یەکجاریی کێشەی کوردە، لە سایەی ئەم عەقڵییەتی ئیدارەدانی ململانێ لاوازەی کاربەدەستانی کورددا، رۆژ بە رۆژ گرێکوێرەی کێشەکانی کورد کوێرتر دەبنەوەو لە ئاسۆی نزیکدا رێگایەک بەدی ناکرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی کورد، سەرەڕای کێشە لەمێژینەکانمان لە سایەی بێ پلانیو بێ بەرنامەییو بێ ئاگایی نوێنەرەکانی کورد لە بەغداو کاربەدەستانی هەرێم لە هەولێر، رۆژ بە رۆژ تۆپەڵی کێشەکانی کورد گەورەتر دەبێتو ئەوگرێیانەی بەدەستی خۆمان رۆژانێک کردنەوەیان ئاسان بوو، ئێستا بەبێ ددانی دەرودراوسێ کردنەوەیان ئاسان نییە! کێشەکانی یاسای نەوتو غاز، مووچەی پێشمەرگە، نوێنەرایەتی هەرێم لە دەرەوە، ئەو کێشانە بوون ئەم دەستە فەرمانڕەواییەی کورد لە هەولێرو بەغدا دروستکەری بوونو لەو خاڵەدا بە بنبەستیان گەیاند، هەر لەوێدا ئەو کێشانەیان بە چەقیوییو وەک میراتییەک بۆ نوێنەرانی نوێ بەجێهێشت، کە بەدڵنیاییەوە لەم خولەدا کورد هێزی پێشوو و سەنگی سیاسیی جارانی نەماوە، چ وەک ژمارەو چ وەک پلەو پۆستی سیادییو ئیداریی!

هەڵسەنگاندنی ئاستی تواناو لێهاتوویی نوێنەرانی کورد لە چوار ساڵی رابردوودا، لە ئاست کێشەکانی خەڵکی کوردو خاکی کوردستاندا دەمانخاتە بەردەم ئەو راستییەی ئەو بەڕێزانە لە ئاست بەرپرسیارێتی مێژوویی سەرشانیاندا نەبوونو لە ماوەی دەسەڵاتدارییو نوێنەرایەتی ئەواندا لە بەغدا نەیانتوانی دۆسیەی تەنیا کێشەیەک بە یەکجاری دابخەنو وەک شانازییەک بیخەنە سەر خەرمانی ئەو کارانەی ئەو بەڕێزانە بۆ ئەم میللەتەیان کردووە! ئەم چوار ساڵەی داهاتوو بۆ نەتەوەی کورد لە عێراقدا سەنگی مەحەکەو ئەوانەی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن لە هەولێرو بەغدا، لە لوتکەی دەسەڵاتنو ئەوانەش کە سەوڵ لێدەری کەشتیی کوردین دەبێت زۆر زیرەکانەو سیاسییانە مامەڵە بکەن، تاکتیکو ستراتیژی داهاتووی کورد لە عێراقدا دیراسە بکەنو بە عەقڵی رابردوو سیاسەتو ململانێ نەکەن، لەم عێراقی سەرزەمینی ململانێی بێ کۆتاییەدا. بەڕێز تاڵەبانی لە سەرۆکایەتی چوار ساڵی داهاتووی کۆماری عیراقدا دەبێت لاپەڕەی رابردووی بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنو تێڕوانینی بۆ کوردو کێشەکانی لە عێراقدا هەڵبداتەوەو بە دیدو دنیا بینییەکی نوێوە بۆ کوردو کێشەکانی بڕوانێتو لە گۆشەنیگای تەسکی حیزبیو شەخسییەوە، لە رووداوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق نەڕوانێتو لە ناوخۆی کوردستانیشدا تەنیا وەک سکرتێری پارتێک هەڵسوکەوت نەکات، لەبەر ئەوەی ئەوە دەنگی هەموو دەنگدەرانی کوردو پشکی نەتەوەییە ئەو بەڕێزەی کردووەتە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەگەرنا هێزی دیکە زۆرن لە پارتەکەی بەڕێزتان زیاتر خاوەنی کورسی پەرلەمانن.

لە چوار ساڵی رابردوودا تەنیا وەک سەرۆک کۆماری یەکێتیی هەڵسوکەوتت کرد لە کوردستاندا، بەڵام بۆ چوار ساڵی ئایندە دەبێت ئەو راستییە نادیدە نەگریت، کە بەڕێزتان سەرۆک کۆماری هەموو هێزو لایەنە کوردییەکانو بەدەنگو بەڵێی ئەوان تۆ بوویتەوە بە سەرۆکی عێراق! کات لەبەردەم نوێنەرانی کورددا ماوە تا وەک نوێنەرو داکۆکیکاری سەرسەختی مافە نەتەوەییەکانمان هەڵسوکەوت بکەنو ئاهێک بە بەر ئەوانەماندا بێننەوە، کە سەردەمانێکە بە خەمساردییەکانتان بەرامبەر ئەم گەلە بێئومێدتان کردوین. لاپەڕەکانی رۆمانی ژیانی بەڕێز تاڵەبانی، وەک سەرەنجامی هەموو مرۆڤێک پێناچێت زۆری مابێت، هیوادارین ئەو لاپەڕانە نووسراوەکانی نێویان هەوڵەکانی ئەو بەڕێزە بن لەم چوار ساڵەی دوا وێستگەی سەرۆکایەتیدا بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی، تەبایی، یەکسانییو دادپەروەریی لەپێشدا لە کوردستان، ئنجا لە گشت عێراق.

ڕیکلام

## زیادکردنی ئاشکرا

زیـادکـردنـێـکـی ئاشکرا بـۆ فرۆشتن و سەرپەرشتیکردنی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی) و (کوردسیتی یەک)


کۆمپانیای نالیا زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ فرۆشتنی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی یەک) و (کوردسیتی یەک) ڕادەگەیەنێت لەگەڵ بەکارخستنیان بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هەردوو پرۆژەکە بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیا.

بۆ زانیاری زیاتر:
- ژمارەی مۆلیدەکانی (گوندی ئەڵمانی یەک) پێنج مۆلیدەن، سیانیان یەک مێگایە و دوو مۆلیدەیان ٥٠٠ کەیڤییە، سەرجەمیان مارکەی (کەمێنز)ی ئەمریکین.
- مۆلیدەکانی (کوردسیتی یەک) ژمارەیان چوار مۆلیدەیە، هەر چواریان ٥٥٠ کەیڤیین و مارکەی (ئەکسا)ن، گرەنتی یەک ساڵیان لەگەڵدایە و لە مانگی هەشتی ئەمساڵەوە بەگەرخراون.
- تەندەر پڕکردنەوە هەردوو بەشی کڕینی مۆلیدەکان و نرخی ئەمپێری تێدایە.

تێبینی:
- دواکاتی وەرگرتنی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٧) کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆیە.
- دواکاتی هێنانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٩) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆیە.
- کاتی کردنەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٩) کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆیە.

ناونیشان: کۆمپانیای نالیا ـ ناو گوندی ئەڵمانی
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ ـ ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠

# بۆچی پاشەکشەمان کرد؟



سیروان ڕەشید

وەرگرتنی پۆستی باڵا، بەتەنیا سەرکەوتن نییە، بەڵکو سەرکەوتنی سیاسیی ڕاستەقینە لەوەدایە؛ ئەو پۆستانە بۆ کاریگەریی دروستکردن بەکاربهێنرێت بە شێوەیەکی پۆزەتیف لەخزمەتی بەدەستهێنانی ماف و دۆزەنەتەوەییەکانماندا بێت.

هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم (پارتیو یەکێتی) ڕووبەڕووی (شۆکێکی سیاسیی) قورس بوونەتەوە، کە ئەویش خۆی لە بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی تازەی عێراقدا دەبینێتەوەو نازانن چۆن ئەو هەڵە گەورەیەی لە ڕابردوو کردوویانە پینەی بکەن!.

نزیکەی هەفتەیەکە نوری مالیکی ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، کە وەک ڕاگەیەنراوە پێدانی پۆستی وەزاریی لەسەر بنەمانی سیستمی خاڵ دەبێو بۆ هەر خاڵێک (٢,٢٤) کورسی پەرلەمان دیاریکراوە.

ژمارەی خاڵەکانی لیستە کوردییەکانیش بەمشێوەیە یە:

لیستی هاوپەیمانیی، کە خاوەنی (٤٣) کورسییە، (١٩,٢) خاڵی هەیە.

لیستی گۆڕان، کە خاوەنی (٨) کورسییە، (٣,٥) خاڵی هەیە.

لیستی یەکگرتوو، کە خاوەنی (٤) کورسییە، (١,٧) خاڵی هەیە.

لیستی کۆمەڵ، کە خاوەنی (٢) کورسییە ٩٠., واتە کەمتر لە خاڵێکی هەیە.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٢٠١٠/١١/٢٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی دابەشکردنی پۆستەکان، لایەنەکانی نێو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی کۆکردەوە. میدیاکان لە هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیەدا باسیان لەوە کرد؛ کە بارزانی وتوویەتی: «سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێناوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن، سەنگی کورد لە عێراقدا لاواز بووە»، بەڵام با بزانین سەنگو پێگەی کورد لەکوێدا بەرزبووەتەوە؟

*** لە ڕووی دەسەڵاتی تەشریعی:** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەزگای یاسادانانە لە عێراقدا. ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پەرلەمان بە یەکێک لە عەرەبە شۆڤێنییەکانی دژ بە خواستەکانی کورد لە قەڵەم دەدرێتو دوو ساڵ بەر لە ئێستا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی داوای لێسەندنەوەی متمانەی لە کاری پەرلەمانتاریی لێکرد. هەروەها قوسەی سوهەیل جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، کە لە ڕەوتی سەدرە، بە هەمانشێوە ناوبراو لە دەورەی پێشوو لە (٢٢)ی تەمموزی (٢٠٠٨)، لەگەڵ کۆمەڵێک پەرلەمانتاری دیکەی سوننە و تورکمان یەکیانگرتەوەو هەمواری یاسای هەڵبژاردنیان لە زیانی کوردو پێدانی باری تایبەت بۆ کەرکوک تێپەڕاند. دانانی ئەو کەسایەتییانە لەو پۆستە هەستیارانەداو دەنگپێدانی نوێنەرانی کورد پێیان، بەبێ ئەوەی هیچ ڤیتۆو تەحەفوزێکیان لەسەریان هەبێت، جێگەی سەرسوڕمانو پرسیارە!

*** لە ڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە:** پێگەی کورد لەم بوارەشدا بە بەراورد بە دەورەی ڕابردوو، ڕوو لە پاشەکشەیە، ئەگەرچی پۆستی سەرۆک کۆمار لە ڕووی شکڵییەوە بۆ کورد گرنگ بووە، بەڵام تەنیا پۆستێکی ڕەمزییەو سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی تەنفیزیی نییە، تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (گوڵان)دا، وتی: «ئەمجارە، دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی یاساکانی پەرلەمانم نامێنێت».

لەناو کابینەی حکومەتیشدا، لە خولی پێشوودا کورد پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانو حەوت وەزارەتی بەدەستەوە بوو، بەڵام لە ئێستادا کە لیستی هاوپەیمانیی خاوەنی (٤٣) کورسی پەرلەمانییو (١٩,٢) خاڵە؛ پۆستی سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆکی پەرلەمانی بردووە بە (١٥) خاڵو (٤,٥) ماوەتەو ئەوپەڕی دەتوانێت پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران ببات بە (٥) خاڵ، کە پارتی بۆ د.ڕۆژ نوری شاوەیسی دیاریکردووە.

بەپێی ئەم هاوکێشەیە یەکێتیو پارتی هیچ پۆستێکی دیکەی وەزارەتی سیادییو وەزارەتی دیکەیان بەرناکەوێت.

ئاماژەکانی پێکهێنانی حکومەت پێماندەڵێت: هاوکێشەکە گەرهەروابمێنێت لە بەرژەوەندیی دواڕۆژی کورددا نابێت.

***چۆنو کێ لێی بەرپرسە؟**

لیستە براوەکانی شیعەو سوننە، بە پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی، کوردیان ڕووگیر کرد، تا دەستبەرداری مەرجو کارنامە (١٩) خاڵییەکەی بێت، کە لە خاڵی کۆتایی ئەو کارنامەیەشدا، باسی ئەوە کراوە، «ئەگەر کورد لە حکومەت کشایەوە، کابینەکە بە هەڵوەشاوە حساب بکرێت». بەڵام نوێنەرانی کورد نەیانتوانی لایەنی کەمی ئەم مەرجانەش بە مۆرکراویی لە ڕێککەوتنەکە بچەسپێنن.

هۆیەکی سەرەکیی بۆ دابەزینی سەنگی کورد لە عێراقدا، دەنگدانو ڕازیبوونی لیستی هاوپەیمانیی بوو لە خولی پێشووی پەرلەماندا، بە هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٩/١٢/٦ دا، کە بەو هۆیەوە لە کۆی (٥٠) کورسی زیادکراو بۆ پەرلەمانی عێراق تەنیا شەشیان بۆ پارێزگاکانی هەرێم بوونو ڕێژەی کورد لە (٢١٪) وە ئێستا بۆ (١٧٪) دابەزیوە، کە دیارە لە خولی پێشوودا بۆ هەر یاسایەک کە پێویستی بەوە بوایە (٣/٢)ی دەنگەکان بەدەست بێنێت، کورد دەیتوانی دەورێکی کاریگەری هەبێتو لەو یاسایانەشی کە پێویستی بە دەنگی (٥٠+١) بێت لەوەشدا نوێنەرانی کورد دەیانتوانی ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام بەو سازشەی لیستی هاوپەیمانیی کە ئەو کات وەک نەبەردیی لە میدیاکانیانەوە باسیانکرد پێگەی کوردیان لاوازکردو نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەڵەیەکی مێژوویيان تۆمار کرد.

ڕیکلام




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩